

# ئێستێتیکا دژ بە ئێستێتیکا

قەرەنی جەمیل

کۆمەڵەوتار، شێوەکاری

کتێبی ژنەفتن

٢٤

# ئێستێتیکا

# دژ بە

# ئێستێتیکا

قەرەنی جەمیل

کۆمەڵەوتار، شێوەکاری

# ئێستێتیکا

# دژ بە

# ئێستێتیکا

ئاقەرەنی جەمیل

کۆمەڵەوتار، شێوەکاری

وەشانی ژنەفتن
jineftin.krd
ناونیشان: ئێستێتیکا دژ بە ئێستێتیکا
نووسینی: قەرەنی جەمیل
بابەت: کۆمەڵەوتار، شێوەکاری
دیزاینی: گەیلان عەبدوڵا
مێژووی بڵاوکردنەوە: هەولێر، ئابی ٢٠٢٥
چاپی یەکەم: ئەلیکترۆنی
چاپی یەکەم: کاغەزی، ٢٠١٥
١٦٨ لاپەڕە
Email: jineftin@jneftin.krd
مافی لەچاپدانەوەی ئەلیکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.
بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێ پێدراوە.

# پێرست

دابڕان........................................................................................................٨

هونەر ڕەنگدانەوەی واقیعی دەروونە.....................................................٢٣

ژیانی ڕەنگ.............................................................................................٣٩

کاری هونەری پرۆژەی بە دیمەنکردنی فیکرەیە.................................٥١

ڕەخنەی هونەری لە کوێوە دەست پێ دەکات؟..................................٥٩

بیناسازی سەرشێتانە و بێ بەرپرسیاریی مێژوویی..............................٦٩

ئازادی هونەری..........................................................................................٧٦

هونەری شێوەکاری، تراژێدی و کۆمیدی.............................................٨٦

دیسان ڕەخنەی هونەری.....................................................................٩٤

هونەر لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و ئینسانییەوە....................................١٠١

کاریگەری پێشکەوتنی ئابووری لەسەر هونەر.....................................١٢٠

ونبوونی لوغزی هونەرمەند.....................................................................١٢٩

تەرازووی شێواو.......................................................................................١٣٤

ئێستێتیکا دژ بە ئێستێتیکا...................................................................١٥٥

ئەم چەند بابەتەی کە لەم نامیلکەیەدا بڵاوم کردوونەتەوە هەڵبژاردەیەکە لەو نووســـینانەی کە ســـاڵانێکە، ناوە ناوە وەک دەربڕینێکی تیۆری دەمنووسـین، دواتریش زۆربەیان لە گۆڤاری شـــێوەکاری بڵاوم کردنەوە، تەنیا دوو بابەت نەبێ (تەرازووی شێواو و ئێستێتیکا دژ بە ئێستێتیکا)، کە بە تێڕوانینێکی ڕەخنەیی باس لە هونەری شـــێوەکاری و ئێستێتیکا دەکەم. هیوادارم بەکەڵک بێن.

هەولێر ٢٠١٥

## دابڕان

هەر میللەتێک لە سەر ڕووی ئەم زەمینە کەم یا زۆر خاوەنی مێژوویەکی تایبەتی هەست و هۆشی جوانی و ناشیرینی هونەری خۆیەتی. میللەتی کوردستانیش لەم بوارە بێ بەش نەبووە، بەڵام بێ بەش نەبوونی نەگەیشتۆتە پلەی گەیین و گەشەسەندوو، تاوەکوو ببێتە بنچینەیەکی ڕاستەقینە بۆ بەدیارخستنی هونەرێکی شێوەکاری خاوەن پێناسە و مێژووی ناسراو و بیۆگرافیای هونەرمەندانی، ئەم بوارەش بۆتە هۆی هەبوونی بۆشاییەکی زۆر گەورە کە لایەنی تیۆریی ئێستێتیکاشی گرتۆتەوە، هەروەها بۆتە هۆی هەبوونی زنجیرەیەکی درێژی بۆشاییی لە ڕووی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن و جۆرەکانی ڕۆشنبیری و شێوازەکانی هونەری شێوەکاری.

ئەگەر سەرنجێکی بارودۆخی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردستانی بدەین دەبینین هەموو گیروگرفتەکانی کۆنن، هی سەدان سالی ڕابردوون، بەلام گەلێک زیاتر و قەبەتر بالی بەسەردا کێشاوە و خنکاندوویەتی و بۆتە کۆسپی گەورە لە بەردەم پرۆسێسی پێشکەوتن و گەشەسەندنی هونەر و ڕۆشنبیری و جێگیرنەبوونی باری سایکۆلۆژی کۆمەڵگای کوردی.

سروشتی کۆمەڵگای کوردی خێڵەکییە، هەموو بەهاکانیشی لەسەر ئەم زەمینەیە دروست کراوە. ئەوەش لەڕووی کۆمەلایەتییەوە بۆتە هۆی دروستنەبوونی هیچ چینێکی پڕ و تەواو، بەلکوو بەپێچەوانەوە، زیاتر بەرەو تێکەلاویەکی هەڕەمەکی چووە، کە زۆرجار خاوەن مولک وەک بۆرژوازی دێتە بەرچاو و کرێکاری هەژاریش وەک بەرپرسێکی ڕۆشنبیر، ئینجا لێرەدا پاتریارکی "باوکسالاری" خۆپەرست و دژوار بەهێز دەبێ و وەک فیل بەسەر نەوە نوێیەکان دەکەوێ، یاخود هەموویان لەپێناوی مەرامە کۆنەکانیان دادەنێن.

بەم شـێوەیە عەشـیرەتگەری هەموو جۆرە تایەفە و چینە تێکچووەکـان بەرژەوەنـدیی خۆیـان نەبەســتۆتەوە و نـابەســتنەوە بە بەرژەوەنـدیی خـاک و وڵات، بەڵکوو بەپێچەوانەوە دەبینین ئەمڕۆ زیاتر لە جاران، توندبوونی سنووری پاتریارکی کۆمەڵگا و خۆلادان لە شارستانیەت و مەدەنیەت تاڕادەی وەستان دژ بە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشـــنبیری و گـاڵتەجـاڕیکردن بە هەموو جۆرە پرۆسـێسـێکی پێشـکەوتن تا دێت نەوە دوای نەوە زیاتر دەبێ.

زەمینەی پرۆسێسی گۆڕان و گەشەپێدانی شارستانی و ڕۆشـــنبیری لە مێشـــکی ئەو مرۆڤە جددییانەدا هەیە کە بەهرەداری و بەرپرســیاری خۆیان وەک پرۆژەیەکی بێ پایان بەرانبەر بە ژیان پێشـان دەدەن، واتە ژیانی کۆمەڵگا وەک پرۆژەیەکی درێژخـایەن وەردەگیرێـت و دەبێتە بنچینەیەکی فەلســەفی- کۆمەڵایەتی کە خوو و ڕەوشـتی میللەتی لەســەر بنیاد دەنرێت، تایبەتمەندیی خۆی لەڕووی کولتوور و هونەر و ڕۆشـــنبیری وەک پێناســـەیەکی نیشتمانی هاوچەرخ پێشان دەدا.

لە کۆنەوە دەیانگوت کورد یان شوانە یان شاعیر. ئەمەش ڕاستییەکەی مانای بێ فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و بێ زانست و بێ شارستانی ڕۆشنبیریی ڕاستەقینە دەگەیەنێ. لە هیچ قۆناغێکی "کلاسیکی" مێژووی ئەم نەتەوەیە، هونەرمەندێکی شێوەکار، یان کۆمپۆزیتۆرێکی مۆسیقی، یا ئەندازیارێکی تایبەمەندیی خانووبەرە و ڕێگاوبانی نەبووە، لەم قۆناغە نوێیەش ئەم بۆشاییییە گەورەیە پڕ نەکراوەتەوە، بەڵام ئەگەر بێتو ئازایانە، بەشێوەیەکی قووڵ لێی بکۆڵینەوە دەبینین بێ بەهرەیی و تەمبەڵی کۆنە فەقێکانی شار و لادێکانی، دەغەری نێو حوجرە و تەئەمولاتی بەتاڵ، پەڕانۆیای ترسیان کردۆتە بنچینەی ڕۆشنبیری بۆ کۆمەڵگای کورد و بەرەبەرە بۆتە ڕێبازێکی بێ بەرپرسیاریی کۆمەڵایەتی و خۆپەرستانەی دینداری ترسنۆک و عەبدایەتی بچووک و دژایەتی هەموو جۆرە قووڵبوونەوەیەکی زانستی و بەهرە ڕاستەقینەکانی ئینسانی کۆسمۆپۆلیت.

ئەمڕۆ لەبەرچاوی خۆمان دەبینین کەوا گەشەی زانست و تەکنۆلۆژیا و تەشەنەکردنی عەولەمەی جیهانی لە

بوارەکانی "ئابووری، زانســـت، ڕۆشـــنبیری... هتد"، تەوقی زۆر کۆمەڵگـایـان داوە، هەروەهـا کورد، بێ ئەوەی ئەو میللەتانە لە داواکانی کاتی بەســـەرچووی مردوو ســـڵ بکەنەوە، بۆیە دەبینین سەدان ساڵە ئەم گیایە هەر لەسەر بنجی خۆی ڕواوەتەوە، هەرگیز نەبوو بە درەختێکی قەد ئەســـتوور، خـاوەن لق و گەڵای بڵاو، لەم کـاتە لەجیـاتی بەسەریدا بڕۆن لەژێر سێبەریدا پاڵ بکەون و بحەسێنەوە.

ئەدی لەنێو ئەم مێژووە وشکە و ئەو ناوەندە چەقبەستووە، ئەم هونەری شێوەکارییە لە کوێوە هاتووە؟.!

جیهانی هونەری جیهانێکی گشـتییە، لەگەڵ بوونی هەسـت و هۆشـــی مرۆڤەوە هاتووە، ئەویش پەرەی ســـەندووە و قۆنـاغ بە قۆنـاغ بووژاوەتەوە و گەشـــەی کردووە. ئەم گەشـــەیەش لە وڵاتـانی ڕۆژئـاوا ڕوویـدا کە بەدرێژاییی مێژوو، جێگیربوون و ســـەقـامگیریی ســـایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییان هەبووە، ســـەرباری هەموو گیروگرفتەکانی ئینسانی و سروشتی لە قۆناغەکانیان نەپچڕاون، بێ گومان ئەو بنچینە ســـەرەکییـانەی کە دەبنە پێوەری هەموو هونەرەکـان چەمکێکی یەکگرتووی کۆمەڵایەتی وەردەگرن،

واتە لە هەر شــــوێنێـک و زەمــانێـک هونەر کــارێکی داهـێنەرانەی مرۆڤی ئۆنتۆلۆژی بەهرەدارە، زمــانێکی هەســـــت و هۆشـــــی نــاوەوەی ئــادەمیزادە و بەدوای نهێنییەکانی ڕۆح و ڕواڵەتدا دەگەڕێ و دەری دەخاتە سەر ڕواڵەت، لە ڕاســـــتییەکان دەکۆڵێتەوە، لەهەمان کاتیشــــدا بەشداری نوێکردنەوەی شارستانی دەکات.

گۆڕانکاری و نوێکردنەوەی شێوەکاری لە وڵاتانی ڕۆژئاوا درێژایی مێژوویــان گرتەبەر بۆ دابینکردنی قۆنــاغەکــانی داهاتوو بێ ئەوەی بگەڕێنەوە دواوە، چونکە کۆمەڵگاکانیان نەوەســـــتــاون، نەکەوتوونەتە نێو کۆســــــپ و تەگەرەی تەشـــەنەکراو و هەڵخەڵەتاوی دەســــتەوئەژنۆ بەســــتەی کۆنەپەرستی ڕابردووی مردوو.

لێرەدا ئەو قۆنـاغـانەی کە کۆمەڵگا لە بواری ئـابووری و ســــیاســــی، زانیاری، ئەندازیاری، تەکنۆلۆژی، مەدەنیەتی مرۆڤ دەیبڕێ و پێش دەکەوێ، دەبێتە هۆی گۆڕانکـاریی گەورە لە مێشـک و هۆشـی مرۆڤ و ئەندێشـەی دەگۆڕێ، هیوا و ئـاواتەکـانی شـــێوەی نوێ وەردەگرن، بەم جۆرە

ڕۆشــــنبیری ڕابردوو دەکوشــــرێتە نێو هی ئێســــتا و هی ئێستاش دەکوشرێتە نێو هی داهاتوو.

پێشــــــکەوتنی ئەورووپـا لە بواری زانســـــــت و زانیـاری، پیشەسازی و تەکنۆلۆژی لە سەدەی بیستەمدا گۆڕانکاریی زۆر و گرنگی بەســـەر ژیانی مەدەنیەت و داواکانی مرۆڤدا هێنا، شــێوەی هەموو کەرســتەکانی بەردەســتی ڕۆژانەی مرۆڤ گۆڕا، پەلەکاری یان خێرایی بوو بە ڕەوشـــــت و نوێخوازیش بوو بە مافێکی ڕەوا.

کرانەوەی دەرگا داخراوەکانی عەقڵ و هۆشــی مرۆڤ بوو بەهۆی دۆزینەوەی چەندان جۆر توانـا و بەهرەی نوێ و ئازادیی دەربڕین، تەکنیک و شێوازی هەمەجۆر و جیاجیای هێنـایە کـایەوە و فیکر و تیۆریـاکـان زیـاد بوون و کەوتنە ناو گۆڕەپانی مونافەســەی فەلســـەفی- کۆمەڵایەتیی وڵات لەگەڵ وڵات لە بواری هونەری شــــێوەکـاری، زنجیرەی پێشــکەوتن و گەشــەپێدانی هونەری خۆیان قۆناغ بە قۆناغ بەدیارخست. لێرەدا هونەرمەندانی کوردیش هۆشیاری ئەم پێشکەوتنەی زانست و تەکنۆلۆژیانەن و نوێخوازی هونەر و ڕۆشـــنبیرین، زۆربەی زۆریـان ڕێبـازە نوێیەکـانی

ئەورووپایان گرتۆتەبەر و تەکنیکی هاوکات و هاوچەرخی ڕۆژئاوایی بەکار دێنن و لەسەر ڕێچکەی ئەزموونەکانی ئەوێوە دەڕۆن، هەروەها هۆشیاری ئەوەن کە نوێخوازی لە زنجیرەیەکی ڕێکوپێکی مێژووی پێشکەوتن و گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە دێ کە ئەویش پاڵپشتی بوارێکی مێژوویی سیاسی هەیە کە نابێتە هۆی تێکدان و پچڕانی ئەم زنجیرەیە، بەڵکوو ئازادی و نوێخوازی و هارمۆنی کۆمەڵگا و شتەکان ڕەچاو دەکا، ئینجا ئەم ئاگاییيەی هونەرمەندی کورد بۆ ئەم هەموو پێداویستییانەی قۆناغ لەگەڵ نائاگایيی ناوەوەی کە پێشەکی مرۆڤی کوردە و لە ناوەندو کەشوهەوایەکی پاتریارکی چەمەنتۆدار و نەخۆشەوە هاتووە، کە خاوەنی زنجیرەیەکی ڕێکوپێکی هونەر نییە، یەک ناگرنەوە، بەڵکوو لەیەک دەدەن و دەبن بە دوو لەت، لەتێکی جیهانی و کۆسمۆپۆلیت و نوێخوازی هونەر، لەتەکەی دیکە هونەرمەندێکی کوردە کە بیۆگرافیای لەسەر خاکی کوردستاندا دەست پێ دەکات و مێژووی کۆمەڵگای هەزاران جار پچڕاوە و هیچ جارێکیش گرێ نەدراوەتەوە.

هونەرمەندانی کورد لە دوو واقیعی زۆر دژ بەیەک دەژین و زەمەنیـان لێ بۆتە دوو پـارچەی زۆر دوور لە یەکتر، ئێســـتای ڕووخان و نغرۆبوونی کۆمەڵگای کوردی، ون بوونی هەموو بەهاکانی ئینســـانی، خۆشــــاردنەوە لە نێو ئـایین و کۆتـایی ژیـان، کەچی واقیعەکەی تر ئەوپەڕی پێشـکەوتن و گەشـەپێدانی ژیان و لایەنە ئێسـتێتیکییەکان دەخاتە بەرچاو.

لەنـاو ئەم بارە تەپیو و ڕووخـاوەدا، هونەرمەندانی کورد کەوتوونەتە نێو دوو ڕەوشـــی جیاواز و پڕ لە گومـان و بـاوەڕنەبوون بەخۆ، کە بۆتە هۆی ونبوونی کەســـێتیی هونەری و نەبوونی پێناسـەی خۆی و فیکری ڕەسـەنایەتی هـونەرەکەیـان. فـیکـری هـونەری و تـیۆری تەنـیـا لە ئەزموونەکانی ژیانی هونەری تاکەکەسـییەوە نایێ، بەڵکوو لە زنجیرەیەکی ســـەقامگیری هەموو قۆناغەکانی مێژووی هۆشـی هونەریی کۆمەڵایەتییەوە دێ. هونەرێکی مەزنی پڕ لە فیکر و پەیام هەروەکو **کاندینسـکی** دەڵێ لە سـێ خاڵی گرنگەوە دێ کە دەبێتە هۆی پێناســـەیەکی ڕاســـتەقینە و ئازادیی ڕۆحی هونەرمەندی شێوەکار، ئەمانەش بریتین لە:

١ -هەر هونەرمەندێک، وەک داهێنەر شـــتێکی تایبەت بە زاتی خۆی هەیە بۆ دەربڕین (بابەتی شەخسی).

٢ -هەر هونەرمەندێک، وەک کوڕی قۆناغی خۆی شـتێکی تـایبەت بە قۆنـاغ دەردەبڕێ (بـابەتی ڕێبـاز و ڕێڕەوی بەهاکانی ناواخنی، کە لە زمان و شـێوەی دەربڕینی قۆناغ و دەربڕینی باری کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی پێکدێ).

٣ -هەر هونەرمەندێک، وەک خزمەتکاری هونەری ئەوەی تایبەتە بە هونەر بە گشـــتی دەردەبڕێ (بابەتێک کە تەواو پـاک و هونەرییە، هەمیشـــە لەنێو هەر مرۆڤێـک، هەر میللەتێک، کات و بۆشـــایی نییە و لە هەر قۆناغێک وەک بـابەتێکی زگمـاک و ســــەرەکیی هونەر لە هەموو کـاتێک دەژیێ).

بەڵام هونەرمەندی کورد مێژووی یەکگرتنی (شوێن و کات و خود)ی نییە. هونەرمەندانی کورد هۆشـــیاری ئەوەن کە دەتوانن وەک ئەوانەی ڕۆژئاوا بەشـــداری دروســـتکردنی شـــارســـتانی و مەدەنی وڵاتی خۆیان بکەن، چونکە دەزانن تـــا چ ڕادەیەک هونەر کـــاریگەرە بۆ وڵات جوانکردن و پیرۆزکردنی کۆمەڵگا و هارمۆنیکردنی خوو و ڕەوشـــت و

دەوروبەری ئینسـان، هەروەها ڕۆشـناکردنی هەسـتەکانی جوانی و ئێسـتێتیکی- کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەوەی بەرەو ڕووی ئەوان دێ بارودۆخێکی کۆن و مردووە، واقیعێکی ڕووخاوە بە هیچ جۆرێک چارەسـەری بۆ نییە، بەڵکوو بۆتە کۆسپێکی هەرە گەورە بۆ ئەنجامدانی نیازە پاکەکانی داهاتوو. کە جوگرافیای وڵاتەکەی خۆیان دەبینن: شـار و لادێ وشـک، ڕەنگی خۆڵ زاڵە بەسـەر هەموو شـتەکان، سـروشـت مردوو، شـێوەی گوزەرانی و کاروبار لەنگ، ئەندازیاری سـەرشـێتانەی خانووبەرە، بە ڕوونی دەبینین ڕێگای پێشـکەوتن و گەشـەپێدانی مێژووی کۆمەڵایەتییان بەدرێژییەکەی پێ نەناسـاندوون، بەڵکوو لێیان کراوە بە بازنەیی و هەر چۆن بڕوا هەر دەگەڕێتەوە سەرەتا...

کە هونەرمەندانی کورد دەکەونە ناو گفتوگۆ و موجادەلاتی تیۆری و فەلسـەفی، ئەوانەی کە باسـی لێ دەکەن و ئەو بیروباوەڕانەی دەخەنەڕوو، هیچیان ناگەڕێنەوە سـەر ڕابردووی ڕۆشـنبیریی هونەری لە کوردسـتان، بەڵکوو بە گشـتی هی ڕۆژئاوایە و پشـتی پێ دەبەسـتن، چونکە ڕابردووی ئەم لایەنە هیچ بوونێکی نییە تاوەکوو بیکەن بە

ڕەگی ڕابردووی مەسـەلەکەی خۆیان، ئەگەر بگەڕێنەوەش ئەوا سـاتمە لە ئەحمەدی خانی و وەفایی و نالی و حاجی قادری کۆیی و... هتد، دەکەن کە ئەوانیش ڕەگی ئەدەبین. بەم جۆرە خۆیان بێ ڕەگ و لک و گەڵا وەک کاریتەیەکی ڕەق و ڕووتی چەقیو دەبیننەوە.

هونەرمەنـدی کورد بە گشـتی کە هەوڵی نوێخوازی لە شـێوازی خۆی دەدا، خەریکی مۆدێرنیزم و پۆسـت مۆدێرنیزم و ئەڤانگارد و پۆسـت ئەڤانگارد دەبێت، بەڵام کە پرسـیاری ئەوەی بۆ دەچێ، ئەمە بۆچی بەم شـێوەیە؟ هـیچ وەڵامێکی پوختـی لا نییە تـاکو کـارەکەی پێ سـەرکەوتوو بێ. لێرەوە تووشـی گیروگرفتی دووانەیی دێت و دەکەوێتە گومـان و هەموو تەگەرەکـانی مێژووی خۆی دێتەوە پێش. هونەر و تیۆریـاکـان و فەلسـەفەی ئێسـتێتیکی خاکێکی کۆمەڵایەتی بە پیتی دەوێ بۆ ئەوەی شتەکان بەشێوە ڕاستەقینەکەی خۆیان بەدیار بکەون.

**(کە تەماشـای دەوروبەری خۆمم کرد، بینینم زەمەن تاکە هاوکاتی من بوو).**

"نیتشە"

هونەرمەنـدانی کورد، زۆربەی زۆریـان لە خێزانە لات و کەوتووەکـان و چینی هەژار و برســـی و نەخوێنـدەوار دەرچووینە. لە ســـەرەتـای ژیـانی منـداڵییـانەوە لەنێو تراژێدیـای دەوروبەری دواکەوتوو و کۆنەپەرســـتـانەی ژەنگگرتوو هەڵسـتاون. لەگەڵ دڕی و چڕی گیروگرفتەکان ڕاهاتوون. لەگەڵ ئەوەشـــدا هەر خۆیان خۆیان پەروەردە کردووە و خۆیـان خـاوەنی ئۆتۆئـامۆژگـاری و بەهرەی زەگماک و خۆڕســکن. پاڵپشــت و پشــتگیری ئەوان هەر ئۆتۆهەڵخەڵەتاندنی سایکۆلۆژی بووە، واتە لە زۆر حاڵەتدا، ئەو هەژاری و لاتیەی کە ڕێگر بووە خســـتوویانەتە نێو چوارچێوەی بۆهیمیـایی هونەرمەنـدانە و خۆیـان لەڕێزی هونەرمەنـدە لاتەکـانی قۆنـاغی تەعبیری ئەوروپـا و زۆر بـاری نـاهەموارتری هونەرمەندە بەناوبـانگەکانی جیهـانی، دانـاوە. مردنیش لای ئەو جۆرە هونەرمەندانە هەر پیرۆز بووە، چونکە لە حاڵەتی ئۆتۆهەڵخەڵەتاندنی ســـایکۆلۆژی، هەر دەکەوێـتە نـێـو مـێـژووی هـونەر و ڕەهـایـی هـونەرمەنــدایەتـیـان، ئەوەش هـۆیەکـی زۆر گەورە و سـەرەکییە بۆ بەردەوامبوون و سـووربوون لەسـەر ڕێگای شەخسی و فەنتازیای ئازادیی هونەرمەندانەیان.

بەم جیۆلۆجیـــایەی کۆمەڵایەتی و بیۆگرافیـــای هونەری خۆیان بۆ ئەوروپا دەڕۆن لەوێ دەبینن چ شـارستانیەتێک هەیە و چی ڕوو دەدات و چ جۆرە هونەر و ڕۆشنبیرییەک بەســــەر ڕواڵەتەوەیە، دەبیـنـن چ جـۆرە بـزووتـنەوە و پێشـــکەوتنێک لە ئارادایە، چۆن بەشــێوەیەکی شـــاقووڵی لەژێری ژێرەوەی جیۆلۆجیـای خـاکی کۆمەڵگـا هونەر و شێوەکانی بەرز دەبنەوە و بایەخی ڕۆحی و ئێستێتیکی بۆ دادەندرێ، بەڵام هی هونەرمەندانی کوردیش کە لە جیهانی ســـێیەم و چوارەمەوە هاتوون چۆن شــــێوەی ئاســـۆیی وەرگرتووە و هێــدی هێــدی ون دەبێ و لە پەراوێزی کۆمەڵگای ئیســـتیهلاکیی ژیان و گوزەران بەســـەر دەبەن. کەواتە، ڕەچاوکردنی ئەم سێ خاڵەی پێشووی **کاندینسکی** زۆر گرنگن و لۆژیکانە بارودۆخی هونەری- کۆمەڵایەتیی وڵات ئاراستەی شـارسـتانییەت و مەدەنییەت دەکا. لێرەوە هونەرمەنــدانی کوردســــــتـان، هی نـــاوەوە و دەرەوە بەرپرسـیاری (شـوێن و کات و خود)ن، دەبێ بە وردییەوە واقیع شــی بکەنەوە و هەڵیســەنگێنن. لە هەمان کاتیشـدا بە هـاوچەرخی و هـاوکـاتی، بە ڕامـان و مەزەنـدەیەکی زاتی ڕاســــتگۆ و پڕ بەهرە بەرەو شـــێواز و تەکنیکە نوێیەکان

بڕۆن بۆ بەدەرخستنی بەرهەمەکان و ئاراستەکردنی بیروبۆچوونە تیۆرییەکانی یەکگرتوو لەگەڵ بیۆگرافیای زاتی و کۆمەڵایەتییان.

٢٠٠٣

# هونەر ڕەنگدانەوەی واقیعی دەروونە

## هەڵوێست

ئەوەی کە زۆر گرنگە لە گۆڕەپـانی فراوانـی هـونەر، بەرپرســـیـاریی هـونەرمەنـدانە بەرانبەر بە بەهـرە و بەرهەمەکانیان، هەروەها بەرانبەر بە جەماوەر و هەڵوێستە هاوبەشەکان و سیاسەتە هاوچەرخەکان.

ئاشـکرایە هەر لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم تا کۆتایی، سـیاسـەتی وڵاتانی ئەوروپی و هەڵوێسـتەکانی جەماوەر کـارێکی گەورەی کردە ســـەر هۆشـــی هونەرمەندان و ڕێبـازەکـانی نێوان هەردوو شــــەڕی جیهـانیی یەکەم و

دووەم، هەروەها نێوان شەڕی ساردی سەردەمی دوو جەمسەری ئایدیۆلۆژی، سۆشیالیزم و سەرمایەداری، بەشێوەیەکی زەق و دڕندانە ململانێ و پێشبڕکێی فیکری و تەکنیکی هاتنەڕوو.

لەنێو ئەم ناوەند و بارودۆخەدا ڕژێمەکانی وڵاتانی ئەوروپی کەوتنە سەر پێشکەوتن و پەرەسەندنی هێزی سەربازییان و گەشەپێدان و قەبەکردنی چەکەکانیان. لە هەمان کاتدا ئەم گێژاوە بووە هۆی بەرزبوونەوەی ڕۆحی ناسیۆنالیزمی توند و تووڕە و دژایەتی هاوسێیانی دەوروبەری یەکتری و دەرکەوتنی شێواز و زمانی پڕوپاگاندەیی دژ بە یەک. لێرەدا کۆمەڵگاکانی ئەوروپی کەوتنە نێو توانەوەی هەست و هۆشیان لەگەڵ سایکۆلۆژیای جەنگ و ڕۆحی بەرگریکردن، بەم جۆرە لە ناوەڕاستی کێشە و تەشەنەکردنی گیروگرفتەکان، مۆدێرنیزم و ئەڤانگارد لە گۆڕەپانی هونەر و ڕۆشنبیری سەری هەڵدا.

شێوازی تەعبیری لە ئەڵمانیا بەشێوەیەکی زۆر جیا لەهی فەرەنسی، بە فیکرێکی ناسیۆنالیستی- ئاری، خۆی خستە

سەر ڕووو و هەوڵی سەپاندنی خۆی دا. فوتوریزم لە ئیتاڵیا بەشێوەی خۆی، لەبواری شێوەکاری، ئەدەبی، بیناسازی هەوڵی داگیرکردنی هەموو ئەورووپای دا. لە سۆڤیەتیش ڕیالیزمی سۆشیالیست لە هونەر و ئەدەبدا بەزۆر خۆی چەسپاندبوو. ئەوکاتەش فەرەنسا هەموو وڵاتانی سەرووی ئەفریقیای، لەبوارەکانی ئابووری، ڕۆشنبیری و زمانەوانی مۆنۆپۆل کردبوو.

لە ئەڵمانیا هونەرمەند و ئەندازیار، نووسەرو شاعیر لە ساڵانی سییەکان پشتگیرییان لە هیتلەر کرد و بەرگرییان لێ دەکرد، لەوانە هونەرمەندە تەعبیرییەکانی وەک (**ئیمیل نۆڵد**، **بارلاخ**، **جۆرج کرۆس**، **ئیدڤار مونخ** (نەرویج) و ئەندازیاران، **میس ڤان دێ ڕۆوێ**، **کرووپوس**).

(**ئێرنێست بارلاخ** لە ١٨ی مانگی ٨ی ١٩٣٤ لەگەڵ "**ولیام فورتونگلەر**"و ئەندازیار "**میس ڤان دێ ڕۆوێ**" بەیاننامەیەکیان مۆرکرد بۆ کارگێڕیی داهێنانی گۆڕەپانی هونەر بۆ پاڵپشتی هەڵبژاردنی هیتلەر لە جێگای سەرۆکی ئەڵمانیا دوای مردنی هیدینبورگ..)

Jean clear

فوتوریستەکانی ئیتالی بە هەموو هێزی ئیتالیگەری ڕەسەن و مێژووی ڕێنێســـانســـەوە، دێن خۆیان دەخەنە ژێر باڵی مۆســـۆلینی بەنیازی نوێخوازی و مۆدێرنیزمکردنی هونەر و وڵات، ئەمەش لەنێو فیکرێکی وشـــکی هونەری و ئەندازەیەکی ڕەق وتەقی فاشیستی، دەکەن بە شارستانی ئەو وڵاتەی کە هونەری شـــێوەکاری و ئەندازیاری لێی لە دایک بووە... **مارینێتی، جاکۆمۆ بالە، ســێڤێرینی، بۆچۆنی**.. تاد، بە فیکری ناســیۆنالیســتی پڕ لە ئەنەرژیای هەڵپەدار، داهاتووی ئیتالیا و ئەوروپایان بەم شـێوە ڕەقە چەسپاند، کە ڕابردوویێکی شــاراوە هەبێت و لەزۆر کونجی مێژووی هونەر لاپەڕەی بەیەکەوە نووســـاو هەبێت، ئەوا زۆر لەم قوتابخانە هونەریانە، کە لەدایکبوونی ڕژێم و هۆشـــی ســـوپاگەری شـــەڕاوی، بۆتە زەمینە و هێدی هێدی خســـتراوەتە پاڵەدزێی هونەرە ڕاســـتەقینەکان. لەســـەرەتا هونەر و هونەرمەندان بەسترابوونەوە بەپێوانە ئاینییەکان، دوایی لە قۆناغی نوێ بە سیاسەتی تۆتالیتاری ڕژێمەکان، بەڵام ئەمڕۆ بە ئازادی بازاڕ و سەرمایەی پارە...

میللەت ئەمڕۆ ئەوە نییە کە هەموو زانســـــت و هونەر و پێشــکەوتن و گەشــەســەندنی تەکنۆلۆژی لەپێناوی ئەودا بێــت، بەڵکوو میللەت خۆی مەعمیلێکی گەورەی بــازاڕی ســەربەســت و لەســەر حیســابی ئەو، هەموو ســەرمایەکان گەشـــەدەســـەنن و پێش دەکەون، وڵاتانی دەوڵەمەند دان بەوە دادەنێن کە هەوڵدان بۆ ئازادکردنی بازاڕ پێشـکەوتنی میللەت ڕادەگرن.

ئەگەر ئـاوڕێـک لە مێژووی هونەر بـدەینەوە دەبینین لە هەموو قوناغەکانی، هونەر هەر جیهانگیری بووە، ئەوەش لە سەرتاسەری جیهان ئاشکرایە، هەموو میللەتان ئاگادارن کە هونەر مەســـەلەیەکی ڕۆحی گشـــتییە، بابەتی بینین و گوێگرتن و هەســـتەکـانی مرۆڤە و بێ بــازاڕە. بەڵام ســـەرمـایەدارە گەورەکـان بەدوای فراوانکردنی بـازاڕ دەگەڕێن، چونکە زیـادەی بەرهەمی کـارگەکـان گەلێ لە قەوارەی کڕیـارە ئەوروپییەکـان زیـاترە، بەم شـــێوەیە پێویسـت بەوە دەکات کە وڵاتانی دەوڵەمەند ئەمڕۆ باســی ئازادی و سەربەستی بازاڕی جیهانی بکەن و هەوڵی ئەوە

بدرێت کە باقی میللەتانی تر بکەونە نێو خوو و ڕەوشتی بەکارهێنان و سەرف کردن.

بێگومان باری ئابووری و گەشەسەندنی سەرمایەی فابریکە و کۆمپانیاکان، کارێکی ڕوون و ئاشکرای کردۆتە سەر بەبازاڕیکردنی هونەر. گالێرییە تایبەتییەکان کە لە جێگای دوکانی فرۆشتن بۆ بەرهەمی هونەری زیادبووینە و بەردەوامیش لە بزووتنەوەی کڕین و فرۆشتندان، پێوانەی بەرهەمی هونەری و هەڵسەنگاندن لە ڕوانگەی سەرمایە و پوول نەوەک بە پێوانەی ئێستێتیکا. هەروەها هەوڵی ئەوە دەدەن کە لەنێو بازاڕی ئابووری جێگای خۆیان بکەنەوە. لێرەدا مەسەلەی پڕۆپاگاندە دێتە پێشەوە، هونەرمەند دەبێ پڕۆپاگاندە بۆ خۆی سازبکات، گالێریا دەبێ گرنگی سەرەکی (لە هونەرمەندەکە زیاتر) بدات بە پڕۆپاگاندەی پێشانگاکەی بۆ ئەوەی جەماوەری کڕیار لەدەوری بەرهەمەکانی کۆ بکاتەوە، چونکە فرۆشتن مەبەستی هەرە سەرەکیی گالێریا و هونەرمەندەکانە.

پڕۆپاگاندەی گالێریاکان و هەڵسەنگێرەکانیان لە بایەخی ڕاستەقینەی ناواخنی بەرهەمی هونەری و بەهرەی

هونەرمەند کەم دەکەنەوە و مەسەلەی ئێستێتیکا و پیرۆزی و سوودبەخشی، ڕۆشنکاری بەرهەمی هونەری پووچ دەکەنەوە، گرنگی بەشێوازی جوان و دیکۆری بێ مەرام و بێ هەڵوێستی (ئێستای) هونەرمەند دەدەن. بارگرانی و زەحمەتی هونەر و فیکری فەلسەفی هونەرمەند و شۆڕشکاری شێواز، سووک و چرووک دەکەنەوە.

(گۆبلز) کە وەزیری پڕۆپاگاندەی هیتلەر بوو هەوڵ و پشتگیری بۆ بەرزکردنەوەی تەعبیرییەکانی ئەڵمانی وەکو قوتابخانەیەکی هونەری دەربڕاو لە هەوەس و زەوقی سیستەمێکی سیاسی تۆتالیتاری، بۆ بەسەردا زاڵبوونی ڕۆحی و سایکۆلۆژی بەسەر میللەت بوو، بەڵام ئەمڕۆ لە وڵاتانی دیموکراسی و کۆمەڵگا کراوەکان، سیستەمەکان ئازادی ڕەهایان بەهونەر داوە، هونەرمەندان کەوتوونەتە نێو باوەشی پڕۆپاگاندەی گالێریاکان لە پێناوی هەوەس و چەشەی بازاڕی پووچی جەماوەرە کڕیارەکان، هونەریان بۆ خۆیان تەرخان کردووە.

کەتەلۆگی گەورەی پڕ وێنە، بیۆگرافیای پڕ لە ژمارەی پێشانگا و پۆستەر و پۆستکارد، ڤیدیۆ و چاوپێکەوتنەکانی

تەلەڤزیۆنی، وتوویژە بەتاڵەکانی ڕەخنەگران و هونەرمەندان، خەڵات و مەدالیای فێستیڤاڵەکان... هەموو پڕۆپاگاندەن بۆ فرۆشتن و هیچی تر نا...

**ڤان کۆخ** کە مرد لە تابلۆکانی زیاتر خاوەنی هیچ شتێکی تر نەبوو، هەموو ژیانی لەنێو تراژێدیایەکی دوورودرێژ بردەسەر، تا شێتی و خۆکوشتن، کەچی ئەمڕۆ مرۆڤێک تابلۆیەکی ڤان کۆخی هەیە و دەیفرۆشێتە بازرگانێکی ژاپۆنی بە چەندان ملیۆن دۆلار، وەک بڵێی تابلۆکە و **ڤان کۆخ** بەیەکەوە دەستکردی ئەم مرۆڤە بن. بەم شێوەیە لەسەر حیسابی ژیانی تراژێدیایی هونەرمەندێک، سەرمایەداران خۆیان پێ قەڵەو دەکەن.

هونەر کارێکی ساکار و ئاسان نییە، هەڵڕشتنی ڕەنگ، نەقش و نیگارکێشانی جوان و سادەی دیکۆری و کەشخەییماڵەکان نییە، بەڵکو کارێکی زەحمەت و پڕ لەکێشە و گیروگرفتی فەلسەفی ژیانە و کاری بەرپرسیار و پڕ ئەنەرژیای مرۆڤی بەهرەداری هەڵبژاردەی کۆمەڵگایە، کە هەموو یاسا و پێوانەکانی دەزانێت و لە یاساکانی سروشت قووڵ بۆتەوە و بەڕێگای هێزی ڕۆحی و هۆشی

زانیـاری بنچینه ســــەرەکییەکـانی هونەر، مـافی تەواوی ئـاکـامی بیروبـاوەڕەکـانی و بەهرەکەی داوەتە دەســــت کەرامەتی ڕۆحی خۆی بۆ دەوروبەر، چونکه هەر وەکوو (**ئەنتۆنیۆ تـاپیێس**) دەڵێ: (زانیـاری چینی کۆن بۆ ئێمەی ســــەلماندووه کەوا له مرۆڤێکی بێ کەرامەت یا چرووک هەرگیز کارێکی گەورەی هونەری لەدەســــت نایێ، واته: نەبـوونـی کەرامەتـی هـونەری بەرانـبەر به نەبـوونـی حەقیقەته).

## هۆ و ئاکام

ئەدگاری کەســایەتی هەر مرۆڤێک له کێشــەی نێوان واقیع و هیوا و ئاواتەکانی پێکدێ که هەمیشــــه له هەڵچوون و نوێبوونەوەدایە. مرۆڤ ژیانی خۆی لەپێناوی گەیشــتن به ئـامـانج و واقیعـدارکردنی هیوا و ئـاواتەکـانی تەرخـان کردووه. لێرەدا، ئەوەی دەبێته کۆســــپ و تەگەره، ئەو واقیعەیە که بێ خواستی ئەو زاڵه و بەسەریدا سەپێنراوە، لەڕێگای هەوڵ و ئەنێرژیاکانی ڕۆحی و جەســــتەیی، بۆ گەیشــــتن به مەرامەکانی، چونکه واقیع بەدرێژاییی مێژوو دەربڕینێکی ڕاستەقینەی دەروونی مرۆڤ نەبووه.

سەرقاڵی گوزەرانی، بێ ئۆقرەیی، بێ ئاسایشی و ئاشتی، بێ هێمنی و خۆشەویستی، بێ جوانی ڕاستەقینە، بێ توانایی و بێ دەسەڵاتی بەرانبەر بە سروشت، بەیەکەوە هەموو ڕۆژ بەریتمێکی بەردەوام شاڵاو دێننە سەر باری سایکۆلۆژیی مرۆڤ، لەهەر سەردەمێک لە مێژووی کۆمەڵگا شێوەیەک لەم کێشەیە دەبێتە ڕوخساری سەردەم و بۆشاییی واقیعی کۆمەڵگا پڕ دەکاتەوە.

ئەو ڕووداوانەی کە لە قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤ دێنەڕوو، گێژاوی سەرقاڵی مرۆڤە بۆ گەڕان بەدوای ئاکامی ئەو هۆیەی کە لەسەرەتاوە وەک خاڵی بۆ دەرچوون لەلایەن خودی مرۆڤەوە دروست کراوە، مرۆڤ هۆ دروست دەکا بۆ ئەوەی ئاکامی نهێنییەکانی ئەو بۆشایییەی دەوروبەری بناسێ، ئەوەش واقیعێکی مێژووییە کە لەسەرەتای بوونی ئادەمیزادە و تاکوو ئەمڕۆ هۆی هاتنەڕووی چەندان جۆر ڕووداو و باری جۆراوجۆری واقیعییە کە لە دەروونی مرۆڤەوە هەڵدەقووڵێت بۆ گەیشتن بە ئاکامەکانی ئەو هۆیانەی کە مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان و تێنەگەیشتن دەکات و بۆ

فزولیەت و ســـــەرقاڵیی دەبا، بۆ بەرەو ئـاکام چوون و جێهێشـــتنی هۆ، وەک هۆی ســـەرەکی هەموو واقیعەکانی دەروونی.

گشت ڕووداوەکان دەکەونە نێو زەمەنی نێوان هۆ و ئاکام. ئەو زەمەنەی کە وەکوو واقیع بەدیـاردەکەویّ و ژیـانی مرۆڤی بە قەدەری هەموو ڕووداوەکان بەستۆتەوە و بۆتە چوارچێوەیەکی سنووری سەپاو بەسەر دەروون.

(کە لەنێو خەوندا حەقیقەت بەدیار دەکەوێت ئەو کەســـــە وائاگا دێ بۆ بەردەوامبوون لە خەوتن)Lacan

ڕاســــتەقینە لە دەروونی مرۆڤـدایە نەک لە واقیع، بۆیە ئینســــــان ڕادەکـا و ڕێگـایەکی تـر دەگرێتەبەر بۆ واقیعـدارکردنی ڕاســــتەقینەی خەونەکـانی دەروونی، بەشـێوەی سـیمبۆل و هونەر، کە ڕاسـتەوخۆ بەرەو هۆ و ئاکام دەچن و لێی دەکۆڵنەوە بۆ ئەوەی واقیعی ڕاســـتی لەنێو شــــێوازدا پیرۆزدار بکەن و هیوا و ئـاواتەکـانی دەروون لەژێر چڕ و پڕی قورســــــاییی زەمەنی واقیعی دەربهێنن.

مرۆڤ دوو کەش و ناوەندی هەیە: یەکیان سروشت بە ئەرز و ئاسمان، کە پڕە لە ئەندێشە و سەرسامی، زاخاوەکانی دەروونی مرۆڤن و پەروەردەی ڕۆحی ئەو دەکەن، ئەویدیکەیان هەیکەلی کۆمەڵگایە کە خاوەن سیستەمێکی دڕندەیە، زاڵە بەسەر باری دەروونی مرۆڤ. لێرەوە، پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ هەردوولا لێک دەدەن، میزانی دەروونی لەنگ دەبێ، شێوان و شپرزەییی سایکۆلۆژیی مرۆڤ دادەگرێ و دابەشی دوو لەتی دەکا، هەر لەتێ بۆ لایەک دەچێ و هەموو پێداویستییەکانی ڕۆحی تاڕادەی ونبوون دەشێوێت. لەوێوە گەڕان بەدوای هۆی بوونی ئادەمیزاد دەست پێ دەکا، جیهانی دەروونی مرۆڤی فەنتازیا خەلق دەکا، مەرام و میزاجی سایکۆلۆژیی سیمبۆلدار دەکا، داهێنانی بەهرە هونەرییەکانی بەدەردەخا بۆ یەکسانی کردنی دەروون لەگەڵ سروشتدا و دانانی بایەخی ڕۆحی ئێستێتیکی بۆ هیوا و ئاواتە ونبووەکانی.

(هەر مرۆڤێک بە جۆرێک، پارچەی شتێکی ترە، ئەمەش خۆشەویستییە: کە لە بەیەکگەیشتندا ئاواتەکە بەجێ دەگا،

ئەوە دەگەیەنێ کە شــــتێک هەیە پارچەی تەواوکەرمانە و دەمانگرێتەوە).Gadamer

واقیعێک هەیە کە پێکدی لە زنجیرەیەکی چڕی گیروگرفت کەوتۆتە نێوان هۆی ڕووداوێــک و ئــاکـامەکەی، بەپێی زەمەن تا دەڕوات ئاکامەکە لە هۆیەکەی دووردەکەوێتەوە تــاڕادەی ونکردنی، یــاخود تێکەڵاوی چڕی و ئــاپۆرەیی واقیع دەبێ و دەکەوێتە نێو ئاکامەکانی نەزانراو و لەلایەکی مردووی بێ بزاقی مێشــــکدا دەمێنێتەوە. بەم جۆرە چارەســــەرکردنی زۆر گیروگرفت دەبێتە هۆی خوڵقاندنی زۆر گیروگرفتی دیکە. لێرەدا هۆ و ئاکام دەبن بە لوغزی ژیان.

مەســـەلەی ئێســـتێتیکا لەنێو هونەردا، یەک گرتنەوەی دوو پارچەی لەیەک دابڕاون کە تەکامولی ڕاستەقینە بە بەرهەم دەبەخشێت (لەبواری شێوەکاری، مۆسیقا، شیعر)، دەبێتە شــێوازێکی سـیمبۆلدار کە هەڵگری تەواوکەری شــتەکەیە. ئەو بەرهەمە هونەرییانەی کە لە بەرپرسیاری و قورسایی مەســـەلەیەکی قووڵەوە هاتوون و خەلق کراون، هەمیشـــە پێوەری ئێســـتێتیکی لەدوو لایەنی گرنگەوە بەدیار دەخەن.

یەکەم لایەنی یەکگرتنی بابەت و ناوەرۆک کە ناوەوەی بەرهەمە، دووەم لایەنی شێواز و دارشتن کە دەرەوەی بەرهەمەکەیە بۆ بەرچاوبوونی ئەو واقیعەی کە بینەر دەگەیەنێت بە حەقیقەتی دەروونی و لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژی بۆ ئەوەی بەرەو ڕووی واقیعی ساختەی کۆمەڵگا ببێتەوە، دوور لە هەڵخەلەتاندن، ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ هۆ و ئاکام و (ناوەرۆک و شێواز) بکا.

هونەر ڕەنگدانەوەی واقیعی ڕۆژانەی کۆمەڵگا و باری ئەزموونەکانی نییە و چارەسەری هیچ بارێکی نالەبار و ناهەمواری هەڵقوولاو لە بیروباوەڕە شەختە بەستوو و وشکەکانی کۆمەڵگا و ڕق و کینەی خەڵکی گرگن و بچووک ناکا، هەروەها لە هیچ کاتێکدا هونەری ڕاستەقینە ڕابەری سیاسی و خوتبەهەڵدان و دەربازکەری لاشەی وشک و ساردی کۆنەی ڕابردووی کۆمەڵگا ناکات، بەڵکوو هونەر خۆی ڕووگەیە و خەڵکانێکی پیرۆز، بە بڕوا و ڕاستگۆ، بەرپرسیار و جوانناس ڕووی تێدەکەن. بەم جۆرە مەسەلەی هۆ و ئاکام لەنێو ئێستێتیکی شێوازە هونەرییەکان یەک دەگرنەوە و خۆی لەخۆیەوە بە ئازادیی

ڕەهای داهێنان، جوانی دەبێتە بەرگی واقیع. جوانی دەبێتە بەرگی واقیع بە مانای زەوق و لەزەتی گەشەسەندووی کۆمەڵگا و کرانەوەی چاو و ڕوانینێکی جیاواز و بێ فیلتەری هەڵخەڵەتاندن بۆ هونەر و سروشت. جوانی لە کانگای ناخی سروشتەوە هاتووە و لەسەر بنچینەی ڕاستەقینە و سوودبەخشی ڕۆحدا فراوان بۆتەوە.

جوانی و ناشیرینی دوو بابەتی سروشتی تەجریدن و ئەزەلین، یەکەم پێچەوانەکردنەوەی هەستێکی کاریگەریی ڕۆح هەژێنی سروشتییە کە مرۆڤی پڕ کردووە لە خۆشی و شادمانی تواناکانی ژیان، ناشیرینیش دۆزینەوەی مرۆڤە بۆ گومان و هەرەسهێنانی ژیانی خۆی. مرۆڤ زیرەکی خۆی بۆ  یەکسانی کردنی سروشتی نێوان جوانی و ناشیرنی بەکار هێناوە، یەکەم زانین و نزمکردنەوەی درامای ناشیرینی، لەپێناو پیرۆزکردن و میتۆلۆژییکردنی هونەر، لەلایەکی ترەوە، لەپایەدانانی پلەی دووەمین بۆ جوانی، بە ڕێگای هەردوو لایەن هونەر لە ڕاستەقینەی واقیع قووڵ دەبێتەوە. ئەو بابەتانەی کە هونەرین لەنێوان شێوازەکانی جۆراوجۆر، لە هەموو قۆناغەکانی

کۆمەڵایەتی، بەهۆی (جوانی و ناشـــیرینی، راســـتەقینە، ســـوودبەخشـــی) دەخـاتەڕووی دارِشـــتنی بەرهەم و میتۆلۆژیی ئێستێتیکا، بۆ یەکگرتنەوەی هۆ و ئاکام. ئەمەش سیمبۆلی ژیانی مرۆڤە.

٢٠٠٣

# ژیانی ڕەنگ

ڕەنگە سەرەکییەکانی هونەری پلاستیکی ئەمانەن: سپی، سوور، زەرد، شین، ڕەش. هەر یەکێک لەم ڕەنگانەش کەراکتەر و پێناسەی تایبەتی خۆی هەیە لە هەڵگرتنی مانا و دەربڕینی چەمکی کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژی، میتۆلۆژی، ڕۆحی و سیاسی. هەستی بینین کرداری هەرە سەرەکییە بۆ دیارکردنی سیمای ڕەنگەکان و جیاکردنەوەیان و بەکارهێنانیان، هەروەها چەمکی هەر ڕەنگێک لە زنجیرەیەکی دوور و درێژی مێژووی قۆناغە جیاجیاکانی کۆمەڵگای ئینسانی هاتووە.

هەموو شـــتێک ڕەنگی هەیە، ڕەنگ بۆ ئەو شـــتانەش دادەندرێت کە شـــێوەیان نییە، کە دوو ڕەنگ یان زیاتر تێکەڵاو بکرێن ڕەنگێکی تری نوێی لێ دەردەچێ و دەبێتە شـــێوەی شـــتێک، وەک گیانێکی نوێ بەدیاردەکەوێ، بەم جۆرە ژمارەی ئەو ڕەنگانەی کە لە ڕەنگە سەرەکییەکانەوە دێنە وجود و ژمارەی تۆنەکانی هەر ڕەنگێک لە ڕەنگەکان بێ کۆتایین. ڕەنگ ژیانی خۆی هەیە و ژیانیش بەشـتەکان دەبەخشـــێت، زەرد ڕەنگی خۆرە، دنیا ڕووناک دەکاتەوە، کە ســـوور تێکەڵاوی ببێ بەرەو ئێوارەیەکی خۆرئاوایی دەبا، کاتێ شـــین تێکەڵاویان دەبێ بەرەو شـــەو دەچێت. نەوەک شـــەو و ڕۆژ، بەڵکو چوار وەرزی ســـــاڵ و قۆنـاغەکـانی تەمەنی مرۆڤیش تێکەڵاوی ڕەنـگ دەبن، هەروەها بە ڕەنگ شتەکان دەناسرێنەوە.

هەموو ڕەنگەکان لەنێو سروشت و دەوروبەری مرۆڤدایە، ڕەنگەکان سروشت پێکدێنن، سروشتیش بەپێی کەشوهەوا ڕەنگی نوێ دەبەخشـێت، واتە ئەو ڕەنگانە کەرســتە نین، بەڵکو شێوەی گیانلەبەرن، هەر ڕەنگێ کوتلە و کەینوونەی خۆی هەیە، بەبێ هیچ مەبەستێک یاخود بێ ئەوەی مانا و

سیمبۆلی نیازێک بگەیەنێت، ئاسمان شینە، درەخت سەوز، لێرەدا ڕەنگەکان شێوەی شتە ناسراوەکانن، دەگۆڕێن بەپێی یاسای سروشت لە وەرزەکانی ساڵدا نەوەک بە گوێرەی هەوەسی مرۆڤ.

ڕەنگی کەرستەیی ماددەیەکی سەرەتاییە، بۆ پێداویستییەکانی دەربڕین لە نهێنییەکانی دەروونی و مانا و سیمبۆلدارکردنی نیازە پیرۆزەکانی و دووبارەکردنەوەی سروشت، مرۆڤ دروستی کردووە، ئەویش دەکەوێتە بەردەستی هونەرمەند، لە ئەنجامی مامەڵەکردندا لە ماددەی هەوەلی دەریدەهێنێ و کیانێکی گیان لەبەری پێ دەبەخشێ و دەکەوێە نێو چوارچێوەی کۆمەڵگا و لەگەڵ زنجیرەی قۆناغەکانیدا تێکەڵاو دەبێ. هەبوونی ڕەنگ وەک سروشت بوونەوەرێکی ئەزەلییە، بە قۆناغەکانی مێژووی دیالێکتیکی سروشتدا تێپەڕیوە، لەگەڵ گۆڕانەکانی جیۆلۆجی گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە و هەردەم لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەن گۆڕانی فیزیاوی بەسەردا دێت و لە ڕەنگێکەوە بۆ ڕەنگێکی تر دەگۆڕێت، هەروەها ماناو چەمکی ڕەنگەکان بەپێی پێشکەوتن و گەشەسەندنی

کۆمەڵگا بۆ هـاوســـــەنگکردنی پێداویســـــتییە دیدەیی و دەروونییەکانی مرۆڤ دەگۆڕێت.

لەمێژووی هونەر ڕەنـگ ڕۆڵێکی زۆر مەزنی گێڕاوە، لە قۆنـاغە نوێیەکـانیش لە ڕادەبەدەر گرنگی پێـدراوە. لە سەردەمی ڕێنسانس ڕۆڵی ڕِەنگ ئەوە بوو کە بارستایی بە فۆرمەکان ببەخشـــێت، تاریکی و ڕووناکی دروســـــت بکـات، توخمەکـانی دارِشـــتن لەیەک جیـابکـاتەوە، واتە کەرســـتەیەک بووە وەک ئامراز بۆ پێکهێنان و دارِشـــتنی تابلۆ، بەڵام قۆناغی تری بینیوە کە ڕەنگ وەک ئامراز بۆ دەربڕین لە مانا و سـیمبۆلیزمی شـێوە و بابەتی ناوەرۆک بەکـارهـاتووە، وەک قۆنـاغی ڕۆمـانتیکی، ئەو کـاتەی کە ڕۆڵی هێڵکاری کەم بووەوە، ڕۆڵی سەرەکی لە موغامەرەی ڕەنگەکـانـدا بینـدرا، وەک لە تـابلۆکـانی (دیلاکرۆ) دەبینین ڕەنگە گەرمەکان کەوتوونەتە نێو دەوروبەرێکی شـــین و مۆرێکی ســـەوزباوی تاریک کە لەم حاڵەتە کۆنتراســـتێکی بەهێز دروســـت دەکەن، لەهەمان کاتیشـــدا ڕێکهاتوویی و هاوســـەنگییەک لەنێوانیان دێتە ئارا و مەبەســـتی مانادار پێکدەهێنێ.

لێرەدا ڕەنگەکان بە نیاز و مەرامێکی کۆنکرێت کەوتوونەتە سەر پانتایی تابلۆ بۆ دارشتنی بابەتی تراژێدی و دراماتیکی کە لە خودی ڕەنگەکان دەبیندرێ. لە سەردەمی ئیمپریسیۆنیزمدا مامەڵەیەکی زانستییانە لەگەڵ ڕەنگ کرا و ڕۆڵی هەرە سەرەکی بینی بۆ مەبەستی گونجان لەگەڵ کەشوهەوا و کاریگەری خۆر لە ساتەکانی گۆڕاندا، ڕەنگەکانی شەبەنگی خۆر وەک بنچینەیەک بۆ بینینی سروشت بە ڕوونی و پاراوەیی خۆیان بەکاردەهێندران. ڕەنگی زەرد و نارنجی کە لە تیشکی خۆرەوە دێن زۆر گرنگن بۆ دیاریکردنی ساتی ژیانی ڕەنگ و هەروەها ساتی نیگارکێشان، سێبەرەکان هەمیشە بە ڕەنگێکی مۆری شینباو تێکەڵاو بە کەمە پیرۆزەییەکی عەکسی ئاسمانی کە کۆنتراستێکی نایاب و (هارمۆنی) دروست دەکەن. سیفاتی ڕەنگەکان دەگۆڕێن لە دارشتنی تابلۆ لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر. لێرەدا گۆڕانی ساتەکانی هەر چوار وەرزی ساڵ لە کارەکانی هونەرمەندانی ئیمپریسیۆنیزمدا دەبیندرێن. دواتریش بۆ ئێکسپریسیۆنیستەکان هەموو حاڵەتەکانی دەروونییان، خۆشی و ناخۆشی، ئێش و ئازار، خەمناکی، بێزاری، هەڵچوون و یاخیبوون، تووڕەیی... هتد،

بە ڕەنـگ گوزارشـــــت دەکرا، گۆڕانی گرنـگ بەســـەر تێکەڵاوکردنی ڕ ٍەنگەکان داهات بۆ دەربڕین لە حاڵەتێکی نوێی ســــــایکۆلۆژی مرۆڤی هــاوچەرخ. ڤــان کۆخ لە تێکەڵاوکردنی ڕەنگەکــان مــامەڵە لەگەڵ تێکەڵاوکردنەکە دەکات بۆ بە ئەنجام گەیشـــتنی ڕەنگێک، وەک دەڵێ: (... سوور و سەوز تێکەڵاو دەکەم تاکو سەوزەکەی سووراوی بێت یا سوورەکە سەوزیی، هەڵدەبژێرم، سپی زیاد دەکەم، ســـەوزی پەمبەیی یا پەمبەی ســـەوزیی، هەروەها ئەگەر بمەوێ، ڕەش زیاد دەکەم، سەوزێکی قاوەیی یا قاوەییەکی سەوزیی).

ژیانی ڕەنگ لە قۆناغی ئیمپرێسیۆنیزمدا و لەدوای ئەویش گەشـــەی ســـەند، زۆر بەپەلە پێشـــکەوت، تا گەیشـــت بەو حاڵەتەی کە بەشـــێوەیەکی ســـــەربەخۆ، ئازاد، دوور لە بەکارهێنان و دەربڕین بکەوێتە سـەر پانتایی و گوزارشـت لەخۆی بکا.

لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی ڕۆژئاوا شـــۆڕشـــێکی گەورەی تەکنۆلۆژی بەخۆیەوە بینی، لەوێوە ڕەنـگ ڕۆڵی ســــەرەکی بەدەســـــت هێنا بۆ چەســـــپاندن و گەیاندنی

پڕۆپاگەندەی ئەم گەشـــەســـەندنە، بۆ ســـەرنج ڕاکێشـــانی بینینی خەڵک و کارتێکردنی سایکۆلۆژی بەهۆی پیشاندانی پانتایی گەورەی ڕەنگ و پڕکردنەوەی هەموو بۆشـــــایی شـــەقامە زل و قەرەباڵغەکانی شـــارە گەورەکان، هەروەها داگیرکردنی شـــەو بە گڵۆپ و نیۆنی ڕەنگاوڕەنگ تاڕادەی زاڵبوون بەســەر کۆمەڵگا و چەسپاندنی تەواو و کۆنکرێتی ئەم پڕۆسـێسـە نوێیە کە ئەویش قۆناغ و چەرخێکی تازەیە لە ژیانی مرۆڤ و ڕەنگ.

لێرەدا قوتابخانە هونەرییە نوێیەکانی هاوچەرخ ئاگاداری ئەوە بوون کەوا ڕۆڵی ڕەنــگ لەنێو گۆڕەپــانی هونەری پلاســـــتیکی گۆڕا، لەشـــێوە کەرســـــتەییەکەی کۆنی ترازا، هەروەهــا وەک ئــامرازێکی دەربڕینیش بۆ داڕشـــــتن و پێکهێنانی بەرهەمی هونەری بواری تەســـک بووەوە. بۆیە، هونەرمەندانی وەک (مـارک ڕۆســـــکۆ)، (ئەلبێرتۆ بوڕی)، (ئەنتۆنیۆ تــاپیێس)، (بێرنیــک)... هتــد، هــاتن کەراکتەری سەربەخۆ و ئازادی ئەو ڕەنگانەیان وەرگرت کە خۆیان لە خۆیاندا (شــت)ی ســەربەســتن، پەیامێکی هاوکاتن، خاوەن ژیان و ئەزموونی خۆیانن، وەک خودی مرۆڤ خۆی.

ژیانی هەر ڕەنگێک لەنێوان سپی و ڕەشدایە، هەر ڕەنگێک لەو ڕەنگە سـەرەکییانەی کە ئێمە دەیانناسـین و بەکاریان دێنین لە سـپییەوە دێت، بەرەبەرە بەهۆی مامەڵەکردنی مرۆڤی هونەرمەند و ئەزموونی ڕەنگەکە و کەراکتەری ئەو ڕەنگەی کە لەدواییداخۆی بە سـوور یا شـین یاخود هەر ڕەنگێ پیشان دەدا، بێ گومان ئێمە کە باسی ڕەنگ دەکەین ئەو ڕەنگـانەن کە چەمکی جێگیریـان لە زیهنی مرۆڤـدا دەژین، کە دەڵێین سوور ئەوا لای خەڵک ئاشکرایە کە ئەو سـوورە (خوێنە)یە، سـووری قرمزی، یا کە ناوی شـین بێنین ئەوا هەڵبەتە ئەو شینە ئاسمانییەیە یا شینی دەریا، یاخود سـەوز، ئەو سـروشـتە پان و پۆڕەیە کە دەوری مرۆڤی داوە، هەروەها زەرد، تیشـکی خۆر و ئاڵتوون لە مێشکی مرۆڤ دەچەسپێنێ، بەم شێوەیە کە ناوی مۆر یا بۆر، یاخود هەر جۆرە ڕەنگێک بێنین ئەوا چەمکی ڕەنگەکە و شـێوە کرۆماتیکییەکەی لەبیر و هۆش و نـائـاگـایی مرۆڤدایە، ئەم ڕەنگانە پاک و ڕەسەنن، بەڵام ئەمانە حاڵەتی ڕەنگەکانن، تەمەنێکی زەمەنی ڕەنگەکانن، تەمەنی (گەییو)، واتە بوون بەو ڕەنگەی کە لە خەیاڵ و هۆشـی ئێمەدا چەسپاوە.

گوتم هەر ڕەنگیّ لە ســـپی لە دایک دەبیّ، گەر ئەو ڕەنگە سووورە وەربگرین و بگەڕێینەوە سەرەتای بوونی دەبینین پەمبەیەکی زۆر ســـپیپات هەیە، دوای ئەوە پەمبەییەکی کەمیّ دیــارتر، دوایی بە چەنــد تۆنێکی کرۆمــاتیکیــدا تیدەپەڕیّ، ئینجـا دەگـات بە پەمبە، ئەو پەمبەیەش بەرەو پەمبەتر دەڕوات، هێدی هێدی تۆنەکان کە زەمەنی تەمەنیان پێوە دیــار دەبیّ ئەو پەمبەیە بەرەو تۆختر دەبەن تــا دەیگەیەنن بە ڕەنگێکی کـامـڵ، خـاوەن ئەزموون، ئەویش ڕەنگی سـوورە، قرمزی کە ناوەڕاسـتی تەمەنی پەمبە زۆر ســـپیپاتەکەیە، (وەک چۆن منداڵێکی ســـاوا لە دایک دەبیّ دوایی لەگەڵ زەمەندا هەراش دەبیّ و بە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا تێدەپەڕیّ تا دەگاتە تەمەنی گەییو کە سی ساڵانەیە یاخود زیاتر)، بەڵام تەمەنی ئەم سووورە لێرەوە ناوەستێت، بەڵکو قۆناغەکانی تری تەمەنی ماوە کە بەرەو کامڵتر و بە تەمەنتر دەڕوات، بۆ قـاوەییەکی مەیلەو ســـوور، دوایی قـاوەیی و قـاوەییەکی تۆختر، ئینجا بۆ قـاوەییەکی تـاریک، تاڕادەی نزیکبوونەوەی لەڕەش (هەر وەک ئەو منداڵەی کە لە تەمەنی ســی و چل ســـاڵی تێپەڕی، گەیشـــت بەدۆخی پیری)، لە ئەنجـامدا، قـاوەییەکە تێکەڵاوی ڕەش دەبیّ، ئەو

پەمبە زۆر ســـپیپاتە (ســـاوایە) پیر دەبێ و لەنێو ڕەشـــدا دەمرێ. ئەمە دۆخی ژیـانی هەر ڕەنگێکە، شـــین، زەرد، هەموویـان لە ڕەنگی ســـپیپاتی (ســــاوای) خۆیەوە، لە ســــپییەوە دێت و بەرەو ئەو تەمەنە دەڕوا کە لە ئەنجام دەگات بە دۆخی ڕەش و دواتر (مردن).

هەر قۆناغێک لەژیانی هەر ڕەنگێک تونێکی تایبەتی خۆی هەیە کە سیمای تەمەنی ڕەنگەکە دەگەیەنێت، کە تێکەڵاوی هـاوتۆنێکی خۆی دەبێت لە ڕەنگێکی تر تۆنەڕەنگێکی تری جیا پێکدەهێنن، ســــەربەخۆ، ڕەنگە لایەنی ڕەنگێک زیاتر بگرێـت بەهۆی زیـاد و کەمی ئەو دوو تۆنە ڕەنگەی کە تێکەڵاوی یەکتر دەبن، هەروەهـا پەیوەنـدی کیمیـایی تۆنە نـاســــازەکان کە لەڕەنگێکی دیاریکراو نـاچن لەگەڵ تۆنە ڕوون و پـاراوەکـان یەکـدەگرنەوە بەهۆی هـاوبەشــــی لەدایکبوونیان و گەڕانەوەیان بۆ ســــەر ڕەگەزی یەکتری، بەم جۆرە چەنـدان ڕەنگی (نـاڕەنگمـان) دەبێـت، وەک زنجیرەیەک لە بۆر، ئۆکەر، مۆر، تۆنەڕەنگی خۆڵاوی، قوڕاوی، خۆڵەمێشــی، ســیانی و زۆر ڕەنگی تری نـاســاز (پیس) کە لە ئـاکـامی مـامەڵەکردنیـانـدا لەڕووی دەربڕینی

سـایکۆلۆژی هاوچەرخ و پیشـاندانی توانایییەکی تری مانادرای و شـکاندنی ڕۆتینییەکانی چاوی ڕاهاتوو جێگای ڕەنگە دیار و ناسراوەکان دەگرنەوە...

ژیانی ڕەنگ بە هەموو لایەنەکانییەوە (فیزیایی، کیمیایی) دەگۆڕێت بەپێی ئاووهەوا و جوگرافیای ئەو شـوێنەی کە ڕەنگ و مرۆڤ تێیدا دەژین، لە وڵاتە سـاردەکات بەهۆی ئەوەی کە تیشـکی خۆر لاوازە، زیاترین کاتی وەرزەکان ئاسـمان بە هەور و تەم داپۆشـراوە ڕەنگەکان سـەفت و پاراون بە تایبەتی ڕەنگە گەرمەکان کە زۆر بە ئاشـکرا دیـارن، کەچی لە وڵاتـانی گەرم کە تیشـکی خۆر زۆر بەهێزە، گەرما زۆرینەی وەرزەکان دەگرێتەوە، ڕەنگەکان بە درێژایی کات سـپیپات دەبنەوە، ڕەنگە سـاردەکان ون دەبنەوە، هەر بۆیە لە وڵاتـانی سـارد ڕەنگە گەرمەکـان (سـوور، نارنجی، زەرد و تۆنەکانیان) جێگایان زیاتر هەیە چ لەڕووی چێژی میللی، چ لەڕووی هونەر و چێژی بینەری هونەری. ئەوەش خۆی لە خۆیـدا کەموکوڕی کەشـوهەوای گەرموگوڕ، کەم بوونەوەی دەروون گەرمیی مرۆڤ دەگەیەنێت، ڕەنگە سـاردەکانیش (هەموو جۆری

شـــین، پیرۆزەیی، مۆرەکان) لە زســـتاندا ڕەتدەکرێنەوە، بەڵـکـو خـۆیـان لەبەرچـاوی بـیـنەر ڕادەکەن و دوور دەکەونەوە.

٢٠٠٣

## کاری هونەری پرۆژەی بە دیمەنکردنی فیکرەیە

تابلۆ، پەیکەر، یا هەر شێوەیەکی هونەری پیشەکی بابەتی بینینە، واتە دیمەنە بۆ چاو وەک چۆن مۆسیقا ئاوازە بۆ گوێ، ئەم دیمەنەش بە مانای دیمەنی سروشت و دەوروبەری مرۆڤ نایێ، بەڵکو لە چەمکی سروشتەوە دێت و لەلایەن هونەرمەندەوە بە ڕێگای بەهرە و تەکنیکی هونەری ئەو فیکر و بۆچوونانەی کە هەیەتی بەنێو تەئەمولێکی قووڵی هونەریی شێوازگەریدا دەبات و دەیخاتە دەرەوەی خود و ئامادە دەبێت بۆ بینین.

هەموو دارشتنە هونەرییەکان، سروشتی، بابەتی فۆرمدار، ئەبستراکت، ئێستەلێیشن و زۆر جۆری تری کاری بینین،

دیمەنن، کەینوونەی تەنیا و سـەربەخۆن بۆ چێژی بینین و سەرنج و سەرسامبوونی مرۆڤ وەک دیمەنێکی سروشتی زیندوو کە پەیوەندی بە سـاایکۆلۆژیای مرۆڤەوە هەیە لە بەردەوامبوون و نوێبوونەوەی ژیـانی ڕۆژانەی خۆی، بۆ ئەم مەبەسـتەش واتە دیمەندارکردنی فیکرە و داڕشـتنی لە فۆرمێکی بیندراو چەند یاسـایەکی ئەکادیمی و ئێسـتێتیکی پێویستە بۆ خوڵقاندن و نواندنی پڕۆژەکە، ئەوانیش یاسای داڕشتنی شێوەن وەک هەنگاوی یەکەم، چونکە لە ڕاستیدا ئەوەی ئەمڕۆ لە هونەری شـێوەکاریدا دەبینین شـێوە و ناوەڕۆک نییە، بەڵکو داڕشـتنی فیکرەیە بۆ بە دیمەنکردنی لە کاری هونەریدا، بە مانایەکی تر چاو فیکرەی داڕێژراو لە قەبارەیەکی شێوازگەری ئێستێتیکی دەبینێ.

لێرەدا (شـێوە و ناوەڕۆک) وەک مەسـەلەیەکی شـێوەکاری تەنیا ئـامرازێکی ئەکادیمییە لەپێناو نیازێکی زۆر بەرزتر، پڕ لە مانا و مەبەستی خۆی، کە دەکەوێتە نێو پرۆسێسـی پڕۆژەی داڕشـتنی فیکرە. مرۆڤی هونەرمەنـد خەیـاڵی فراوانە، هەموو تەئەمولاتی لەسـەر ئەم شـێوانەیە کە لە خەیـاڵیـدا وەک توخمی هونەریی زینـدوو ئـامـادەنە بۆ

دیمەنکردنی ئەو فیکرەیە کە لە ئەنجــام خولْقــانــدنی سروشتی بەرهەمەکەیە.

نووســـــەری بەناوبانگ (ئێرڤین پانۆفســـکی) کە باســـی پەیکەرتاشـــی ناوداری ســـەردەمی کۆنی گریک (فیدیاس) دەکات، دەڵێ: "کاتێ ئەم هونەرمەندە خواوەندی زیۆس و ئــاتینی خەلق دەکرد، تەئەمولی هیچ مرۆڤێکی واقیعی نەدەکرد، بەڵکو لەنێو ڕۆحی ئەودا فیکرەیەکی مەزن و پیرۆزی (جوانی) هەبووە، تەئەمولی لێ دەکرد و نغرۆی ئەو ببوو و هونەر و کارە هونەرییەکەی لەپێناو پیشاندانی ئەو فیکرەیە دادەنا." جەوهەری مەسەلەکە ئەوە دەگەیەنێت کە بەرهەمی هونەری وەک واقیع نییە، بەڵکو (تاڕادەیەکیش) پێشـبڕکێی سـروشـت و واقیع دەکا، شـێوەیەکی کۆنکرێت وەردەگرێ کە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی ســـروشـــت و واقیع دەیانهێنێتە وجوود کە مردن لەخۆ هەڵدەگرن و هەمیشـــــە دەبن بە ماددەی جیاواز. فیکرەی داهێنراو، یاخود شـێوەی فیکرە وەک کوتلەیەکی کۆنکرێت بەر لە داڕشـــتنی تەنیا لە خەیـاڵی میتـافیزیکیی مرۆڤـدا هەیە، مـامەڵەیەکی ڕۆحی لەگەڵ دەکـات، لە قەوارە و کەشـــــوهەوایەکی تـایبەتی و

مانایەکی ئەزەلیدا دادەڕێژێ (وەک ئەوەی فیدیاس)، ئینجا هونەرمەند ڕێگاکانی داڕشـــتنی فیکرە بەکار دەهێنێ بۆ بەدیمەنکردن و پیشـــاندانی ئەویش بەهرەی تەکنیکی و کەرســـتەیی، کە توخمە پێویســـتەکانی شـــێوەکاری لە پێکهـاتەیەکی یەکگرتووی تەواو و تۆکمە لە چوارچێوەی قەوارەیەکی گونجـاو کـارە هونەرییەکە ئەنجـامی دەدا (لەپێنـاو بینینی ئەو فیکرەیەی لە خەیـاڵی مرۆڤی هــونەرمەنــدەوە مــامەڵەی ڕۆحــی لەگەڵ کــردووە و نەبیندراوە). دانتێ دەڵێ: "هونەر بە ســـێ قۆناغدا تێپەڕ دەبێ: بە ڕۆحی هونەرمەندەوە، بە تەکنیک و شـــێوازی کارکردن و بەو ماددەیەی کە بەهۆیەوە شێوە وەردەگرێ."

Erwin Panofsky

لە سەرەتا هەموو ڕەگەز و کەرستە و ماددە هونەرییەکان ســـروشـــتین، هەر لایەنێکیش لەمانە وەزیفەی پێکهاتەیی خۆی هەیە کە هونەرمەند بەکاریان دێنێ و مامەڵەیەکی تایبەتمەندانەیان لەگەڵ دەکات کە دەزانێت لە ئەنجامی چی بەدیار دەکەوێت، وەک ئەو بەردە گەورەیەی کە لە شـــاخ کەوتووە، پەیکەرتاش دەیهێنێت و بە چەکوش و قەڵەم ق

ئاسن دەکەوێتە سەری و بە مەورەد و سمپارە لووسی دەکات، لە ئەنجامدا پەیکەرێک دادەڕێژێت کە سەرەتا لە خەیاڵی ئەودا گەڵاڵەی کردووە، لە دوایی چەمکێکی تری ئێستێتیکی و مانایەکی پێ بەخشیوە زۆر جیایە لەگەڵ ئەوەی پێشوو کە تەنیا بەردێک بوو لە شاخ کەوتبوو.

بێگومان مێژووی ئەزموونی پراکتیکی توخمە هونەرییەکان گەلێ قۆناغی بەخۆیەوە بینیوە، هەمیشە بەهۆی پێشکەوتن و بەرفراوان بوونی فیکرە و ماددە کەرستەییەکان، گۆڕانی جۆری مامەڵەکردنی ڕۆحی و تەکنیکی هونەرمەند لەگەڵ سروست و دەوروبەر، گۆڕانی گرنگ بەسەر چەمکی شتەکاندا هات، بۆچوونەکان لە دەرەوە بۆ ناوەوە گەڕایەوە، بە مانای ئەوەی کە شتە واقیعییەکان لە بابەتی سەرەکییەوە بوون بە کەرستەی پیشاندانی فیکرە، بەم جۆرە بەرهەمی هونەری ڕەنگدانەوەی جموجووڵی شتەکانی ڕواڵەت نییە، بەڵکو بۆچوون و خەیاڵی پێشوەختەی نێو دەروونی هونەرمەندە.

لەهەر کاتێک بۆی هەیە هەر بزاڤێکی سروشتی-کۆمەڵایەتیی کاریگەر، ببێتە هۆی دروستبوونی فیکرە و

بکەوێتە نێو ستراتیژیای خەیاڵی هونەرمەند بۆ دۆزینەوەی فۆرمی بە پێویســــت و بەدیمەنکردنی لە پڕۆژەیەکی دیـاریکراو تـاوەکو پێشـــانی بـدات. بۆ نموونە تـابلۆی (گـێرنـیکـا)ی پـیکـاســۆ: کە یەکەمـین، ڕووداوەکەی بۆردومانکردنی شـارۆچکەی گێرنیکایە لە ئیسـپانیا، دووەم پیکاســـۆ خۆی وەک هونەرمەندی کارلێکراو، لە کۆتاییی دیمەنی تـابلۆی (گێرنیکـا)، ئەگەر بێتو بەوردی ســـەرنج بدەینە توخمە سەرەکییەکانی ئەم تابلۆیە دەبینین لە مرۆڤ وەک فۆرمی سـەرەکی، ئەسپ، گا، گڵۆپ، لەمپا، شمشێری شـــکاو پێک دێت، هەمووشـــی وەک شـــانۆگەرییەک لە شــوێنێکی داخراودا ئەنجام دراوە و فۆرمەکانیش واقیعین، بەڵام نەک واقیعی ڕووداوەکە، بەڵکو وەک ڕووداوێکی تر و لە شـــوێنێکی داخراو (وەک لەنێو هۆڵێکی گەورە و خنکاو) هـاتۆتەکایەوە، کە دیمەنی ئەو فیکرەیە لە خەیـاڵی پیکاســـۆ کۆنکرێت بووە و ئەنجامەکەی پڕۆژەی تابلۆی (گێرنیکا)یە... لێرەدا ئەگەر ئێمە خۆمان بە مەسەلەی شێوە و ناوەرۆک ببەستینەوە ئەوا خۆمان لە بۆچوون و خەیاڵی پێشـــوەختەی کـارە هونەرییە تەواوکراوەکە دەدزینەوە،

چونکە هەر شێوە و ناوەرۆکێک فیکرە و دیمەنی پڕۆژەکە نییە.

هەڵبەتە گۆڕان و گەشـــەســـەندن لە فیکر و فەلســـەفە و تیۆریاکان، لە لێکۆڵینەوە و هەڵســـەنگاندنی نوێ و جیاجیا بۆ ڕووداوەکـان دێنە ئـارا، تێگەیشـــتنێکی نوێ لە عەقڵی مرۆڤ دروســـت دەبێ، ســنووری نێوان گومان و ڕاســتی ون دەبێ. بەم جۆرە هونەری شــێوەکاری لە چوارچێوەی دەربڕینی بارودۆخی ســـایکۆلۆژی کۆمەڵایەتی و ئازاری تاکەکەســـی نامێنێتەوە، بەڵکو دوورتر  و قووڵتر، بەرەو جیهانێکی پلاســتیکی فراوان و ســەربەخۆی پڕ لە گۆڕان دەڕوات و لە ســـەرووی واقیعییەوە دەڕوانێتە جموجووڵە کۆمەڵایەتییەکان.

هونەرمەند لەم ســـەردەمەدا مرۆڤێکی تایبەتمەندی فیکریی شـــێوەکارییە، لە ڕەوشـــتی گشـــتیی کۆمەڵگا جیابۆتەوە، کەوتۆتە نێو ڕۆڵی داهێنان و خوڵقاندنی جۆرە سروشتێکی خوڵقێندراو کە دارِشـتنی فیکرەیە، کاریگەرە بۆ گۆڕانکاری هەست و هۆشی بینەر، هەروەها حاڵەتی یەکسانی لەنێوان دەروون و عەقڵی لۆژیکی بەرانبەر بە گەشـــەســـەندنی

تەکنۆلۆژی- کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕە فەلسەفییەکانی شارستانی و مەدەنی دروست دەکات.

٢٠٠٥

## ڕەخنەی هونەری لە کوێوە دەست پێ بکات؟

هەموو هونەرمەندانی کوردستـــان دەزانن کە هونەری شـــێوەکاری لە هەموو وڵاتانی جیهان پێشـــکەوتووترە و زیـاتر خـاوەنی مۆرکی کەســـایەتیی خۆیـانن، بگرە لە خوارووی ئەفریقیاوە، خواروو و ناوەڕاســـتی ئاســـیا، هیندســـتان، تا دەگەیتە ناوەندی ئەمەزۆنیا کە میللەتی زۆر ســـەرەتایین، (ئەوا باس لە وڵاتانی ئەورووپی و ئەمەریکی هەر ناکەم کە خاوەنی هەیکەلێکی کۆنکرێتی شارستانی و مێژوویەکی دووری هونەرین)، ئینجا لێرەدا ئەگەر بمانەوێ مێژووی پەرەســـەندن و گەشـــەی هونەری شـــێوەکاری وڵاتـانی خـاوەن کەســـایەتیی هونەری بـاس بکەین و

هەڵســـەنگاندن و لێکۆڵینەوەیان بۆ بکەین، تاکوو بزانین چۆن و بە چ ڕێچکەیەک بەم ئاستە هونەرییە گەیشتوون، چ کاریگەرییەکی گرنگ هەبووە بۆ پاڵنانی ڕەوڕەوەی ئەم گەشەسەندنانە.

ئاشـــکرایە وڵاتانی ئەوروپی (ئیتالیا، فەرەنســـا، ئەڵمانیا، ئیسپانیا، بەریتانیا... هتد) لە هەموو بوارەکانی، پیشەسازی و تەکنۆلۆژی، زانستی و زانیاری، سیاسی و کۆمەڵایەتی هەمیشە لە پێشکەوتن و گەشەسەندندان (ئەمەش پێویست بە بەڵگە ناکا)، ئەم پێشـــکەوتنەش لە عەقڵ و هۆشـــی کەســـــایەتیی میللەتێک دێت کە خاوەن بەهرە و فیکر و فەلســـەفەی بەرفراوانی کۆمەڵایەتیی خۆی بێ، هەروەها بوارەکان کراوەن و بێ سنوورن، هیچ کۆسپێکی سیاسی یا ئایینی، یاخود کۆمەڵایەتی، ڕێگا لە بەردەوامی ئەم پێشـکەوتن و گەشـەسـەندنە ناگرێت. بەم جۆرە لە بواری هونەر بە گشتی و شێوەکاری بە تایبەتی چەند هۆکارێکی گرنگ هەن بۆ پەرەسەندن و بەرزبوونەوەی ئاستی گشتی هونەر و ڕۆشـــنبیری کە دەبن بە پاڵپشـــتی هونەرمەندان

تـاوەکو لە هەر کـاتێکی مێژووییـدا بتوانن هونەرەکەیـان بگەیەنن بە ئاستێک کە شیاوی قۆناغەکە بێت.

یەک لەم هۆکارانە ڕەخنە و هەڵســـەنگاندنی هونەرییە، کە هونەرمەند دەخاتە نێو چوارچێوەی جددی و بەرپرسیاری لە جۆری کارکردن و شـــێوە و ناوەرۆکی بەرهەمەکان و پلەی هونەری پێ دەبەخشـێت، لەنێو کێشـەیەکی هونەریی شێوازگەریی پڕ تەکنیک و فیکری دادەنێت و بەرپرسیاری مێژوویی دەخاتە بەردەم هونەرمەندان لەڕووی لیاقەت و خووڕەوشـتی کەسـایەتیی هونەری بەرانبەر بە کۆمەڵگا و هونەرمەندانی دوای قۆناغی ئەوی تر.

ئێمە کە باســـی هونەر و هونەرمەندانی وڵاتێک دەکەین و دەبنە جێگای ســـەرنجمان و خۆشـــحاڵی و ڕەزامەندی خۆمـان پیشـــان دەدەین، تەنیـا ئەوە نـاگەیەنێ کە هونەرمەندانی ئەم وڵاتە یا ئەوی تر بەهرەمەندی گەورەن و بیروبۆچوونی فەلســـەفی تـایبەت بە خۆیـان هەیە و دەتوانن لەســـەر بنەمـایەکی مێژوویی کۆنکرێـت کـاری هونەری ئەنجام بدەن و تیۆریای هونەریشـــیان هەبێت، بەڵـکو لایەنـێکـی تـری زۆر گـرنـگ هەیە کە بـوار و

کەشوهەوایەکی دیموکراسی و هارمۆنی، ئازادیی دەربڕین، سنگفراوانی ڕەخساو لەم کۆمەڵگا کراوانە هەیە کە ڕەخنە و هەڵسەنگاندن، یاخود لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی هەمیشە لەپێناو دەوڵەمەندترکردنی هونەرن. لێرەدا ترسی ئەوە نییە کە هونەرمەندێک ڕەخنە ڕاپێچی بکات و لە گۆڕەپانی هونەری بیسڕێتەوە، چونکە پێشەکی ئەو هونەرمەندە کە بەرهەمی داهێنان ئەنجام دەدات دەزانێت ڕەخنە و هەڵسەنگاندن بۆ کارەکانی دەکرێت، ئەمەش ئەو پردەیە کە بینەر و هونەرمەند لە یەکتر نزیک دەکاتەوە، بەڵام زۆر بەداخەوە، لە کوردستان بە کۆمەڵ هونەرمەندی شێوەکاری هەیە، کەچی ڕەخنەگرێک نییە بتوانێ هەڵسەنگاندێک بکات، بە بینەر ڕابگەیەنێت باش و خراپ چۆنە، ئەوەش هەڵبەتە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ڕۆشنبیری و تیۆریی هونەری لەلایەک و نەبوونی مرۆڤی ڕۆشنبیری تایبەتمەند لە بواری ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمی هونەرمەندان و خووڕەوشتیان لەلایەکی ترەوە، جگە لەوەش زۆر هۆکاری تری کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی هەیە وەک ڕۆحی موجامەلەی دووانەیی، ترسی گازەندەکردنی هونەرمەند و شکانی پەیوەندیی

برادەرایەتی، لێکزویربوون و لۆمەکردنی یەکتری و... هتد، کە بەداخەوە ئەم خەسڵەت و ڕەوشتانە هەموو کاتێک دەخرێنە سەرووی گەشەسەندنی هونەر و پێشکەوتنی هونەرمەندان و تێکدانی یەکسانی و لەنگکردنی باری ڕۆشنبیریی هونەری لە وڵات.

ئێمە دەزانین مێژووی هونەر و ڕۆشنبیریی هونەری لە کوردستان تەمەنێکی ئەوەندە درێژی نییە و خاوەن هیچ قۆناغێکی تایبەتی نییە، ئەوەی هەبێت کاریگەریی مێژووی هونەری وڵاتانی ڕۆژئاوایە کە ئێمەی دروست کردووە و هەمیشە پەیوەستین بەو زنجیرە قوتابخانە هونەرییانەی لەم وڵاتە پێشکەوتووانە سەرچاوەی گرتووە و بۆتە جیهانی. بەم جۆرە هونەرمەندانی پێشەنگی ئێمە ئەوانەن کە مێژووی هونەری شێوەکارییان لە جیهان بنیادناوە وەک: جیۆتۆ، مازاشیۆ، لیۆناردۆ داڤنشی، میکێلئانجلۆ، ڕافایێل، تیسیان، کاراڤاجۆ، ڕامبرانت، گۆیا، ڤێلاسکیز و زۆری تر، تا دەگەیتە ئەم زەمەنە هاوچەرخەی ئێستامان، بەڵام لە کوردستان کە وێنەکێشێک (دەڵێم وێنەکێش نەک هونەرمەند) دێت وەک پێشەنگی هونەریی خۆی ڕەپێشی

واقیعی ئێســـــتامان دەکات بێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی بەســـــەر گۆڕەپانی گشـــــتی هونەری هەبووبێت، یاخود کاریگەریی تەکنیکی و فیکری بەســـــەر هونەرمەندە گەنجەکانی هاوچەرخی حۆی یا نەوەکانی دوای قۆناغی خۆی هەبووبێت، لێرەدا هەژاری و پەککەوتوویی ڕۆشـــنبیری و فیکریی هونەری بەدیاردەکەوێت کە ئەویش خۆی لە خۆیدا کۆسپێکە لەپێش وتاری ڕەخنەی هونەری.

ئێمەی کورد خاوەن کولتوورێکی هەمەچشـــــنی ناتەواوین، واتە زۆر جۆرە ڕۆشنبیری و ڕێچکەی فەلسەفی و تیۆریی هەمەجۆری لاییدا و بەشـێوەیەکی قوت و قوندە و شـێواو بەرێگەی زمانەکانی دەوروبەرمان گواســـــتراوەتەوە نێو زەینی ئێمە، کە بۆتە هۆی پەرتبوونی فیکری و بێ ئۆقرەیی ڕۆشـنبیری و دروستبوونی جۆرێک لە دووانەیی (تا ڕادەیەکیش شیزۆفرێنیای فیکری)، لەبەر ئەوەشە تاکی ڕۆشنبیری ئێمە نەیتوانیوە بە چاوێکی ڕەسەنی هاوکات و کراوە تەماشـــای جموجوولەکانی هونەری و ڕۆشـــنبیری بکات، یا بە زەینێکی فراوان و ڕاست و دروست شتەکان شـــــی بکاتەوە و هەڵیانســـــەنگێنێت. لێرەدا مرۆڤی یەک

ڕەهەندبینمان بۆ دروست دەبێت، ئەو ڕەهەندە کورتبینەی کە ڕەنگدانەوەی هزری کۆنی وێنەکێشی فۆلکلۆر گوزاری هەڵاتوو لە هەموو گیروگرفتەکانی قۆناغ و بێ توانایی لە قووڵبوونەوەی فیکرییە، لە ئەنجامی ئەم ڕەوشە هەستکردن بە مەزنی و پێشەنگی هونەر لە ناوچەیەک دروست دەبێت (بەوەهمەوە)، وەک بڵێی بیابانە و هێشتا سەرەتای ژیانی تێدا دروست نەبووە.

لە جیهانی هونەریی ئەمڕۆ پێشەنگ و ئەوی تر نییە، بەڵکو داهێنان هەیە کە قووڵبوونەوەیە لە جوانی، ڕاستەقینەیی، پاکی، ئازادیی ڕۆحی، بۆ ئەوەی (لە ئێشوئازار دەرباز بین) تاوەکو (ژیان نەرم و ئاسانتر بێت)، لەپێناوی ئەم مەبەستە پیرۆزە ڕەخنەی هونەری هاتۆتە کایەوە بۆ ئەوەی هونەرمەندان ڕێگەی ڕاستی و پلەی تەکنیکی بەرز و ڕێک بگرن، ڕێچکەی فیکری شاقووڵی و ڕۆشنبیرییەکی ڕاستی هەڵبگرن نەوەک خۆپەرستی تاکەکەسی (پێشەنگانە).

لوغزی کاری هونەری داهێنراو لە نهێنییەکانی زمانی شێوەکاریدایە، چۆن و بە چ شێوازێک فیکرەی ناوەرۆک

داڕێژراوە، چ کەرســتە و تەکنیکێک بەکار هێنراوە، فۆرمی دەربڕین لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و بە چ مەبەستێک هاتۆتەکایەوە، ئەم بەرهەمە هونەرییە لە چ کاتێک و لە چ شـــوێنێک ئەنجام دراوە؟ هەموو ئەو پرســـیارانە و هی تریش ڕەخنە شــییان دەکاتەوە و پارچە پارچەیان دەکات، لەدواییدا بەیەکەوەی دەبەستێتەوە و هەڵیان دەسەنگێنێت تاوەکو ئەو بەها ئێســـتێتیکییەی کە ڕەنگە هونەرمەندەکە بۆی نەچووبێت لەنێوان توخمە ســـەرەکییەکان و فۆرمە تایبەتییەکانی هونەرمەندەکە دەریبهێنێت.

بێ گومـان ڕەخنەی بـاش و خراپیش هەیە، بەڵام ئەوەی لێرە مەبەســـتمانە ئەوەیە کە پێویســـتمان بە ڕەخنەی هونەری ڕاســـتگۆ هەیە هونەرمەندان هەڵســـەنگێنێت و هەڵیانبژێرێت، هەڵە شـــێوەییەکان پیشـــان بدات، فیکری هونەرمەنـدەکە دەربێنێـت و بە بینەری ڕابگەیەنێـت، قۆنـاغەکـانی هونەری لە چەکمەجەکـانی مێژووی خۆیـان دابنێـت. هەموو قۆنـاغەکـانی هونەر هەر لە ســـەردەمی ڕێنســـــانســــەوە ئـاڵوگۆڕی پەیوەنـدییە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی نێوان هونەرمەندان و ڕەخنەگران (داهێنان و

شیکردنەوە)، بەم جۆرە لە مێژوودا ڕێچکەی گرتووە بەبێ ئەوەی هیچ کامیان ڕێگا لەوی تر بگرێت. ڤازاری، دی پلێنیۆ کە ڕەخنەیان لە هونەرمەندانی سەردەمی خۆیان وەکو لیۆناردۆ و میکێلئانجلۆ و رافاییل دەگرت و کارەکانیان شی دەکردنەوە، هەمیشە ململانێیان لەسەر ئەوە بوو کە ئەو هونەرە بەرەو تۆکمەتر و دروستتر بڕوات و ئاگاداریان دەکردنەوە لەوەی کە بینەر هەڵنەخەڵەتێنن، (چونکە چاوی بینەر هەموو کاتێک هەڵە ئەکادیمییەکان نابینێت)، ئەگەر بێتو مەزەندەی ئەوە بکەین کە پەیکەری (داوود)ی میکێل ئانجلۆ شان و ملی تێکچەقیوە و قۆڵ و دەستەکان بچووک و باریک، ڕێژەی تۆێکاری قاچ و سەری نەگونجاو بوایە ئەمڕۆ کێ باسی ئەو هونەرمەندەی دەکرد؟ یاخود هەمان پەیکەر ئەو پیرۆزییەی کە ئەمڕۆ هەیەتی و بە درێژاییی مێژوو باسی لێکراوە، لێی دەوەشاوە؟ بەڵام پێشەنگەکانی ئێمە لایان گرنگ نییە ئەگەر فیگەری ئافرەتێکی کورد بکێشن سەرتاپا پڕبێت لە هەڵەی ئەکادیمی، ڕێژەی دەموچاو نارێک، شان و مل تێکچەقیو، دەست و پەنجە سەقەت وەک تەختەدار،

بێ بەرپرسیاری هونەری بە هیچ شێوەیەک دارشتنێکی ڕێکوپێک نابیندرێت.

لێرەدا چاوە هەڵخەڵەتاوەکانی بینەر تەنیا کوتلەی گشتی فیگەری ئافرەتێکی کورد دەبینێت، جگە لەوە فیکرەیەکی قووڵ، هاوچەرخ لە ناوەرۆکی کارەکەدا نییە لە سادەیی و ساکاری چێژی جوتیارانە زیاتر نەبێت. بەم جۆرە هونەرمەندی (میللی) ڕەچاوی تۆکمەیی تەکنیک و مۆنۆمێنتالیی کارە هونەرییەکەی ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕێچکەیەکی تەسک و بێ ڕەهەند دەگرێت و لە بازنەی ڕابردوو دەخولێتەوە، وەک (دۆن کیشۆت) بە چەک و جبە و بیروباوەڕی کۆنی لەبیرکراو دێتە نێو گۆڕەپانی نوێ، لەم حاڵەتە ئەم جۆرە هونەرمەندە هەموو جۆرە بزاڤێکی نوێی لا سەیرە و بە دژایەتی خۆی دادەنێ بێ ئەوەی دەوروبەر ئاگاداری (پەڕانۆیا)ی ئەو ببن.

٢٠٠٥

## بیناسازی سەرشێتانە و بێ بەرپرسیاریی مێژوویی

بیناسازی وەک هونەر و ڕواڵەتی مێژوویی هەر میللەتێک کاردانەوەی باری میزاجی و چێژی ژیان و ئاییندەیی ئەو نەتەوەیە نیشان دەدات، هەروەها پلەوپایەی کەسایەتی و خووڕەوشتی نەتەوایەتی بەدیار دەخات و لەوێوە دەزاندرێت تا چ ڕادەیەک ئەم نەتەوە یاخود ئەوی تر خاوەن ستراتیژیای هەست و هۆشی بیناگەری و بەشداری بوونن لەنێوان هەموو میللەتانی جیهان و خۆبەدیارخستن لەڕیزی دروستکردنی شارستانییەت و هێنانەدی تایبەتمەندی کەسایەتی، گومانیش لەوەدا نییە ئەوەی لەسەر ڕووی ئەم زەمینە دەژیێ هەمووی هەر هەمان

مرۆڤە لەڕووی فیزیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیەوە و جیاوازییەکی بنەڕەتی و تایبەتی لەنێوان مرۆڤەکانی دنیادا نییە.

ئەمڕۆ لەم سەردەمەدا پاش ئەوەی مێژووی مرۆڤایەتی ٢١ سەدەی ژمارد، هونەری بیناسازی ڕادەی پێشکەوتن و پایەبەرزی پلەی مەعریفی و زانستی کۆمەڵگای ڕێکخراو و یاسایی لە جیهان دیاری دەکات، بەهۆی ئەوەوە کۆمەڵگایەک سیمای جددییەت و ڕاستگۆیی خۆی لەنێو هەموو میللەتانی دنیادا دەنوێنی، ئەزموونی فیکری و کرداری مرۆڤ گەیشتۆتە ڕادەی لادانی هەموو سنوورەکان بۆ توانا جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا لەپێناو جێبەجێ کردنی ئەو خەیاڵانەی کە پێشتر لای مرۆڤ فەنتازیای خەونەکان و وڕێنەی مێشک بوو، واتا گەیشتن بە قۆناغێک کە مرۆڤ توانی لەڕێگەی ڕێژەی ماتماتیکییەوە بەهرە بنیاتگەرییەکانی خۆی دەرببڕێت و پێوانەیەکی زانستی بۆ توانا بێ سنوورەکانی دابنێت، بێ گومان دەشتوانێ شارستانییەتێکی وا بهێنێتەدی کە بەرانبەر بە سروشت بوەستێت و لەگەڵیدا خۆی تێکهەڵکێش بکات بێ

ئەوەی بیشێوێنێت، لەم حاڵەتە پێشکەوتنی فیکر و فراوانی خەیاڵی مرۆڤ بۆ داهێنانی شارستانیی بیناسازی تەنیا پێشکەوتنێکی ڕووکەشی گوزەرانی نییە کە کۆمەڵگا بە هۆیەوە دەحەسێتەوە و ئاسانکاری لەژیانی دروست دەکات، بەڵکو زۆر لەوە زیاترە، مرۆڤ توانا بێ سنوورەکانی خۆی تاقی دەکاتەوە، بەهرە بێ پایانەکانی ئەندازیاری و فیزیایی خۆی بە کردار و کاری بینین دەردەبڕێت لەپێناو دوورتر ڕۆیشتن و زێتر بیرکردنەوە.

مرۆڤ هەر لە سەرەتای ژیانی نێو ئەشکەوتەکانەوە تاوەکو ئەمڕۆ، بەهەموو قۆناغەکانی مێژووییدا بە گوێرەی پلەی بیرکردنەوە و شێوەی گوزەرانی، جۆری دروستکردنی ماڵ و شوێنەواری تایبەتی و کارکردنی تێپەڕیوە، هەر قۆناغێکیش بەجۆرێک لەڕێگای دروستکردنی باڵەخانە و پێداویستییەکانی سەردەم لە بارودۆخی هەنووکەیی و ئاییندەیی خۆی دەربڕیوە.

ئەزموونی ژیان و کارکردن کۆمەڵگای گەیاندە ئەو ئاستەی بیناسازی و بنیاتنانی شار و لادێ بە جۆرێک بهێنێتە دی کە هەمیشە هاندەری ژیانێکی پڕ لە بەرهەم و چێژوەرگرتن

بێت لە دەوروبەری دەسـتکردی خۆی و هەردەم ئایندە ڕەچاو بکات، ماندووبوونی کۆمەڵگای ئیشـکەر ئەو کاتە خۆشـە، جوانە، پیرۆزە، کە دەوروبەرێکی جوان و پایەدار بەرهەم دێنێت و لەنێویدا دەحەسـێتەوە. پاکی، جوانکاری، ئاسـانکاری لەنێو یاسـای داهێنان و مرۆڤایەتی سـیمای شارستانی و پێشکەوتنە.

لێرەدا کۆمەڵگای مەدەنی گرنگییەکی سەرەکی بە بیناسازی و نەخشـەی شار و لادێکان دەدەن، چونکە خووڕەوشت و هەڵسوکەوتی مرۆڤ دیاری دەکەن و بەپێی شێوەداڕشتنی نەخشـەی وڵات لەبواری بیناسـازی کۆمەڵگا مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەن.

ئەگەر بێین بەراوردێکی مێژوویی بۆ بیناسازی و نەخشەی شـار و لادێکانی کوردسـتان لەگەڵ کۆمەڵگا جددییەکان بکەین، ئەوا ئێمە خۆمـان لەنێو ئـاڵۆزییەکی زۆر گەورە دەبینینەوە لەڕووی ئەوەی کە کوردسـتان کەسـایەتی و تـایبەتمەنـدیی خۆی لەم بوارەوە ون کردووە، بگرە ئاییندەشـی لێ شـێواوە. میللەتی کورد وەک کۆمەڵگایەکی دامەزراو و پێکهاتوو، هەمیشـە سـەرەڕێیە، واتە هێشـتا

جێنشـــین نەبووە، باوەڕی بە کەســـایەتی خۆی نییە، ئیتر پێکهێنانی شارستانی و نەخشەسازی شوێنی بۆ چییە و پلانی درێژخایەنی بۆ چییە؟

دەبینین لادێکانمان لەنێو دەوروبەرێکی ســـروشـــتی زۆر جوان و دڵگیرن، شاخی هەمەڕەنگ، دەشت و دۆڵی فراوان و بەپیت، ســـەرچاوەی کانی و ڕووباری هەمەچەشـــن، وڵاتێک تا بڵێی جوان، کەچی شێوەی دروستکردنی ماڵ و شـــوێنی ژیان بەســـەربردن و حەوانەوەی خەڵکەکە زۆر ناشـــیرین، زۆر نامرۆڤانە، بێ بەها، تەنانەت بایی یەک ســـەعات بایەخی ژیان و گوزەرانی ئینســـانی تێدا نییە. لەوەش خراپتر، هەموو لادێکانی کوردســـتان، لە هەموو ناوچەکان بەگشتی بوونەتە هۆی ناشیرینکردن و تێکدانی ئەم ســرووشــتە پیرۆزە، ئەمەش لە ڕاســتیدا کێشــەیەکی مێژوویی ئاڵۆزە، بۆ بنچینەی پەروەردەی چێژ و پایەی کەسایەتی و بڕوای ئایینیی ئەم کۆمەڵگایە دەگەڕێتەوە، کە یەکەم بایەخ بە ســرووشــت نادرێت، دووەم کە بایەخ بە ســرووشــت نەدرێت بایەخ بە ژیانیش نادرێت، بەم جۆرە بایەخ بە مەســـەلەی چێژ و لەزەتی ژیانیش نادرێت،

بیناســـــازیش ڕەنگدانەوەی ناخی مرۆڤە، هەر بۆیەش ئەم خەڵکە سەرپێیی و بێ چێژ و بێ هوودە دەژی.

شـاریش لەم وڵاتە شێوەیەکی سـەرشێـــتانە و بەرەڵڵای بینـاســـــازی بێ بەرپرســــیاریی مێژوویی وەرگرتووە، ئەندازیارانی بیناسازی لە کوردستان بە عەقڵێکی لادێییانە، یـاخود بە چێژێکی لادێیی مـامەڵە لەگەڵ کەشـــوهەوای شـــارســـتانی دەکەن، هەوڵی هەڵخەڵەتاندنی چاوی خەڵکی هەژار دەدەن، ئەو خەڵکە دەوڵەمەنـدە هەژارەی خـاوەن پوولی زۆر و بێ ماندووبوونن کە لە لادێوە هاتوون، ئەو ئەندازیارانە گرنگی سـەرەکییان بە ڕووخسـاری دەرەوە و بەرزیی کۆشـــک و تەلارەکان دەدەن، وەک دەربڕین لە هەســــت بە کەمیی کردن و پڕکردنەوەی کەموکوڕی کەسـایەتی ئەم جۆرە دەوڵەمەندانە و خۆپیشـاندانیان لەنێو شـــار، وەلێ ئەندازیارانی کوردســـتانیش لەم بارودۆخەی سـۆسـیۆلۆژی و سـایکۆلۆژی بەشـدارن کە ئەندازیاری بینـاســـــازییـان وەک پیشـــەیەکی خۆشـــبەخـت بۆ دەوڵەمەنـدبوون و پـایەی گوزەرانی وەرگرتووە، نەک هونەرێک کە بەشـــداری دروســـتبوونی شـــارســـتانی و

مەدەنیی کۆمەڵگـا بکـات. لەلایەکی تریشـــەوە جۆری بیرکردنەوەی دەزگـا و لێپرســـراوانی حکومیش وەک شــارەوانی و پارێزگا و بەڕێوەبەرایەتییەکان لەم بوارەوە بە گشـتی لادێیی و جوتیارانەیە، توانا و بەهرەی بڕیاردان و کۆنترۆڵکردنیان زیاتر میللییە نەک زانسـیتانە، بەڵام زۆر بەداخەوە ئەوانیش پلەوپایەی شـــوێنەکانیان وەک کـار وەرگرتووە، نەک فیکری داهێنان و گۆڕانکاری شـــار و لادێ.

ئەم بارودۆخەی ئێســـتا کە بۆتە هۆی دروســـتبوونی جۆرێک لە بیناســازی ســەرشــێتانەی بێ بەرپرســیاری مێژوویی و ئاڵۆزبوونی باری کۆمەڵایەتی لە شــار و لادێ و قەیرانی خووڕەوشتی مەدەنی و لیاقەتی شارستانی، کە بێ گومـان لە دواڕۆژدا زۆر بەگران و قوڕس لەســـەر کۆمەڵگا و وڵات دەکەوێتەوە.

٢٠٠٥

## ئازادی هونەری

ئەگەر بێتو باس لە ئازادی هونەری بکەین، ئەوا دەبێ هەر لە سەرەتاوە دەست پێ بکەین، واتە سەرەتای ژیانی مرۆڤ کە هونەری سەر دیوار و بنمیچی ئەشکەوتەکان وەک ئامرازێکی ئەندێشەیی- تەوتەمی ئابووری بوو بۆ ئادەمیزاد، بە مەبەستی ئەوە کە ئەم هونەرە کەوتبووە ژێر فشاری ئابووری و یاسای سروشتەوە. لێرەدا ئەو هونەرە ئازاد نییە، چونکە مرۆڤ ئازاد نییە، ئادەمیزاد هەموو کاتێک بە سروشت بەستراوەتەوە، ئەم بەسترانەی بۆتە هۆی دروستبوون و هێنانەکایەی چەندان جۆر فیکر و خەیاڵ کە بۆ ئەو دەربازکەری ڕاستەقینەی بارودۆخی

ئـابووری و ژیـان و گوزەرانیی بووە، بەم جۆرە مرۆڤ هەتا بۆ بەرەو پێشـەوەی مێژوو قۆناغ بە قۆناغ هات گەلێ پەلبەسـتی و هۆشـبەسـتی بۆ خۆی دروسـت کرد، واتە کەڵکەڵەی بیر و بیرکردنەوەکانی، سـەرقاڵی دروسـتکردنی پشـتگیرییەکی سـروشـتی بۆ دابینکردنی پێداویسـتییەکانی ژیان و بەردەوامبوونی، پارێزگاریکردنی بایەخ و بەهاکانی مرۆڤایەتی سـەرەتایی، تا گەیشـت بەخۆبەخشـین بە خواوەندەکانی نێو خەیاڵی خۆی و نغرۆبوونی لەنێو ئەو تارماییە ئایینییانەی کە هەر لە داهێنانی فیکری خۆی بوو، لێرەدا ئادەمیزاد ئازادیی خۆی بە خەیاڵە پڕ لە لوغزەکەی خۆی بەخشی.

لە سـەردەمی گریکی کۆن و پێش ئەویش، سـەردەمی کلاسـیکی، هونەر پیشـەی هونەرمەند نەبوو، هیچ جۆرە کەسـایەتییەکی تایبەتی خۆشـی نەبوو، بەڵکو مرۆڤێک بوو خاوەن خەیاڵی فراوان و پڕ لە مەزەندەی خواوەندەکان، واتە نە هونەرمەند نە هونەر، بەڵکو داڕشـتنی خواوەند بۆ بەڕێوەبردنی خەیـاڵی کۆمەڵگـا و پـاراسـتنی لە

گیروگرفتەکانی سروشتی، شەڕ، هەروەها بۆ یاسادانان و بەها کۆمەڵایەتییەکان بوو.

ئەم پرۆسێسە لە سەدەکانی ناوەند و سەردەمی ڕێنسانس بەشێوەیەکی جیاواز دووبارە بووەوە، وەک ئاشکرایە لە سەردەمی ڕێنسانس هونەر کارێکی داهێنەرانەی کەسایەتیی تاکی هونەرمەند بوو، هونەرمەند بابەتەکانی خۆی لە ئایینێکی دیارکراو هەڵدەهێنجا و دەریدەبڕی، فیکر و خەیاڵی ئایینێکی جێگیر لەنێو کۆمەڵگادا بە ڕێگای هونەرەکەی دەیگواستنەوە بۆ سەر شێوەی بینین و بەدیمەنکردنی ئەم ئایینەی بەرچاو دەگرت، ئەگەر بێین لێکۆڵینەوەیەکی بچووک لەم بوارەوە بکەین، هەر لە سەردەمە کۆنەکانی پێش گریک تا دەگەین بە قۆناغی ڕێنسانس و پاش ئەویش، دەبینین فیکرەیەک هەیە لە ناوەرۆک و کرۆکی بابەتەکە خۆی حەشارداوە، ئەویش خواوەندە یا (خودا)یە بە مانا ئاسمانییەکەی ئایین و ڕۆح، کە هونەر هەمیشە خۆی پێ پیرۆز کردووە و بە شێوازی جیاجیا دەریبڕیوە، وەک تیۆریای هەڵسەنگاندن و بەدیارخستنی چۆنیەتی بەرهەمی هونەریش زۆر لە

نووسەران و فەیلەسووفانی ئەو سەردەمانەی کۆن لە بابەتی خودایی هونەریان دەربڕیوە. (مارسیلیۆ فیچینۆ) لە ساڵی ١٥٤٤ نووسیویەتی: "توانایەکی خوداییە، لە هەموو دنیا مەزنتر، بەخشندانە لە ناخی فریشتە و ڕۆحەکاندایە کە داهێنانی خۆیەتی (خودا)، بەم جۆرەش لای کوڕەکانی، ئەمە تیشکی خۆیەتی، لەوەی کە بەرهەمدارە و کاریگەرە بۆ داهێنانی هەر شتێک، ئەم تیشکە خوداییە کاریگەری خۆی دەگەیەنێتە سەر ئەوان، وەک نزیکتر لە خودا، کە یاسای هەموو جیهانە، زۆر زیاتر لە ماتێریای سەر زەوی: لەبەر ئەوە، ئەم هونەرە جیهانییە کە ئێمە بە تەواوی دەیبینین، لەنێو فریشتە و ڕۆحەکاندا زۆر ڕوونترە لەوەی بەرچاوی خۆمان." Erwin Panofsky

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەوا چەمکی هونەر تاکو سەدەکانی پاش ڕێنسانسیش چەمکێکی خودایی- ڕۆحی هەبووە. لەم ڕووەوە هونەر ئازادی خۆی لەم چەمکە بینیوە، هونەرمەندانیش بە شانازییەکی گەورەوە وەک پەیامنێری خودایی ئەم ڕۆحە فریشتەییەیان بە خەڵک گەیاندووە. بە مانایەکی تر، مەسەلەی ئازادی هونەر یاخود چەمکی

ئازادی لەنێو هونەر بەو شـــێوە نێگەتیڤە لەو ســـەردەمەدا وەرنەگیراوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بە نزیکبوونەوە لە خودا و ڕۆحی فریشتەکان ئەو تیشکە خودابیە بەدەست دێنن کە هونەرەکەیە، ئەویش پیرۆزە و لە کۆتایی درەوشـــانەوەی ڕووخساری خودایە، هەر بەهۆی ئەم فیکرەیەشەوە جۆری کارکردن و هەڵبژاردنی بابەت وەک شـــێوە و ناوەرۆک و دارِشـــتنی تـابلۆ و پەیکەر و بینـاســـــازی، لە ئەنجـامی بەهرەیەکی بێ هاوتا و ڕۆحێکی فریشـــتەیی و خوداییەوە دێت.

کـاری هونەری کە هونەرمەنـد پێی هەڵدەســـتـا، لەڕووی دارِشـــتنی فیگەر و تۆکمەیی ڕێژەی ئەنـدامەکـان و ئامادەبوونی ســـروشـــت بە وردەکارییەکی بێ پایان بە کرداری خودا بەراورد دەکرا، تـاوەکو ئەنجـامی فیکرەی پەیامی خودایی بە ڕوونی دیار بخەن. لە ئەســـڵدا هونەر بەهـایەکی ڕۆحی هەیە کە پەیوەســـتە بە مـانـای پیرۆزی داهێنەری ســـروشـــت و مرۆڤ، زۆر نزیکە لە ئـایینە ئاسمانییەکان، یاخود هەر لە سەرەتاوە (وەک لە سەردەمی گریکی کۆن، خواوەندەکان پەیکەری هونەرمەندانی ونن کە

دەیانپەرســـتن)، ئەم بەها ڕۆحییەیە کە هونەری گەیاندۆتە ئەو ئاستە، دوور لە هەموو لایەنە جیاجیاکانی کۆمەڵایەتی و جیاوازییە فیکرییەکان، تاکو ببێتە بەشـــێکی گرنگ لە کولتوور و چێژی جوانی و درەوشـانەوەی خەیاڵ و بیری مرۆڤ لە هەموو کونجێکی جیهان. لە ســـاڵی ١٦٧٢ پیترۆ بێللۆری دەنووســـێت: "فیکری نیگارکێش، پەیکەرســـاز، ئەنـدازیـار هەڵبژاردەیە لەنێوان جوانییەکـان، مەزنتر لە سروشت یا لە سەرووی سروشتەوەیە." هەمان سەرچاوە

لێرەدا ئـازادی هونەری لە قۆنـاغێکی مێژوویی لە ئـازادی هونەرمەندەکەوە دێت، لە هەڵبژاردنی ســـەربەســـتانەی و بۆچوونە فیکرییەکانی بەرانبەر ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژیێ، یا وەســـتان بەرانبەر بە ســـرووشـــتی پیرۆز کە کرداری خودایە. لەم حاڵەتە هەوڵدانی هونەرمەند ئەوەیە کە بگـات بە کەســـــایەتییەکی ڕەهـا لە بەهرە و توانـا پیرۆزەکەی ڕۆحی و هەناوێکی فریشـــتانەی بەخشـــندە و ئازاد.

ئازادی هونەری (دەربازبوونی) هونەر نییە لە ئایین و فیکر و ئـایـدیۆلۆژیـای ســـیـاســـی و کۆمەڵایەتی، بەڵکو ئەو

ئازادییەیە کە هونەرمەند لە کەشوهەوایەکی فیکریی خودی کەسایەتی و خەیاڵی هونەری لە قۆناغێکی مێژوویی خۆی لە حەقیقەتی دەربڕینی هونەرەکەیدا دەدۆزێتەوە.

ئەو قۆناغانەی دوا بەدوای ڕێنسانس هاتن، بەهۆی ئەوە کە کۆمەڵگای ئەوروپی شێواز و پێکهاتەی بەرەو گۆڕان ڕۆیشت و جۆرێک لە خێزانی پادشایی و ئورستۆکراتی هاتە کایەوە کە زۆر جیابوو لەوەی ڕابردوو، جگە لەوەش ئایینی مەسیحی کەوتە نێو باوەشی پادشایەتی و چینە ئورستۆکراتییەکەی دەوروبەری، هەڵبەتە هونەریش لەم بارودۆخە جیاوازە ئەو گرنگییەی پێشوو بە ئایین نادات بەقەدەر ئەوەی چینێک خۆی خاوەنی ئایینەکەیە، بەم جۆرە هونەرەکە لەباوەش خۆی دەگرێت و لە خزمەت چێژ و لەزەتی خۆیدا تەرخان دەکات: لە قۆناغی بارۆک و ڕۆکۆکۆ هونەر لەم چەمکە خودایییەی هونەری ڕێنسانس دەرچوو و چوارچێوەی پیرۆزی ڕۆحی شکاند، بەڵام نەک بە مەبەستی ئازادی هونەر لەم فیکر و بیرکردنەوە خودایییە، بەڵکو لە پێناو هونەرێکی پایەبەرز لەڕووی کۆمەڵایەتی پڕ لە ژیان، ئەویش بە پێویست دەکەوێتە نێو

باوەشـــــی ئەو چین و توێژەی کە گرنگی بە ژیان دەدەن. ناوەرۆکی بابەتەکان گۆڕان، بەم جۆرە شێوە و شێوازیش ڕەنگدانەوەی نـاوەرۆکەکـانە، بەڵام لێرەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە هونەر لەم قۆنـاغەی دوای ڕێنســــانس بەهۆی گۆڕانی سیستەمی کۆمەڵگا و جۆری ژیان و بیرکردنەوەی خەڵک (دوور لە ســیســتەمی ڕژێم و جۆری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگـا)، هەمیشـــــە بە ئـازادییەکی تـایبەتی چووە نێو بارودۆخی نوێی کۆمەڵگا، مەبەســــتم لەســـــەر ڕێچکەی ڕێنسـانس و پیرۆزداری هونەر وەک فیکری پایەبەرزی، لە بابەتە نوێیەکانی پادشایەتی و ئورستۆکراتی دەردەبڕێت.

ئەگەر ســـەرنجێک لە هەموو قۆناغەکانی دوای ڕێنســانس بدەین دەبینین هونەر هەموو کاتێک شــــتێک لە خودایی و ڕۆحانی فریشــتەیی دەربڕیوە، چونکە لەڕاســتیدا ڕەگەزی بنچینەیی هونەر ئێستێتیکای بوونە و (تیشکێکی خوداییە)، هەروەها هونەرمەند وەک مرۆڤێکی تایبەتمەند بە کارێک هەڵدەستێت کە زۆر دەگمەنە، خاوەن ئەو بەهرە پایەدارەیە کە دەتوانێ بە چاوێکی تەواو ئێســتێتیکی بڕوانێتە قووڵایی هەموو جموجووڵە ئینسانییەکان و سرووشت.

لە سـەدەکانی حەڤدەم و هەژدەم هونەر بە گشـتی و هونەری شـێوەکاری بەتایبەتی بە جۆرێکی تر چووە نێو ڕۆحانییەکی خودایی، قۆناغی ڕۆمانسـی بە ڕوونی ئەو لایەنە پیشان دەدات، کە لە بابەتە میتۆلۆژییە مێژووییەکان قووڵ دەبێتەوە و بینەر بەرەو ئەندێشـە فریشـتەییەکان دەبات. هونەرمەندانی ڕۆمانسـی وەک (کۆنسـتابل، تێرنەر، جریکۆڵد، دیلاکرۆ..) وەک پێغەمبەرانی هونەری لە بواری بابەت و پەیامی مرۆڤایەتی، جۆری دارِشـتن و تەکنیکی کـارکردن هـاتنە نێو ئەو گۆڕەپـانە و توانیـان گرنگیی هونەری کلاسـیکی گرێکی و ڕۆمـانی و ڕێنسـانس، بەشـێوەیەکی هـاوچەرخ بهێننەوە نێو هونەر. لێرەدا ئەو بابەتە میتۆلۆژیانە یاخود داستان و ئەفسانە کۆنەکان، هەر لە خواوەندە ئەسـتێرەکانەوە تاکو دانتێ، لە تێڕوانینێکی پیرۆزەوە بوون بە بابەتی سـەنگینی ئەم هونەرمەندانە لەو قۆناغە دیاریکراوە.

ئێمە دەزانین کە هونەر گەلێ گۆڕانکاری بەسـەرهاتووە، گەلێ قۆناغی بڕیوە، چەندان جۆر و شـێواز و ڕێچکەی لێ بۆتەوە، زۆر فیکر و فەلسـەفە و بۆچوونی جیاجیا لەنێو

هونەر هـــاتۆتە کـــایەوە، بەڵام مەزنی و پیرۆزی هونەر هەمیشــــە لە بەهرەداری و پلەوپایەی توانا مەزنەکان لە دارِشتنی شێوە و لە چوارچێوەی ئازادی هونەری خۆیەوە ئەنجـام دەدرێـت. مەبەســــت: هونەر خـاوەن ئـازادییەکی رِەهـــایە، لە نێو هەموو بوارەکـــانی ئـــایینی، کۆمەڵایەتی، ســـیاســـی، ئایدیۆلۆژی، خۆی لەشـــێوە مەزنەکان، شـــێوە جـدییەکـان، لەنێو بەهرەی رِاســــتەقینە و رِاســــتگۆ (بە لایەنگیرییەوە) دەدۆزێتەوە.

٢٠٠٦

## هونەری شێوەکاری، تراژێدی و کۆمیدی

هەر لە سەردەمی گریکی کۆنەوە بابەتە هونەرییەکان دوو شێوازی هەبووە و دوو لایەنی ژیانی گشتیی مرۆڤی لەخۆ گرتووە، تاکو ئەمڕۆ ئەم دوو لایەنە بەدرێژایی مێژوو هاتووە و دوو چەمکی هونەری لەنێو جیهانی فەلسەفە و تیۆریا دروست کردووە، چەمکی تراژێدی و کۆمیدی. لێرەدا ئێمە کە باس لە بابەتی ناوەرۆک و شێوە جیاوازەکانی دەربڕینی هونەری دەکەین دەبێ بزانین لەنێو چوارچێوەی کامە چەمک مامەڵە لەگەڵ بابەت دەکەین و جیاوازی لەنێوانیان چییە و هەر لایەک چ جۆرە بەرهەمێک دێنێتەکایەوە.

هونەری شێوەکاری لەسەر ئاستێکی زۆر بەرزی ڕۆحی و ویژدانی هاتۆتە کایەوە و مامەڵەی لەگەڵ کراوە، مرۆڤی تایبەتمەند و بەهرەدار کە هەمیشە خاوەن ژیانی تایبەتی و جیاوازە لەگەڵ خەڵکی تر بەم کارە هەڵساوە و دەربڕینی هونەری لە قووڵایی تراژێدیای ژیانی ئەنجام داوە، کێشەی مرۆڤ لەگەڵ سروشت و نهێنییەکانی، هەوڵ و تێکۆشانی لەپێناو هەستکردن بە بوونی خۆی، ناسین و زانیاری وەرگرتن، پیربوون و مردن لەنێو زەمەنێکی دیارکراودا، دروستکردنی چەندان جۆر فیکر و ئەندێشەی زیندووبوونەوە و بەهیوای بەدیهێنانی ژیانێکی تر لە دنیایەکی تر، هەموو ئەوانە، ئادەمیزاد لە نمایشە جیاجیاکانی خۆی بەدرێژایی مێژوو لەنێو تراژێدیاوە گەلاڵەی کردووە و دەبێتە مێژووی هەرە جددی هەموو ئاواتەکانی، ئەم بارودۆخەی مرۆڤ بەشێوەیەک لە شێوەکانی دەربڕین لە پێناو زاڵبوون بەسەر هەموو گیروگرفت و بارە نهێنییەکان و ئێشوئازارەکانی ژیان دایڕشتۆتەوە. لە سەردەمی گریکی کۆن شانۆ دەربڕینێکی ڕاستەقینەی کێشە فەلسەفییەکانی مرۆڤ بووە، کێشەی بوون و نەبوون، ژیان و مردن، نهێنییەکانی سروشت،

کێشـــــەی ســـــایکۆلۆژی (گەڕان بەدوای هۆ و ئـاکـام)، دروســــتکردنی خواوەنـدەکـان و گەڕان بەدوای نەمری، پاڵەوانی ئەم نمایشـــانەش لە شـــانۆکان، هەروەها لەنێو کۆمەڵگـاش هەمیشــــە ســــەرکەوتووە و خـاوەن وزە و بەهرەیەکی بێ وێنەیە، لەهەمان کاتیشــدا ئینســـانێکی پڕ ئێش و ئازارە.

هونەری جددی ئەو هونەرەی کە لایەنی جددی لە ژیـانی مرۆڤ و ســـەرقـاڵییەکـانی وەردەگرێت، ئەمەش هەڵبەتە دەکەوێتە نێو تراژێدیای ژیان و بە پێویســـت هونەرمەند داوێتە نێو لێکۆڵینەوەکانی فەلســـەفی کە پەیوەســـتە بە چـارەنووســـی مرۆڤ و مێژووی بوون و نەبوونی، ئەو هونەرمەنـدانەی کە بۆ ئەم لایەنە چ لە بواری شـــانۆ، مۆسـیقا، هـەروەها شـێوەکاری کاریان ئەنجامداوە لە ئەبەد ژیـاون، هەردەم هەوڵی جێبەجێکردن و داهێـنانی خودیـان داوە بـۆ گەیشـــتـن بە مەرامـی ســـەرەکـی، ئەویـش یەکلاکردنەوەی مەسەلەی بوون و نەبوونە، یاخود ژیان و مردنە، کە بە شـــێوازێکی تۆکمە و مێژوویی و تەکنیکێکی بەرز و پڕ توانایی دارشـــتنی هونەری کاری بۆ کراوە و

جۆرە مامەڵەیەک لەگەڵ بابەت و پێکهاتەی کاری هونەری کراوە کە مایەی ســــەرنج و بیرکردنەوەی مرۆڤ بێت لە هەموو کــاتێــک و شـــوێنێــک، وەک لە پەیکەرەکــانی میکێلئانجلۆ، تابلۆکانی لیۆناردۆ، ڕافاییل، یاخود ڤێلاســکێز، گۆیــا، دیلاکرۆ، تــاوەکو بە قۆنــاغە نوێیەکــان و ئەمڕۆش دەگەین، کە لە هونەری نوێ ئەم جۆرە توانــایە بەپێی زەمەن و بــارودۆخی کۆمەڵگــای مەدەنی، بەدی دەکرێــت، وەک ڕۆبێرت ڕۆشنێنبێرگ، ئەنسلم کیفەر، میگێل بەرشەلۆ و زۆرانی تر کە بەگشـــتی بیرکردنەوە و فەلســـەفەی هونەرییان لەســـەر بنچینەیەکی چارەنووســـی مرۆڤەوە داناوە و کات و شوێنیان نییە، بەپێچەوانەی ئەوە هونەرێک هەیە پێی دەڵێن کۆمیــدی کە لایەنی ڕووپۆشـــی ژیــان وەردەگرێت، دوور لە قووڵاییەکانی فەلسەفی و مەرامەکانی ئینسان، بەڵکو زیاتر لایەنی هەست و سۆزی کاتیی مرۆڤ ڕەچــاو دەکــات، بۆ خۆشـــگوزەرانی و هەڵخەڵەتــانــدنی وەهمەکــانی مرۆڤ بەڕێگــای ئەو شـــێوازە تــایبەتییــانەی داڕشــتن و پێکهێنانی بەرهەم کە مرۆڤ بەرانبەر بەشــێوە ڕووپۆشـەکەی ڕادەگرێت و سـەرسـامی دەکات، بێ ئەوەی بچێتە نێو قووڵایی، یــاخود بێ ئەوەی بــابەتێکی فیکری کە

چارەنووسی ئەوی لە پشتەوە بێت پیشان بدات. ئەم جۆرە هونەرەش هەر لە کۆنەوە هونەرێکی گشـــتی کۆمەڵایەتی چینە نزمەکان بووە و لە کاتێکی دیاریکراو دێنە ئەنجام و بە ماوەیەکی کورت لە ئاسۆی هونەر ون دەبن. ئەم جۆرە هونەرە لەو شـــێوازە نزیک دەبێتەوە کە خەڵکی ســـادە و ساکار پێیەوە سەرسام دەبن. ئەو دارِشتنانەش لەڕووی تەکنیـک و پێکهـاتەی کـارەکـان، زیـاتر بـازارِی و بێ بەرپرســیاری چارەنووســی ئینســانی و فیکریی هونەری دێنە ئەنجـام، لێرەدا گرنـگ نییە هونەر تـا چ ڕادەیەک دەکەوێتە نێو کێشـــەی وجودی و ململانێی ڕواڵەت و بارودۆخی مرۆڤ و دەوروبەرەکەی.

هونەری شـــێوەکاری جیاواز لە هونەرەکانی دی وەک شـانۆ، مۆسـیقا، شـیعر، تراژێدیا و کۆمیدیای وەرگرتووە، شـــێوەکاری بەڕێگای وەهمی شـــێوە بەدوای برینەکانی وجودیی هەمیشـــە زینـدوودا دەگەڕێـت، بەم جۆرە ئەم هونەرە مەعریفەیەکی ویژدانییە.

ژیـانی ئـادەمیزاد لەســـەر زەمین زەمەنێکی ئەبەدییە، زەمەنیش دیاردە و ڕووداوەکانی بەرچاوی مرۆڤە کە پێی

دەڵێت واقیع و حەقیقەت، بەڵام لەڕاستیدا واقیع و حەقیقەت وەهمی مرۆڤن، لە پێکهاتەکانی خەیاڵیەتی، یاخود دروستکردنی خۆیەتی، چونکە مرۆڤ پارچەیەکە لەو جیهانە گەورە و مەزنەی کەون و ئەو جیهانەی کە تێیدا دەژی، ئەو جیهانەیە کە کاریگەریی خەیاڵی دایهێناوە، کەواتە هونەرییە، بە زەمانەوە بەستراوە، مرۆڤی هونەرمەند ئەو شێوە خەیاڵانە دادەڕێژێت کە لە وەهمی خۆیدا زادەی قووڵایی وجودی ڕەسەنی خۆیەتی، لەنێوان کەسایەتی دیۆنیزی و ئەپۆلینی وەک دوو جیهانی ژوورەوە و دەرەوەی شێوەکان بابەتی تراژێدی دەهێنێتە کایەوە کە زەمەنێکی دیاریکراوی نییە و لە قۆناغێک ناوەستێت. بەم جۆرە هونەری شێوەکاری لە بنەڕەتدا هونەری زەمەنە، ئەم زەمەنەی بەستراوەتەوە بە کەینۆنەی ئادەمیزاد، بێ کۆتاییە.

مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە تاوەکو ئەمڕۆ پاڵەوانی هەموو ڕووداوەکانە، هەروەها ویستوویەتی و دەیەوێت بەسەر هەموو مەسەلەکانی ژیاندا زاڵبێت، تەنانەت ئەگەر هەرەس هاتوو و دۆڕاویش بێت وەکو سەرکەوتوو و زاڵ بوو

بەدیاردەکەوێت، چونکە مرۆڤ وەک بوونەوەر تەکامولێکی ئینسـانی نەکردووە و زۆری ماوە بەو مەرامە بنەڕەتییەی بگات کە لە وەهمیدا هەیە. نیتشـــە دەڵێ: "مرۆڤ پەتێکی بەستراوەیە لەنێوان ئاژەڵ و سوپەر مرۆڤ، پەتێک بەسەر دۆزەخدا". شـێوەکارانی بە توانا و ڕەسـەن لە سـەردەمی گریک و قۆناغی ڕێنســـانس و ڕۆمانتیکی لە کارەکانیان نهێنییەک هەیە ئەویش ئەو ڕەســـەنایەتییە تاکوتەنیاییەی بوونە کە بەشـێوە بەدیاری دەخەن (دەڵێم شـێوە، چونکە شـــێوە بەرگی وەهمی مرۆڤە کە چۆن دەیەوێت بابەتی تراژێدی کە دروســـتکەری دڵەڕاوکێی فیکری و کەلکەلەی بوون و نەبوونی کەسایەتی خۆیەتی، بەشێوەیەکی پیرۆز ببیندرێت)، ئەمەش ئاستێکی ئۆنتۆلۆژییە کە پاڵەوانان هەر لە کۆنەوە بەڕێگای نمایشـــکردنی شـــانۆیی خەونەکانی خۆیان پیشـــانداوە. لێرەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە مرۆڤی هونەرمەند دەیەوێت بە ڕێگای دارشـــتنی شـێوە، وەهمی ســـوپەر مرۆڤایەتی نێو خەیاڵی خۆی بهێنێتە ئەنجام و پاڵەوانێتیی بەرانبەر ئەو دۆزەخە کە زەمەنی ژیانیەتی، بۆ تەکامولبوونی بنوێنێت.

گرنگی و پیرۆزی کاری هونەری ڕاســـتەقینە تەنیا لەوەدا نییە کە خەڵکی بینەر چێژی شـــێوەیی لێ وەربگرن و بۆ ڕازاندنەوە و پڕکردنەوەی دیواری ماڵەکانیان، هەروەها بە گوێرەی هونەرمەندیش، دەبێ بزانێ کە ئەنجامدانی کاری هونەری تەنیا پڕکردنەوە و داڕشـــتنی ڕووبەری کارەکەی بە ڕەنگ و هێڵ و فۆرم و فیگەر نییە، بەڵکو لە یەکگرتنێکی کۆنکرێتی فیکریی کەســـــایەتی هونەرمەنـدەوەیە، وەک ئەرسـتۆتالیس دەڵێ: "پیاوە گەورەکان جیان لەگەڵ خەڵکی ئاسایی، وەک چۆن جوان و ناشیرین، ئەوان هەمیشە وەک تابلۆیەکی هەرەباشـــی ڕاســـتەقینەن، چونکە ئەوەی زۆر پەرشوبڵاوە لە یەک یەکەی یەکگرتوو کۆدەبنەوە."

٢٠٠٦

## دیسان ڕەخنەی هونەری

هیچ هونەرێک گەشە ناسەنێت و پێش ناکەوێت، لە هەمان کاتیشدا بەرهەمی داهێنراوی ڕاستەقینە نایێتەکایەوە بە بێ ڕەخنە و هەڵسەنگاندن لەلایەن خەڵکی پسپۆڕ و ڕۆشنبیر و زانایانی هونەر خۆی، ئەمەش بەڵگە نەویستە و هەر هونەرمەندێکی ڕاستگۆش هۆشمەندی ئەم مەسەلەیە بێت دەزانێت.

هونەرمەندان خەریکی داهێنانن و لە فیکری خۆیان شتێک دەهێننە کایەوە کە بەرهەمی هونەرییە، لەگەڵ یەکتری ئاڵوگۆڕی ئەو جۆرە بیروبۆچوونە دەکەن کەوا ئەوان وەک هونەرمەند لەو گۆڕەپانە فراوانە چالاکی خۆیان

دەنوێنن، یەک بەیەکتری دەڵێن هونەرمەند، بەڵام بەرانبەر ئەوان دوو توێژی زۆر گرنـگ هەن: یەکێکیـان ڕەخنەگر ئەویـدیکەیـان بینەر (خەڵـک) کە کـاری هونەرمەنـدان دەخوێننەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەن و بەهۆی ئەوانەوە هونەرمەندان پلەوپایەی هونەرییان بۆ دروســـت دەبێت و سەدای کارەکانیان بە مەبەست دەگا.

لێرەدا ڕۆڵی ڕەخنە بۆ پەیوەنـدییەکـانی نێوان هونەر و کۆمەڵگا و دروسـتکردنی قۆناغەکانی هونەری و داڕشـتنی تیۆریـای فیکری و فەلســـەفی بەپێی ئەو قۆنـاغەی کە کۆمەڵگـا تێیـدا دەژی زۆر گرنگە، هەرچەنـدە هونەرمەنـد مرۆڤێکی داهێنەرە و هونەریش کـارێکی تـاکەکەســـی بەهرەدارە، بەڵام ڕەخنەی هونەری بە مانـای لێکۆڵینەوە و هەڵســـەنگاندن و دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکان، هونەرمەند زیاتر بەهێز دەکات و هونەرەکەشی بۆ پیرۆزتر دەکات، ئەو هونەرەی بەبێ هەڵســـەنگاندن و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییە وەک درەختی بێ ئاوە، وشکە و هەرگیز بەرهەم نـاهێنی. گیروگرفتی ئێمەش ئەوەیە بواری ڕەخنەی هونەریمـان نییە، یـاخود قەیرانی فیکر و بیروبۆچوونی

هەڵسـەنگاندنە، هەروەها نەشـارەزایی لە بواری تەکنیکی هونەری و ناسینی توخمە سەرەکییەکانی پێکهاتەی کاری هونەری جۆرە ڕەخنەگرێک دروسـت دەکات کە زیاتر ڕسـتە ڕێزکردن و کاغەز پڕکردنەوە بە ڕەخنەی هونەری لە قەڵەم دەدات، ئەویش بەپێچەوانەی هیوا و ئاواتی ئێمە، ئەم جۆرە نووسـینە ڕووکەشـییانە (دەڵێم نووسـینی ڕووکەشـی نەک ڕەخنە) دەبنە هۆی دروسـت بوونی تێگەیشـتنێکی سـادە و ڕووکەشـیی هونەری لەلایەن بینەرانەوە، هەروەها وەسـتانی هونەرمەند لە ئاسـتێکی سـاکاری تەکنیکی و بێ فیکرییەوە، دوور لە پێداویسـتییە ڕۆحییەکـانی بینەر. ڕەخنەی هونەریی ڕاسـتەقینە و زانسـتیانە ئاسـۆیەک بۆ هونەرمەندان بەدیار دەخات کە هەردەم بەرەو کۆنکرێتبوونی هونەرێکی هـاوچەرخ و هاوکێشە کۆمەڵایەتییەکان بڕوات و دەربڕینێکی ڕاستەقینە بێت لە قۆناغ و چارەسـەری گیروگرفتە تەکنیکییەکانی هونەر بکات، خاڵێکی تری زۆر گرنگ هەیە، کە نە ڕەخنەگر نە هونەرمەنـد ئـاگـادار نینە ئەویش کوردسـتـان وەک کۆمەڵگا هێشتا نەبۆتە خاوەن ژێرخانی ئابووری و فیکریی کۆمەڵایەتی تاوەکو سـەرخانێکی ڕۆشـنبیری و هونەری

خۆی هەبێت و پێی بناسرێتەوە، هەر ئەمەشە زیاتر بۆتە هۆی پەرتەوازە و لێکدابڕانی هونەرەکان (مۆسیقا، شێوەکاری، شانۆ، سینەما، شیعر..)و زۆر لایەنی دیکەی ڕۆشنبیری.

چارەنووسی ڕۆشنبیری و هەموو لایەنە هونەرییەکان لەسەر یەک بنچینە و بنەمای کولتووریی کۆمەڵایەتییەوە هاتووە و بەیەکەوە گرێدراوە، بەبێ ئەو هەلومەرجە زانستیانەی کە دەبێتە مایەی بەیەکەوە گەشەسەندن و پێشکەوتن، هەمیشە هونەر و ڕۆشنبیری بە سستی و ساکاری، بێ هێز، لەنێو چوارچێوەیەکی داخراو و بێ کەڵک دەمێنێتەوە و هیچ کاریگەرییەکی مێژوویی بەسەر کۆمەڵگادا نابێت، بەڵکو زیانیشی دەبێت.

لە وڵاتانی خاوەن مێژووی هونەری و ئەدەب و فەلسەفە، لە هەر قۆناغێکیان چ جۆرە گۆڕانکاری و گەشەسەندن لەلایەنێ َک لەم لایەنانە (فەلسەفە، ئەدەب، مۆسیقا، شێوەکاری، شانۆ، سینەما) هاتبێتەکایەوە، ئەوا لە بەرانبەری هەمان گۆڕانکاری و پێشکەوتن لەلایەنەکەی تر هاتۆتەدی. وەک لە سەردەمی ڕێنسانس لە ئیتالیا، بۆ

نموونە، کە گەشـــەســـەندن و پێشـــکەوتن لە هونەری شـێوەکاری لەسـەر دەسـتی هونەرمەندانی وەکو لیۆناردۆ داڤنشـــی و میکێلئانجلۆ و زۆری تر هاتەدی، لە ئەدەبیش داهێنەری وەک دانتێ و لە سیاسـەتیش وەکو ماکیاڤێلی، لە بیناسـازی و دیزایینیشـەوە بە هەمان ئاسـت ئەندازیارانی بەهرەدار، وەک بێللینی و زۆرانی تر کاری زۆر گرنگیان بە ئەنجام گەیاند، لەڕووی ڕەخنەشـــەوە بەهەمان شـــێوە هونەرمەنـد و ڕۆشـــنبیری وەک ڤـازاری و دی پلێنیۆ هەڵســـەنگـانـدنی ئەو هەموو جموجووڵە و چـالاکییە هونەرییانەیان دەکرد، هەروەها لە ســەردەمی شــۆڕشــی فەڕەنســی و دواتریش کە جۆرەها قوتابخانەی هونەری و ئەدەبی و ســیاســی هاتنە نێو گۆڕەپانی ســەردەم، وەک ڕۆمانسـی و ڕیالیزمی و زۆری تر. ئەم پرۆسـێسـە هەموو وڵاتـانی ڕۆژئـاوای گرتەوە و تـا وەکو ئەمڕۆش لە گەشـــەســـەندن و پێشـــکەوتندا، لەســـەر ئاســـتی هەموو هونەرەکـان بەردەوامن. لێرەدا دەبێ بزانین کە ڕەخنە و هەڵســـەنگـانـدن و لێکۆڵینەوەی هونەری کـارێکی زۆر زەحمەتە، بەرپرسـیارییەکی گەورەی مێژوویی لە ئەسـتۆی خۆی دەگرێـت، لایەنێکی زۆر گرنگە لەســـەرخـانی

ڕۆشـــنبیری میللەتێک، تیشـــک دەخاتە ســـەر ئەو کارە مرۆڤایەتییە ڕاستەقینەیەی کە مانا بە شتەکان دەبەخشێ، هەر لەبەر ئەوەشـــە مـرۆڤـی ڕەخـنەگـر پـێـویســـتە ڕۆشـــنبیرییەکی بەرفراوانی هەبێت و هەموو نهێنییەکانی هونەر بناسـێت، بە وردی شـێواز و سـتایلە جیاوازەکانی هەر قۆناغێک و هەر هونەرمەندێک لەیەک جیابکاتەوە، لە هەمـان کـاتیش ئەو لایەنە نـادیـار و تـاریکـانەی بەرهەمی هونەری بۆ خەڵک ڕوون بکاتەوە، لەلایەکی دیکەشـــەوە ڕەخنەی هونەری وەک کارێکی سـەربەخۆ، لەبواری خۆیدا هونەری دووەم دەگەیەنێت، بە واتـای ئەوە کە ڕەخنەگر خاوەن بەهرەیەکی تایبەتیی دەگەیەنێت، بە واتای ئەوە کە ڕەخنەگر خـاوەن بەهرەیەکی تـایبەتیی تێڕامـان و تیژبینی بابەتی ناوەرۆکە، بەشـــێوە داڕێژراوە و دەیکا بە بابەتێکی تر، یاخود فۆرمی نووســـینی پێدەبەخشـــێت، لە هەمان کاتیشدا بایەخ و بەهای ئێستێتیکی بۆ کاری هونەری دابین دەکات، دوور لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە.

ئەمڕۆ لە کوردســـــتـان جموجووڵ و چـالاکی زۆر و هەمەشـــێواز هەیە، چەندین پەیمانگا و کۆلێژی هونەری لە

شـــارەکان کە کۆمەڵێ مامۆســـتا وانەی لێ دەڵێنەوە، بەڵام بە کەموکوڕییەکی زۆرەوە، ئەوەی کە زۆر بە ڕوون و ئـاشـــکرا دیـارە کەمتەرخەمییەکی یەکجـار زۆر هەیە لە بواری خوێندنەوەی مێژووی هونەری جیهانی و ناوچەیی، کە تـاکو ئێســـتـا نەبۆتە وانەیەکی گرنـگ لە پەیمـانگـا و کۆلێژەکـانمـان و مـامۆســـتـای تـایبەتمەنـدیـان بۆ دابین نەکراوە، کەچی لەم خوێنـدنگـایـانە (بەتـایبەتی کۆلێژە هونەرییەکان) دەبوایە بەشـــێکی ســـەربەخۆی مێژووی هونەر و ڕەخنەی هونەری هەبوایە کە لەم بەشـــە چەندان جۆر وانەی تیۆری و شـــیکردنەوەی کاری هونەری تێدا دەخوێنـدرێت و چەنـدین کـادیر و ڕەخنەگری هونەری و مێژوونـاســـمـان بۆ دابین دەکرێـت کە بەلای کەم لە دوارۆژێکی نزیک کەلێنێکی گەورە لەم بوارە پڕدەکەنەوە، ئەو کـاتە (هونەرمەنـد پێویســـت نـاکـات هەموو ڕۆژ دووبارەی ئەوە بکاتەوە کە بڵێ من هونەرمەندم).

٢٠٠٧

## هونەر لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و ئینسانییەوە

لەنێوان هونەر و جەماوەر کێشەیەک هەیە بەدرێژایی مێژووی نوێی کۆمەڵگای ئینسانی تاوەکو ئەمڕۆ چارەسەر نەکراوە، بەڵکو ئاڵۆزتریش بووە، ئەویش ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی- ئینسانییەیە کە هەردوولا لە یەکتر چاوەڕوان دەکەن، بێ ئەوەی یەکتر سەرزەنشت بکەن، لەنێو خۆیان بەشێوە تەئنیبێکی کڕوکپ ماوەتەوە.

جەماوەر (میللەت) هونەرێکی دەوێ تێی بگات و لەگەڵیدا بژیێت و هەمیشە چێژی لێ وەربگرێت، لەواقیعی ئەودا هەڵقوولابێت و بۆ سروشتی ئینسانی بگەڕێتەوە و پیرۆزداری هیوا و ئاوات و چارەنووسی ئەو بکات، کەچی

بەپێچەوانەوە دەبینێت تا دێت هونەر لێی دوور دەکەوێتەوە و بەنێوی نوێخوازی و گەشـــەســـەندن و پێشـــکەوتن، بۆ ناوخۆی، لە گۆشەیەکی سنووردار وەک بڵێی هونەرمەندان توێژێکی ســـەیروســـەمەرەی دەرەوەی میللەت بن، خۆی لوولداوە.

مێژووی ئینسان پڕە لە ڕووداوی هەمەجۆری کۆمەڵایەتی، لە تراژێدیا و دراما، داڕمان و نەمان، جوانی و ناشـــیرینی، خۆشـــی و ناخۆشـــی، لە هەژاری و پەککەوتوویی، چەندان مرۆڤی جوان و لێهاتووی هاوچەرخ و داهاتووی کۆمەڵگا، هەمووی ڕواڵەتی بەرچـــاوی مرۆڤ خۆیەتی و ئەویش حەقیقەتی ژیانە، تاوەکو ئەمڕۆ بەردەوام بووە و هەرواش بەرەو داهاتووش دەڕوات، ئەم ڕووداوانە بە خۆشـــــی و ناخۆشییەوە، هەر لە سەردەمی گریکی کۆنەوە تاکو ئێستا ڕووی ڕاســـتەقینەی مرۆڤ و کۆمەڵگا دەنوێنن لەوەی کە مرۆڤ (وەک کۆمەڵگـــا) هەمیشـــــە ویســـــتوویەتی بە ئەنجامێکی کۆتایی چارەنووســـی ژیان بگات. ئەمەش هەر لە کۆنەوە لەنێو ئەدەب و هونەر ڕەنگی داوەتەوە (یاخود مـرۆڤ ئەو زەمەنە خەیـاڵییە وەردەگرێـت کە تێیـدا

بەردەوامی خۆی بۆ تێگەیشـــتن و گەڕان بەدوای ئەنجامی کۆتایی ئەو چارەنووسەی لە واقیعدا پێی ڕانەگەیشتووە و کاتی واقیعی بەشی نەکردووە، پێی بگات). ئەو ئەفسانانەی وەک گلگامێش، دروســــتکردنی پەیکەری خواوەندەکانی گریک، شـارسـتانی فیرعەونی و هەڕەمەکانیان، مۆسـیقا و ئاواز، نیگارکێشـــان، شـــیعر و ڕۆمان... هەمووی گرنگیان بەو ڕووداوانە داوە کە کۆمەڵگا تێیدا ژیاوە و بەســــەری هاتووە، لە کۆتاییش بەشێوەیەکی ئەبەدی لە شاکارەکانیدا تۆماری کردووە.

ئایا لە هونەری نوێ ئەم جۆرە شاکارانە هەیە کە لەهەموو زەمەنەکـان جێگـای خۆی لە هۆش و دەروونی کۆمەڵگـا کردبێتەوە و نەمریی خۆی نواندبێت؟

ئەو هونەرەی لە ســـەردەمی ڕێنســـانســـەوە تاکو کۆتایی ڕۆمانتیکی (سـاڵانی ١٨٥٠ لە فەڕەنسا) پەیڕەو دەکرا، ئەوە بوو کە هونەر مەزنی و پیرۆزی خۆی پیشـــان بدات و کـاری هونەری (جگە لە بەهرەی بێ وێنەی کەســـی هونەرمەند) ڕواڵەتێکی ڕاســـتەقینەی ژیانی ئینســـان بێت، جێگای ڕەزامەندی و چێژی ڕۆحی و ســـەرسـامی بینینی

ڕووداوەکانی ئەنجامدراو بێت. پەرەسەندنی هونەری شێوەکاری لە قۆناغەکانی ڕیالیزمی تاوەکو کۆتایی ڕۆمانتیکی نزیکبوونەوەیەکی عەقڵانی و ڕۆحی بوو بەلای میللەتەوە، بەڵام لەدوای قۆناغی ڕۆمانتیکی ئەو گۆڕانانەی کە لە هونەردا هاتنەکایەوە، میللەتی کرد بە دوو بەشەوە، دوو توێژی (تێگەیشتوو) و (تێنەگەیشتوو)، بینەری دووانەیی دروست بوو، خەڵکانێک چێژی لەم هونەرە وەردەگرت، بەم جۆرە کۆتایی بە پیرۆزی هونەر هات، ئەو هونەرەی کە لە دەروونی خەڵک بێ جیاوازی و توێژگەری دەژیا.

هونەری نوێ لە سیزانەوە حاڵەتێکی دەروونی شیزۆفرینیایی لای خەڵک دروست کرد. بێ هیوایی، ناڕەزایی، ڕەشبینی، شێواندنی شێوەی جوانی و گومانی ئێستێتیکی، ونبوونی پێوانەی هونەری ڕاستەقینە، تێکەڵاوبوونی شێواز و ستایلی جۆراوجۆر و پەیدابوونی هونەرمەندانی بێ بەهرەی تەکنیکی، ئەوانە هەموو بەیەکەوە قۆناغ بە قۆناغ تێکەڵاو دەبن لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگای پیشەسازی و شارستانی، هەروەها

هاتنەکایەوەی سیاسـەتێکی جیاواز لەڕووی دیموکراسـی و گەشــەســەندنی ســیســتەمی پەرلەمانی لە ســەرتاســەری ئەوروپا، ئاڵۆزییەکی فەلسـەفی و فیکری لە نێو هونەرەکان بەتایبەتی هونەری شێوەکاری دروست کرد.

بۆ نموونە، Jose Ortega y Gasset دەڵێ: (ڕۆمانسیزم بەشـێوەیەکی مەزن سـتایلێکی میللی بوو، کوڕی نۆبەرەی دیموکراســـی بوو و لەلایەن جەمــاوەرەوە گەورەترین مــامەڵەی لەگەڵ دەکرا، کەچی هونەری نوێ جەمــاوەر هەمیشــــە دژیەتی، بەڵکو خۆی لە خۆیدا نامیللییە، لەوەش زیـاتر، دژی میللەتیشــــە). میللەت یـاخود جەمـاوەر وەک داریوش شــــایغان دەڵێ: (کوتلەیەکی قەدەرییە، هەمیشــــە لەســــەر حەقە) نایەوێت هونەر لێی دووربکەوێتەوە، یان دابەش بکرێـت بەســــەر کۆمەڵێ (تێـدەگەن)، کۆمەڵێکیش (تێناگەن).

شــــاکارەکانی هونەرمەندانی ڕێنســــانس، یا ئەو قۆناغە ڕیالیزمانەی دوای ئەو بە هەموو شـێوازەکانیانەوە، هەر لە ســــەردەمی جیۆتۆ تـا دەگەیتە گۆیـا و دیلاکرۆ، کـاری هونەری (تابلۆ، پەیکەر، بیناســــازی) داڕشــــتنی واقیعێکی

هونەری ئێســتێتیکی، کە لەهەموو شـێوەیەک مرۆڤ ڕۆڵی ســـەرەکی تێـدا دەبینێ چ لەنێو کـارە هونەرییەکە چ لە دەرەوەی. (لە جیهانی ئێمە بوونی هونەر چارەنووســی بە گومانێکی قووڵ نیشانکراوە، بەهۆی بانگەشەی ئەوە کە بە فیکرێکی زاڵبوو بەســـەر عەقڵدا، ئەگەری کۆتایی هاتنیەتی، بەرانبەر گومـانی ئەگەری مردنی هونەر، (قەیرانی جوانی) بەدیاردەکەوێت، کە بە بۆچوونێکی ئایدیۆلۆژی ئەو سـەدو پەنجا ساڵەی دوایی ژیانی هونەری پڕ کردووە.

(بەهۆی فیکری ئەڤانگارد لە ســەرەتای ســەدەی بیســتەم ئاســۆی ســەقامگیری هونەر لەنگ بوو و دەســتی پێکرد بشـڵەژێت، وایکرد ئەسـتێرەی پایەداری و ڕۆحانی هونەر کە بەدرێژایی چەندان ســـەدە لە دابونەریتی کولتووریمان کۆبۆتەوە بە مــاوەیەکی کورت بڕژێتە خوار و ببێ بە خۆڵەمێش)Jose Jimenes .

هەڵبەتە هەر قۆناغێک خاوەنی پاشـــخانێکی هونەری و کۆمەڵێ هونەرمەنـدی بەهرەدارە، کە لە مۆزەخـانەکـانی جیهان هەڵواســـراون، تاکو ئەمڕۆش هەمان هەســـت و جۆشـــی هەوەڵیمان پێدەبەخشـــن و پەیامی مرۆیی خۆیان

دەگەیەنــن. ئەو شـــــاکــارانەی کە لە زەمەنــی نــویَ هـاتوونەتەکایەوە و داهێنانی گەورەن، (کە زۆر دەگمەنن) بەردەوامی ئەو دابونەریتە هونەرییە مەزنە و پیرۆزەیە کە هونەری ڕاســتەقینە لە کۆنەوە لەســەری بنیادنراوە، بەڵام دیسان بیَ گیروگرفتی ئینسانیی نییە.

تــابلۆی "گێرنیکــا"ی پیکــاســـۆ کە پێشـــتر بە نموونە هێنـاومەتەوە بە شـــێوازێکی نوێی ســـەدەی بیســـتەم کێشـــاویەتی، دەبینین پیکاســـۆ گرنگی بە هەموو لایەنە تەکنیکی و داڕشــتن و ڕەهەندەکان داوە بۆ گەیشــتن بەو حاڵەتەی کە چێژ و تێگەیشــتنی خەڵک یەک بگرێت. لێرەدا هونەرمەند ڕووداوە واقیعییەکەی نەگواســـتۆتەوە، بەڵکو کاریگەری ڕووداوەکەیە کە چۆن پیکاسـۆی وروژاندووە، ئاواش بینەر دەورووژێنێت، کەچی لە تابلۆی "لە کوشتاری (شـــیۆ)ی دیلاکرۆ ڕووداوە واقیعییەکەی بەشـــێوەیەکی شـــانۆگەری تراژێدی وروژێنەر گواســـتۆتەوە، تاوەکو تـاهەتـایێ کاریگەری ڕووداوەکە لە هەســـت و دەروونی مرۆڤ لە هەموو زەمەنەکان جێگیر بکات. مامۆسـتایەتی و بەهرەمەندی دیلاکرۆ لە داڕشـــتنی ئەم تابلۆیە: تراژێدیای

واقیعێک بە شێوازی ڕۆمانتیکی، زۆر ئینسانی، هەر لە پەڵە هەورەکـانەوە تـا دەگـاتە ڕەنـگ و دەربڕینی ســـیمـای کەســـەکانی نێو تابلۆ، دەردی ڕووداوەکە دەچێژن و بینەر دەخەنە هەمان دۆخی تراژێدیا.

هونەرمەنـدی نوێخواز بە مەبەســـتی ئەڤـانگـاردیزم کە دەبینێت سـیسـتەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا پێشـکەوتووە و بواری تەکنۆلۆژی زۆر گەشـــەی ســـەندووە، تاڕادەی تەشـــەنەکردن بۆ نێو دەروونی ئینســـان و لەنێو زەمەنێکی کورت گەلێ دەربڕین و بابەتی ڕۆژانەی جیاواز و (گشتگیر بە گوێرەی هونەرمەنـدان) کۆ دەبێتەوە و لەپـاڵ تیژڕۆیی زەمەنی نوێ ئەنجام دەدرێت، بیر لە بێ وێنەیی دەکاتەوە، چۆن کارێک ئەنجام بدا کە نەکرابێت. لەم حاڵەتەدا تەواوی تەرکیزی فیکریی هونەرمەندەکە لەســـەر دۆخی هونەرە، (هونەر بۆ هونەر) نەک بۆ بینەر، یاخود بە چەمکی پەیامی میللی تا بەشـداری زنجیرەی کولتووری میللەت بێت، وەک چۆن لە ڕێنسانسەوە هاتووە.

لێرەدا هونەرمەندی نوێخواز ئازادی و سـەربەستی ڕەهای کەســـایەتی خۆی لەنێو ســـیســـتەمێکی کۆمەڵایەتی ئازاد و

دیموکراسـی، بۆ ئەنجامدانی کارەکەی بەکاردێنێ، نەک ئەو بەهرە هونەرییەی کە لە سـەر بنەمای یاسـای ئێسـتێتیکی دامەزراوە، کە بینەر تـاقیگەی ڕاسـتەقینەیەتی و هیچ زەمەنێکی دیارکراوی نییە.

نوێ، لە هونەری شـێوەکاری چەمکێکی بـازاڕییە زیـاتر لەوەی هاوچەرخی زانسـت و تەکنۆلۆژیا و گەشـەسـەندنی بیناسـازی و فیکری ئابووری کۆمەڵایەتی بێت، یاخود بتوانێ شـانبەشـانی سیسـتەمی سیاسـیی بە گۆڕانکارییە یـاسـاییەکـانی حوکمـدراوی وڵاتـانی پێشـکەوتوو بە شـێوەیەکی عەقڵانی و ڕۆحی بڕوات. هەموو سـیسـتەمە سیاسـییەکان (بەدیموکراتیشـتەوە) ڕازین بە هەموو زاراوە نوێیەکـانی نێو گۆڕەپـانی هونەری: (مۆدێرنیزم، پۆسـت مۆدێرنیزم، ئەڤانگوارد، پۆسـت ئەڤانگوارد و زۆری تر... (هەرچەنـدە هەنـدێ لەو زاراوانە پێش ئەوەی لە هونەر بەکاربێت، لەبواری چەک و سـوپا بەکارهاتووە)، تا ئەو ڕادەیەی کە نزیکی بە مودێرنیزمکردنی سیستەمی سیاسی حکوومی ناکەونەوە. "ئالان تورین" دەڵێت: (ئازادبوون لە سانسۆر و شێوەی ڕژێمە باوەکان ڕێگا بە شادمانی دەدا،

بەڵام نایپارێزێ، بانگەشـــەی ئازادی دەکا، بەڵام لە هەمان کات دەیخاتە ژێر ڕێکخراوێکی چەسپاو بۆ بەرهەمهێنان و بەکارهێنان Antoni Tapies .

هونەری نوێ ئەمڕۆ زیاتر لە ســەرەتاکانی دروســتبوونی تووشــی دووڕیانی و پەرشــوبڵاوی بۆچوونی ســتراتیژی هۆکارانەی ســتایل و نمایشــکردنی ســەمەرەیی بووە، واتە زۆرجار بەبێ هۆ هاتۆتەکایەوە و بەبێ هۆ بەردەوام بووە، بەڵام چەقبەســـتوو لە قۆناغێکی کورت لەبیردەکرێت، بۆ ئەم مەبەســـتەش هەمان نووســـەر پرســـیار دەکات: (ئایا نوێخوازی لەنێو پڕوپووچیدا ون نـابێت. گرنگی بە داوا بازاڕییە هەرە ڕاســـتەوخۆییەکان نادات، ئەوانەی کەمترین بایەخیان هەیە؟).

وابزانم ئەم ڕازونیازە ئەزەلییە ئینســـانییەی کە بەدرێژایی مێژووی بوونەوەر لەســـــەرزەمین، لە ناخی مرۆڤ (وەک تـاک و کۆمەڵگا) هەیە، کـاتی بۆ نییە تـا دابین بکرێت و کۆتـایی پێ بێـت، بەڵکو هـێزێکی دینـامیکییە بۆ بەردەوامبوونی لە داهێنان و گەڕان بەدوای هەرەگەورەیی خۆی، یا بۆ بوون بە مرۆڤی ڕاســـتەقینە وەک نیتشـــە

مەبەستییەتی، هونەر بەگشتی شوێنێکی خەیاڵی و جێی متمانەی پیرۆزیی بەهای بوونی ئینسانە کە هەموو لایەنە جوان و شیرینەکانی خۆی تێدا بەدی دەکات، ئەگەر هونەر لەم چەمکەی ترازا و بوو بە شوێنێک کە ئینسان جێگەی لێ نەبێتەوە و ڕۆحی خۆی تێدا نەبینییەوە، ئەوا بەرپەرچدانەوەی هەردوولا دروست دەبێ.

**ڕۆژهەڵات و هونەری نوێ**

ئەم ڕێبازە خۆی لە خۆیدا ئەوروپییە، لە ناوەڕاستی سالانی هەشت سەدەکان لە فەڕەنسا سەری هەڵدا و بەرەو دەوروبەر بڵاوبۆوە، هەڵبەتە ئەوەش زەمینەیەکی خۆی هەبووە کە خۆی بەسەر هەموو هونەرەکاندا بسەپێنێ و زاڵ ببێت، وەکو بنچینەی شۆڕشی فەڕەنسی ڕۆڵێکی زۆر گرنگی لەو پرۆسێسە گێڕاوە، پێشەکی لایەنی سیاسی و فیکری کۆمەلایەتی گرتۆتەوە، ژێرخانێکی ئازادی و سەربەستی بیروباوەڕ و فەلسەفەی نوێی هێنایەکایەوە، کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی کردە سەر ئەدەب و هونەر بەگشتی: ڕامبۆ، لۆتریامون، بۆدلێر، مالارمێ، زۆلا، مۆسیقاش، وەک دیبوسی، شێوەکارانی وەک

دیلاکرۆ، سـیزان، پیسـارۆ و هەموو هونەرمەنـدانی ئیمپرێسـیۆنیزم، تادەگەیتە ڕێبازە هەرە نوێیەکانی پۆسـت ئەڤانگوارد، لە سەرتاسەری ئەوروپا و ئەمەریکا بڵاوبۆوە، هەر وڵات و میللەتێکیش بەشـی خۆی لە تایبەتمەندێتی کەسـایەتی کۆمەڵگاکەی تێدا نواند. ئێکسـپرێسـیۆنیزمی ئەڵمانی جیابوو لەگەڵ هی فەڕەنسـی، یان ئینگلیزی یا ئەمەریکی... هەروەها لە بواری ئەبستراکت بە هەمان شێوە جیـاوازەکـان، لە نێوانیـانـدا هەبوو، بەڵام بەگشـتی یەکگرتنەوەیەکی بنچینەیی لەنێوان میللەتـانی ئەوروپی و ئەمەریکی بەدی دەکرا، ئەویش بنەمـاکەی بەربەرەکـانێی ئابووری و پیشەسازی لەنێوانیان، کە بووە هۆی تیژڕۆیی پێشـکەوتن لە هەموو بوارەکانی ژیان. لێرەدا، پرسـیار ئەوەیە: چـۆن ئەم ئەدەب و هـونەرە نـوێیە گەیشـتە ڕۆژهەڵات، کە تائێسـتا زۆریان هێڵی شـەمەندەفەریان لێ نییە؟

هونەرمەندانی ڕۆژهەڵات خۆیـان بەیەک پـارچەیی لەگەڵ بارودۆخی گشتیی هونەر لە جیهان دەژمێرن، چون هونەر کـارێکی ئینسـانی- ڕۆحییە و ئەوانیش هەر هەمـان

کاریگەری لەســـــەر هەســـــت و دەروون دەنوێنن، بەڵام هەمیشــە ڕووبەڕووی ئەو کێشــەیە دەبنەوە، کە ئەم جۆرە هونەرە نوێیە (هەروەهــا کلاســـــیکی و قوتــابخــانەکــانی دیکەش) لەســـــەر زەمینەی ئەوان، واتە لە ڕۆژهەڵات وەک پێویســـتی پێشـــکەوتن و گەشـــەســـەندنی ســـیســـتەمی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سـیاسـی، سـەری هەڵنەداوە، بەڵکو لە ئەورووپــا و ئەمەریکــاوە بەڕێگــای زاڵبوون و توانــای بەکــارهێنــانی کــاریگەری ئــابووری و بەرژەوەنـدییەکـان چەسپاندنی جیهانگەرایی هاتۆتە ڕۆژهەڵات.

کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵات خاوەن مێژوویەکی کولتووری و ڕۆشـنبیری زۆر کۆنن و پاشـخانێکی زۆر گرینگیشـیان بۆ بەجێمـاوە، لە کتێبخـانە و هونەری مینـاتۆر و ئەندازیـاری بیناسـازی و پزیشـکی و ماتماتیک و زۆر لایەنی ئەدەبی و فەلســـەفی بەهادار و ئینســـانی، کە بەگشـــتی گونجانێکی ڕۆحی لەنێوانیـان بەدی دەکرێـت، هەروەهـا لەنـاوخۆی ژیاوە و هەمیشـــــە بۆ ناو خۆی گەڕاوەتەوە. ئەنجامدانی کاری هونەری و ئەدەبی لەو ڕوانگەوە هەڵدەقوولێت، بیر لە قووڵایی ڕابردوو دەکەنەوە، چونکە ڕەسـەنایەتی هەموو

ڕەگەزە ڕاســــتەقینەکـانیـان لە ڕابردوو دەبیننەوە، پـاش تێپەڕبوونی چەندان ســـەدە، ســیســـتەمی ســیاســی و کۆمەڵایەتی هەر لەســەر بنچینەی ڕابردوو بنیاتنراوە، نەوە لەدوای نەوە پاتریارکی چ بە شـــێوەی پادشـــایی یاخود خێڵەکی ڕەگی داکوتاوە، ئەویش خۆی وا بەدیارخســت کە پرۆسێسی پێشکەوتنی فیکری و گەشەسەندنی پیشەسازی و ئابووری نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بۆ ئەوەی لە جیهان دانەبڕێت و لاچەپ نەکرێت ڕووی خۆی دایە ئەورووپا و ئەمەریکا، بێ ئەوەی دابونەریت و کەسایەتی خێڵەکی خۆی بگۆڕێت، (ئەوا جگە لەوەی ئەو وڵاتانە هەر یەکێ چەندان ســاڵ، بەڵکو ســـەدە لەژێر دەســتی ئیســتعماری وڵاتانی ئەورووپی و ئەمەریکی بوون بێ ئەوەی سوود لە زانست و پێشـــکەوتنی بوارەکـانی کۆمەڵایەتی، وەکو هونەر و پیشەسازی ئەوان وەربگرن)، بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی بیســـتەمەوە ڕۆژئـاوا بەهۆی تیژڕۆیی پێشـــکەوتنی زانســـتەکان وایکرد جیهان بچووک ببێتەوە و کۆمەڵگاکان لەیەکتر نزیک ببنەوە و کاریگەرییەکان ڕاســتەوخۆ ئەنجام بگەیەنێ، بەتـایبەتی لە بواری هونەر و ئەدەب، کە کـاری داهێنانی تاکە کەســـییە، هونەرمەندانیش توێژێکی ئازادی

نێو کۆمەڵگاکانیانن و بۆچوونە نێو نوێخوازی هەمیشـــــە ئامادەن.

لەنێوان ئەو پەنجا ساڵەی دوایی، هونەرمەند و ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵات بەهیوای ئەوە بوون گۆڕانکـاری گەورە لە سیاسەتی وڵاتەکانیان ڕووبدات، سیستەمی دیموکراسی و گەشـەسـەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بێتەکایەوە، کەچی ئەوەی کە دەبینن سیاسەتێک و کۆمەڵگایەکی چەقبوستوو، پابەند بە ئەوروپا و ئەمەریکا، بێ ئەوەی هیچ ڕوووبدا.!

لێرەدا هونەرمەندان لە خاڵی سـفرەوە دەسـت پێ ناکەن، بەڵکو دێن وەک سـەرخانی هونەری جیهانی بەردەوامیی هونەرێـک دەگرنەبەر کە خۆی لە خۆیـدا لە ئەوروپـا سـەرچاوەی گرتووە، پەیڕەوی ئەو سـتایلانە دەکەن کە لە جیهانی هونەر گەشـەی سـەندووە، وەک هونەری نوێ بە هەموو ڕێبازەکانییەوە، بێ ئەوەی ڕەچاوی سـیسـتەمی کۆمەڵایەتی و ئـاسـتی ڕۆشـنبیری و هۆشـمەنـدی بینەرەکانیان بکەن، بۆ هونەرمەندان کارێکی ڕەوایە، چونکە هونەر مەسـەلەیەکی ئینسـانییە، کات و شـوێنی دیارکراوی نییە، بەڵام پرسـیارێک دێتە پێشـمان: ئایا ڕەسـەنایەتی لە

هونەر مەسـەلەیەکی تاکەکەسـی دەروونییە، یان پەیوەندی بەو پـارچە خـاکەوە هەیە وەک (شـــوێن) کە بەدرێژایی مێژوو وەک (زەمەن) کۆمەڵگایەک لەسەری ژیاوە و کەسی هونەرمەندیش لەنێو ئێستای ئەو مێژووە دەژییَ؟.

هـونەرمەنـدی نوێخوازی ڕۆژهەڵات لە مێژووی خۆی پچڕاوە، ڕۆحی ئینسـانیی کۆمەڵگای ڕەسـەنیی وەلاناوە و بەرەو ڕۆژئـاوا ڕووگەی گرتووە، ئەمەش ئـاڵۆزییەکی گەورەی بۆ دروست کردووە، لەلایەک ناسنامەی فیکری و هونەری خۆی لە دەسـت داوە، لەلایەکی دیکەوە جەماوەر کە میللەتە دەبینیَ ئەو هونەرە دەربڕین لەناخی ئەو ناکات و لێی دوور دەکەوێتەوە، لە ئەنجامدا نامۆبوون لە نێوان هەردوولا دروست دەبێت، هەروەها ڕابردووی هونەری و ڕۆشـــنبیری لەم نـاوچەیە، بەگوێرەی هونەرمەنـدی ڕۆژهەڵات تاریک و تەماوییە و ئەو سـتایلە هونەرییانەی کە پەیڕەوی دەکەن بەڕێگایەکی ناڕاستەوخۆ، بەشێوەیەکی سـاختە، پڕ لە گومان و بیَ بەڵگەی تیۆری لە ئەورووپا و ئەمەریکاوە پێی گەیشتووە. بەم ڕێبازگرتنەش دوو لایەنی هەرەگرنـگ لەدەســت دەدەن، لایەنـی واقیـعی، کە

نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستە پێویستەی هەبوونی پاشخانێکی ستایلی واقیعی بە سیمایەکی ڕۆژهەڵاتی لەسەر بنەمای یاسا ئەکادیمییەکان، لایەنەکەی تر هونەری نوێیە، ئەویش پچڕانێکی کولتووری دروست کردووە، کە بۆتە هۆی ناڕاستگۆیی لە دەربڕین و داڕشتنی بابەتی دوور لە واقیعی مێژوویی ڕەسەن. لە هەموو حاڵەتێک هونەری نویَ لە ڕۆژهەڵات هیچ جۆرە ڕەنگدانەوەیەکی بەهرەیی ڕابردووی ئەو میللەتانە ناخاتەڕوو، وەک شارستانییەکانی فیرعەونی، بابلی و ئاشووری، یاخود فارسی کۆن یا بوودایی... هتد، جگە لەوەش لەو بەهرە هونەرییە میناتۆرەی کە تایبەتمەندییەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە، یا خۆشنووسی و ئەندازیاری بیناسازی و چەندان جۆر هونەری میللی، بەدەگمەن لێی نزیک دەبنەوە، هەروەها نەیانتوانی جیهانگەرایی بەهونەرەکەی خۆیان ببەخشن، چونکە لە ڕۆحییەتی ئینسانی و کۆمەڵایەتی ناوچەکە هەڵنەقووڵاوە، بەرانبەر بەو بارودۆخە زۆر لە هونەرمەندانی ڕۆژئاوا پاشخانی هونەری و کولتووری ڕۆژهەڵاتیان بۆ دەوڵەمەندکردنی هونەری خۆیان بەکارهێناوە، وەک دیلاکرۆ، ماتیس، پیکاسۆ، پۆل کلیَ،

کاندینسکی و کلیمێنتێ و زۆری تر... بۆیە داریۆش شایگان دەڵێ: (... هەر لەو کاتەی دەســـتووره ڕۆشـــنبیرییەکان دارمان و گومەزە شـــینەکان لەژێر لمی بیاباندا بزرکران، بزەی ســەر لێوی پەیکەرەکانی بوودا وشـک بوون، ئایا لە ڕۆژهەڵات هونەرێک مایەوە کە شـــایســـتەی داهێنانەکانی ڕابردووی بێت؟ بێ گومـان هەنـدێ هونەر لێرە و لەوێ بەرگەیـان گرتووە و هەموو شـــتێ ون نەبووە، بەڵام گەنـجـیـنەی هـونەری کـۆن بـۆ دواوە دوورخـرایەوە. هونەرمەندەکانمان حەزیان لێیە ڕۆڵی پرۆمیسـیۆس بگێڕن و (شـــەیتانی وەســـوەســـە) کەوی بکەن، بەڵام ئایا لە ڕابردووی خۆیـان ئەو پچڕپچڕبوونە دوورودرێژەیـان سەبارەت بە بەهاکانیان هەبوو، هەروەها ئەو عەدەمیەت و ئەزەلیەتی شـــێوازە تێکشـــکاوانە و ئەو نـامۆبوون و ئیســـتلابانەیان هەبووە کە نەک هەر تەنها چەمکی بۆش و ڕووتن، بەڵکو مەرجێکی دیـاریش بۆ ژیـانێـک بەرەو چۆلەوانی نەبوونی خۆیان پێکدێنن؟... ئایا ســـروشـــتیان کردبووە بابەت بۆ شـێوە بازنەیی و شـەش پاڵووییەکان؟ نەخێر، ئەدی ئەو هونەرە چی بەســـەردێت کە نە زاکیرەی تەقلیـدی و نە دینـامیکیی تێکـدەری ئیرادەی هێزی هەیە؟

ئەوەش وەکو دەرکەوتە عەقڵییەکـانی ترە لە قۆنـاغی بەیناوبەین، واتە کاتێک ڕۆشـــنبیری و هونەر لە کۆمەڵگا تەقلیدییەکانی ڕۆژهەڵات لە ڕەسـەنایەتی خۆیان دەترازێن و ڕووو لە ڕۆژئـاوا دەکەن، لێرەدا لەو نێوەنـدە چەق دەبەستن، جا نە بە شێتایەتی ڤان کوخی بلیمەت هاتەڕاوە، نە بەدڵنیایی سـیحر ئامێزی میناتۆرە دێرینەکان، ئەوەتا لاسایی شێوەکانی ڕابردوو دەکات بۆ ئەوەی داڕژێتە نێو ئەو ڕۆحەی کە دەیبزوێنێ، یاخود شـێوازە تەڵیعییەکانی هونەرێک کە نەتوانێ بچێتە ناو ڕۆحییەوە) .

٢٠٠٨

## کاریگەری پێشکەوتنی ئابووری لەسەر هونەر

ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکییەی نێوان باری ئابووری و هونەر بۆ سەردەمی کۆن دەگەڕێتەوە، کە مرۆڤ تازە سەرەتای ژیانی بۆ خۆی دروست دەکرد، هێشتا هونەر ئەو ڕێگەیە نەبوو کە مرۆڤ بابەتی ڕۆحی و هەستییەکانی دەروونی خۆی پێ دەرببڕێت و ئابووریش ئەو سیستەمە ئالۆزە نەبوو کە چینایەتی و سیاسەتی جیهانی لەسەر بنیاد بنرێ، بەڵکو هەردوولا هاوسەنگی یەکتر بوون و یەکیان ئەویدیکەیانی تەواو دەکرد، کە کۆمەڵگای ئینسانی قۆناغ بە قۆناغ نهێنی و لوغزەکانی ژیانیان بۆ ڕوون دەبێتەوە و هۆشی گۆڕان و گەشەسەندنی کار و گوزەرانی زیاد دەبێت و بەردەوامیش دەگۆڕێ، مرۆڤ تواناکانی خۆی بەسەر دەکاتەوە. لەم حاڵەتە کۆمەڵگا لە

ئـــابووری هەڵگرتنەوە و ئیســـــتیغلالکردنی بەرهەمی سـروشـتی دەگۆڕێت بۆ ئابووری بەرهەمهێنانی ئینسـانی، کە هـاریکاری کۆمەڵایەتی و فیکری کارکردن دێتەکایەوە. شـــوێنگەی هونەر لە بەرانبەر ئەو بارودۆخەی گەشـــەی ئابووری- کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت، وەک فاکتەرێکی کاریگەر دێتە نێو کۆمەڵگـای بەرهەمهێن. ئەو وڵاتـانەی لەڕووی کشـــتوکاڵی و پیشـــەســـازی ســـەرەتایەکی زانســـتیانە و بەهرەداریی گەشـــەســـەندنی باری ئابووریان گرتەبەر، بەرانبەر ئەوە ڕۆشـــنبیری و فیکری کۆمەڵایەتییان وەک بنچینەیەکی ســـتراتیژی و بە پلانیکردن و بە پڕۆژەکردنی ژیـانیـان هێنـاکـایەوە، هونەریش بوو بەلایەنێکی گرنگ لەم فیکرە کە هەوڵی دروســـتکردنی ســـیمـایەکی تـایبەتیی نیشـتیمانی و نەتەوەیی دا و لایەنە ئێسـتێتیکی و دەربڕینە ڕۆحییەکـانی ئـایینی ئەنجـام دا. کۆمەڵگـاکـانی کۆن شـــارســـتانییەتی خۆیان بەڕێگەی هونەرمەندان جێبەجێ کرد، تـاوەکو ئەمڕۆش مـاوەتەوە، وەک بینـاســـازی و پەیکەری خواوەند و پادشـــا و کەســـایەتییە پیرۆزەکانیان، (سەردەمی فیرعەونی، گریکی کۆن، ڕۆمانی و میزۆپۆتامیا و زۆری تر... وەک نموونە) هەڵبەتە پێشـــکەوتنی بـاری

هونەری لە بەهرەی هونەرمەندان و ئەنجامدانی ئەو جۆرە کارە هونەرییانە کە هەمیشە جێگای سەرسوڕمانی مرۆڤ بووە و لێکۆڵینەوەی زۆری لەبارەوە کراوە، لە پێشکەوتن و گەشەسەندنی باری ئابووری و بەرهەمهێنانەوە هاتووە. ئەو توانا گەورانەی کە بتوانێ سیستەمێکی ئابووری، کشتوکاڵی و پیشەسازی و دابەشکردنی کار و هێنانەدی بازاڕ ئەنجام بدات، فیکر و فەلسەفە و هونەر خۆیان لە پەراوێز و سێبەری ئەو سیستەمە ناگرن، بەڵکو شانبەشانی بەرزیی ئەو واقیعە بەدیار دەکەون کە ناوەرۆکی فیکری و دەروونیی کۆمەڵگای بەرهەمهێنە.

لە سەردەمی ڕێنسانس لە ئیتالیا، هونەر ڕۆڵێکی گەورەی لە تازەگەری و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، ئایینی، سیاسی گێڕا، کە لەسەر بنچینەیەکی ئابووری و بڵاوبوونەوەی بازاڕ و سیستەمی سیاسی نوێ وەک فاکتەرێکی دیموکراسی و بەدەوڵەمەندکردنی ڕژێمی میری، هەروەها پشتگیری کردنی ڕژێم بۆ پێشکەوتنی هونەر و بیناسازی وەک شارستانی و ململانێی ئابووری لەگەڵ باقی وڵاتانی دەوروبەر بوو، چونکە تازەکردنەوە پرۆسەیەکە، یاخود

کۆمەڵێک پرۆســـەی کەڵەکەبووی ســـەر یەکە کە هێزی بەرهەمهێنان لەناو کۆمەڵ، پێشـــدەخات و ســـەرچاوە و ســـامـانەکـان کۆ و ئـامـادە دەکـات، بەرهەمی کـار و بەناوەندکردنی دەســـەڵاتی کۆمەڵایەتی و ســیاســی لەناو دەزگـاکـانـی دەوڵەت گەشـــە پـێـدەدات و نەریـتـی مومارەسـەکردنی سـیاسـەت ئازاد دەکات، یاسـا و بەها و مۆراڵەکان بەجیهانی دەکات). لێرەدا گەشـــەی هونەری و ئاســـتی بەرزی بەهرەی هونەرمەند و ئەندازیاریان دەبێتە ڕوویەکی گەشـی ڕکابەری پێکردن، لەڕێگەیەوە دەزاندرێت کە وڵات خـاوەن ئـابوورییەکی بەهێز و کۆمەڵگـایەکی سـەقامگیرە، بەتایبەتی لە ڕووی سـیسـتەمی سـیاسـییەوە. ئەو تێڕوانینە ئابوورییە لە قۆنـاغەکانی دوایی و دواتر لە ســـەرجەم وڵاتانی پێشـــکەوتوو لە بواری کشـــتوکاڵی و پیشـــەســـازی گەشـــەی ســـەند، پایتەختەکانی ئەوروپا پێشـــکەوتن و گەورە بوون، ئەنـدازیـار و هونەرمەنـدان کەوتنە نێو ڕۆڵی دامەزراندنی شـارسـتانییەتێکی کۆنکرێت و دیزایینی هەمەجۆری شـار و گەڕان بەدوای سـیمایەکی تایبەتی و خاوەن ناسـنامەیەکی نەتەوەیی ناسـراو. هونەر شوێنێکی سەرەکی لەنێو کۆمەڵگا بۆ دروست بوو کە وای

کرد ڕۆڵی گەورەی لەسەر گۆڕان و پێشکەوتنی بەرهەمە پێداویستییەکانی کارگە و شێوە نوێیەکانی ڕوخساری ژینگەی دەوروبەری مرۆڤ ببینێت، هەر لەدوای شۆڕشی فەڕەنسی تازەگەری بوو بە ڕەوشتێکی نیشتیمانی-نەتەوەیی لە هونەردا، ئەوە بوو کلاسیکی نوێ، دواتر ڕۆمانتیکی و کامیرای فۆتۆگرافی قۆناغ لە دوای قۆناغ هاتەکایەوە و هونەر لە چوارچێوەی ئایین هاتە دەرەوە و وەک هەموو پرۆژەیەکی ستراتیژی شانبەشانی پڕۆژە و پلانەکانی بۆرژوازی سەرمایەداری نەتەوەیی بۆ پەرەپێدان و پێشکەوتنی پیشەسازی و ئازادی ئابووری، کەوتە نێو گۆڕەپانی ڕکابەری بۆ هاوسەنگبوونیی لەگەڵ بارودۆخی نوێی ئابووری و پێداویستییە نوێیەکانی ڕۆحی و هەستی نوێی کۆمەڵایەتی لەڕووی شێوە و بابەتی هاودەم و ئێستێتیکای مۆدێرن، کە فیکری کۆمەڵگای بەرەو تازەگەری برد، تازەگەری لە هونەر لە زنجیرە گۆڕانەکانی پیشەسازی و گەشەسەندنی ئابووری وڵاتەوە دێت، چونکە چەمکی تازەگەری پشت بە نوێکردنەوە دەبەستێ، لێرەدا ئاسۆکانی لەو گۆڕانە گشتگیرەی شارستانییەت دەردەکەوێت کە هێڵی جیاکەرەوە لەنێوان کۆن و نوێ

دەکێشـــێت و ڕێڕەوی تازە لە بۆچوون و وێناکردن لە بوارەکانی زانسـتی و سـیاسـی و داهێنانەکان دادەڕێژێت. لەهەر کۆمەڵگایەک ئەگەر لەڕووی ئابووری و ژێرخانی سـیسـتەمی سـیاسـی لاواز بوو و چینی بۆرژوازی سـەرمایەداری بۆ دروسـت نەبوو کە بتوانێ پەرژەوەندی کولتووریی خۆی بە بەرژەوەندی خاک و وڵات ببەستێتەوە، یاخود هۆشمەندی ئەوە نەبوو کە بتوانێ یا بیەوێت داهاتی خۆی بخاتە گەڕ بۆ دابینکردنی کارگە و بەکارخسـتنی هێزی بەرهەمهێن، ئەوا دەبێتە خاوەن هونەرێکی شـوانکارانە، سـاکار، خنکاو لەنێو فۆلکلۆرێکی مردووی دوور لە هەموو جۆرە ڕکابەرییەکی گەشـەسـەندوو، تەنانەت بیر لە زەمەنی داهاتووش ناکاتەوە. ئەم جۆرە هونەرە هیچ قۆناغێکی زەمەنی و قوتابخانە و سـیمایەکی تایبەتی خۆی نابێت، لێرەدا ئەگەر بێتو هونەر وەک دەربڕینخوازی لە هەسـت و شـعوری مرۆڤ و شـێوە ڕابردوو و نۆسـتالژیاییدا بمێنێتەوە، لە کۆتایی دەکەوێتە نێو نامۆیی و لە جیهانی پێشـکەوتن و تازەگەریدا پەراوێزکراوە، هەروەها کۆمەڵگایەکی بێ پیشـەسـازی و تەکنۆلۆژیا، بێ کۆمپانیا و کارگە و چینی بەرهەمهێنی

نەتەوەیی، چەق بەســـتوو لەســـەر دابونەریتی دووره شـــارســـتانییەت، هیچ جۆره بازاڕێکی خۆماڵی و ڕکابەری بۆ باشـــتر و گەشـــەســـەندنی کەرســـتە پێویســـتییەکانی کۆمەڵگای بۆ ئەنجام نادرێت، لەم حاڵەتە ئەو کۆمەڵگایە ڕوخســـاری ژینگەی دەوروبەری خۆی نویێ ناکاتەوە، لەم ڕووەوە نەبوونی ئەزموونی چێژ لەلایەن خەڵکەوە و قەیرانی بینینی بەرهەمی هونەری ڕاســـتەقینە، ســـتایل و ڕێبازی هونەریش کە لە ڕەگەزەوە بەرهەمی سیستەمێکی لە ســـەر ڕێککەوتووی زیندووە لە ئەنجامی زنجیرەی گەشەسەندنی بەرهەمی هاوکات و هاوقۆناغی پێداویستییە بازاڕییەکانی پێشـــکەوتوو دێتەکایەوە، وەک مەعریفەیەکی جیهانگیری لایدە کە مۆرکی زەمینەیەکی تری ئابووری و کـاریگەری فیکریی کۆمەڵگـایەکی دیکەی پێوەیە، پێی دەگـات، چونکە شـــێوازی تـایبەتی و فیکر و تیۆریـای هونەری بۆ دروســـت نابێت و لایەنە ســـەرەتاییەکانی هونەری و فیکری ساکاری کۆنی ڕەسەنی خۆشی پێ تازە ناکرێتەوە.

(تازەگەری گرفتێکە، چونکە دەمانخاتە بەردەم ئەو گۆڕانە دیالێکتیکییە بەردەوامەی لەو شـــتانەوە دێت کە دوێنێ بڕیاری لەســـەر درابوو، بەڵام خاڵە جێگیر و نەگۆڕەکانی ڕوونن کە لە خواســـتی مەعریفی و گۆڕان و دەســـت بەسەرداگرتن خۆی دەنوێنێت. ئەم خواستە جێگیرانە بوون شـۆڕشـێکی شـارسـتانیی جیهانییان هەڵگیرسـاند و بەهۆی ئەوەوە گشـــت ئەو هێزانەی کە بە پرۆژەکانی زانســـت و تەکنۆلۆژیا پەرەیان سـەندبوو، لە جەمسـەرێکدا کۆبوونەوە و جیهانیان بۆ دوو تەوەر دابەشـکرد: تەوەرێکی ئامادە بە داهێنـانە زانســـتی و هونەری و فیکرییەکـان، ئەویـدیکە نائامادە بە جۆرێک هەموو داهێنراوەکانی تەوەرەکەی تر بەکـار دەبـات. تەوەرێـک کە خـاوەنی ســـێ لایەنەی خواسـتەکانی ژیانە. "خواسـتی مەعریفی، خواسـتی گۆڕان، خواســـتی دەســـت بەســـەراگرتن"ە. تەوەرێکی دیکە لەســـەرەمەرگـدایە و چەمکە لاوازەکـانی خۆی کـاوێژ دەکاتەوە کە لەمێژە زەمەنیان بەســـەرچووە و خۆی بە پەتی ڕزیوی ڕەسـەنایەتی و ناسنامە و شتی تر بەستۆتەوە تا خۆی لە چەنگ داهێنانە تازەکان ڕزگار بکات). رشـــیدە التریکی

ئەمڕۆ، کە سـەردەمی جیهانگیری زانسـت و تەکنۆلۆژیایە، پێشکەوتنی باری ئابووری وڵاتان بە گشتی و سەقامگیری یاسـاکانی نێودەوڵەتی و ئاسـایشـی گشـتی مرۆڤ، ڕێخۆشـکەر بوو بۆ گەشـەسـەندنێکی زۆر خێرا لە جوانکاری ژینگەی مرۆڤ و کەلوپەلە بەردەسـتەکان بۆ ڕەزامەنـدی چێژی نوێی هـاوچەرخ ئـامـادەی دەکەن و بەردەوامیش دەگۆڕێن، هونەر و تازەگەری لە هونەردا کە پەیوەندییەکی ڕاسـتەوخۆی لەگەڵ ئەو گۆڕانانەدایە، ڕەنگ دەداتەوە، لە شـێوازە جۆراوجۆرەکانی نوێ بەرجەسـتەی دەکات، لە دەوری چەمکی تازەگەریدا شـێوە گونجاندنێکی تـازە دادەمەزرێ و دیـاردەکـانـی لایەنـی بـژێـوی و دەرکەوتنەکانی ژیانی فیکری ئاراسـتە دەکات، بەمەش تازەگەری دەبێتە کۆمەڵێک بەها و بۆچوون سـنووری سـەردەمە زەمەنییەکان لەنێو خاڵە ڕێنیشـاندەرەکانی ئەو گۆڕانە لە شارستانییەت و پاشهاتە تیۆری و عەمەلییەکانی دیاری دەکات کە ژێرخانەکەی پەرەسـەندنی ئابووری و پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژیایە.

٢٠٠٩

## ونبوونی لوغزی هونەرمەند

هونەر بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هەر پیرۆز بووە، ئەوەش بۆ پێداویستییەکانی دەروونی و فیکری دەگەڕێتەوە، کە بینین وەک ئامرازێکی زیندوو و کاریگەر ڕۆڵی خۆی گێڕاوە لە وەرگرتنی هەموو شێوە و تێمە جۆراوجۆرە جوانەکانی هونەر، تاوەکو سەرنجی مرۆڤ ڕابکێشێت و باری سایکۆلۆژی و فیکری ئێستێتیکی بە هەموو ژینگەی سروشتی و ئینسانییەوە، هەمیشە بە زیندوویی تێیدا ڕەنگ بداتەوە. ئامانجی سەرەکی پاشخانی هونەری ڕاستەقینە ئەوەیە کە بەڕێگە تایبەتییەکانی گەورەیی مرۆڤ و زاڵبوونی بەسەر واقیعدا پیشان بدات و زیندوویی نیازەکانی ژیانی بۆ دابڕێژێت، چالاکییە جوانییەکان بنچینەی هەموو چالاکییە ئینسانییەکانی ترن،

کە مرۆڤ خۆی پێ بنیـاد دەنێـت و زەنجیرەی ژیـانی بەیەکەوە بە حاڵەتە تراژێدیا و دراماتیکییەکانی سـروشـتی و کۆمەڵایەتی لەیەک هێڵی ئـاســـۆیی دەبەســـتێتەوە و تێگەیشـــتنی خۆی بۆ ژیان و چەمکی جێبەجێکردنی خود لەسـەر ئەو بنچینەیە بنیاد دەنێت و هەردەم بەپێی پێوانەی ئێســـتێتیکاوە بەرهەم دێنێت. بەهرەی هونەری پارچەیەکە لە لوغزی مرۆڤ کە دەیەوێ بەدیاری بخات و بیکات بە ســـروشـــتێک بۆ (تێربوون لە بینین و چێژوەرگرتن لە جوانی) .

ئێمە دەزانین گەشـەسـەندنی ئابووری و پیشـەسـازی و مەدەنیی شـــار و کورتکردنەوەی ڕێگا دوورەکانی نێوان وڵاتان، بووە هۆی پێشـــکەوتنی هونەر و ڕۆشـــنبیری و شـارسـتانیەتی کۆمەڵگاکانی ئەوروپا، بەڵام لایەنێکی گرنگ هەیە کە بۆتە پاڵپشـــتی ســـەرەکی پێشـــکەوتنی هونەر و بەدیارکەوتنی چەندان جۆر ڕێباز و قوتابخانەی جیاجیا، کە هەر یەکەو ڕەنگدانەوەی قۆنـاغێکی کۆمەڵایەتییە و لە زەمەنێکی دیاریکراو هاتۆتە کایەوە، ئەویش پێشـــکەوتنی چێژی هونەرییە کە لە تێربوونی بینینی خەڵکەوە دێت لەو

زنجیرە مێژووە هونەرییەی و ســـتایلە هەمەجۆرەکان، کە ئەمرۆ هونەرمەند هەر کارێک ئەنجام بدات نابێتە شـــتێکی نــامۆ و نــاڕەوای هونەری بۆ بینینی خەڵـک، لێرەدا ئەم تەکــامولبوونە بۆ هونەرمەنــدان و مێژووی هونەرییــان دەگەڕێتەوە کە هەموو کەلێنێکیــان لە چێژی جوانی بۆ کۆمەڵگــا پڕکردۆتەوە. لەم حــاڵەتە، لە قۆنــاغێکی نوێی کۆمەڵایەتی پێشـــکەوتوو، هونەری نوێی هــاوچەرخ بە هەمـوو شــــێواز و ڕێـبـازەکـانـیـیەوە هـیـچ جـۆرە ڕەتکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ چێژی خەڵک دروســـت ناکات، بەپێچەوانەوە، بەتێڕوانینێکی ئێســـتێتیکی، لە تێریی هەســـت و بینینیان تەماشـــای دەکەن، کەچی لە کۆمەڵگای ئێمە کە هەموومان دەزانین، مێژووی هونەریمان بەشـــێوە جیاوازەکان و ســـتایلە زۆرەکان نییە، هونەرمەندان دێن ڕاســـتەوخۆ بە ســـتایلە هەرە تازەکانی هونەری وڵاتانی پێشـــکەوتوو کــارەکــانیــان ئەنجــام دەدەن و لەکــاتی نمایشــکردنیشــدا لە پێشــانگاکانیان گلەیی ئەوە دەکەن کە بینەری هونەری نییە و تەنیا هونەرمەندان خۆیانن دەڕۆن بۆ بینینی. لێرەدا خەڵکی ئێمە نــاتوانن ببن بە بینەری چێژوەرگری ئەم جۆرە هونەرە، بەڵکو بێ هیواییەک لە

دەروونیـان دروســــت دەبێـت، بە ڕەخنە وەڵامیـان پێ نادرێتەوە، تەنیا بە ئامادە نەبوونیان و نەگەڕانەوەیان بۆ بینین، وەک هەڵوێســتێکی شــاراوەی دەروونێکی بێ هیوا وەڵام دەدەنەوە. ئەمەش لە ڕاستیدا گەورەترین کارەساتە لەنێوان پەیوەنـدی بینەر و هونەر و هونەرمەنـدان. هونەر لە وڵاتی ئێمە نەیتوانیوە ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە بینەری ئێمە ڕەچاوی دەکات و تامەزرۆی بینینیەتی و تێری بکات و ســـەرنجی ڕابکێشـــێت، هەســـت و دەروونی پڕبکات لە جوانی و خولیای بینینی بۆ دروســـت بکات. هونەرمەندانی ئێمە پاســاویان بۆ ئەو مەســـەلەیە ئەوەیە بینەری ئێمە بێ ڕۆشنبیریی هونەرین، کۆمەڵگایەکی دواکەوتوومان هەیە و پەروەردە نەکراوە و لە هونەرێکی نوێ و هاوچەرخ ناگەن، بەڵام کێشـــەکە بەو ســـادەیی و ســـاکارییە نییە، چونکە کۆمەڵگــا لە هەموو توێژەکــان پێکهــاتووە، هەروەهــا هونەرمەنـدانیش لەنێو هەمـان چوارچێوەی دواکەوتوویی ئەو مێژووەن، پارچەیەکی گەورەی ئەم گێروگرفتە پێکدێنن و بەرپرســـیارن بەرانبەر بە بینین و چێژی کۆمەڵگا و گەشـــەســـەندنی بواری جوانی و فیکری هونەری لەســـەر خاکی خۆماڵی و داهێنانی بەرهەمی هونەری.

بازدان و سنوور برِین لە ستایل و شێوازی هونەری کارێکی ڕەوایە ئەگەر هەموو سنوورەکان لەیەک ئاستی مێژووی چێژی هونەری و تێربوونی بینینی کۆمەڵگا بێت، بەڵام پێکەوەنان و پێکەوەلکاندنی شێوە و ستایلە دەرەکییە پێشکەوتووەکان بە هۆشی هونەری دواکەوتوو و بە بەرهەمهێنانی کارێک بێ بنەمای مێژوویی، لەم کۆمەڵگایە بینەری نابێت، بۆیە زۆربەی نمایشە هونەرییەکانمان تاڕادەیەک چۆلن و لە سێ چوار ڕۆژ زیاتر درێژەی پێ نادرێت، ئەمەش حاڵەتێکی تر دروست دەکات ئەویش ئەوەیە هونەرمەند کەسایەتییەکی ئەندێشەیی خۆی و لوغزی هونەرمەندایەتی لەنێو کۆمەڵگا (کە چۆن لە مێژووی هونەرەوە هاتووە و پلەوپایەکی ئەفسانەیی بۆ داندراوە و پیرۆز بووە) لە دەست دەدات و لە پەراوێزی کۆمەڵگاکەی خۆی دەمێنێتەوە.

٢٠١٠

## تەرازووی شێواو

"تیۆریای ماتریالیستی (ئایدیالی) کە گوایە مرۆڤ بەرهەمی دەوروبەر و پەروەردەیە... لەبیردەکات کە دەوروبەر ڕێک لە لایەن مرۆڤەوە دەگۆڕدرێت و خودی پەروەردەکاریش پێویستی بە پەروەردە هەیە." کارل مارکس

لەو وڵاتانەی کە سیستەم و یاسا، حکومەت و پەرلەمان و فرەحزبین، مونافەســـــە و جیاوازی بیروڕا و گفتوگۆکانیان لە پەرلەمان و نێوان حزبەکان هەمووی لەپێناو بەڕێوەبردن و باشـــــترکردنی بارودۆخی خزمەتگوزاری میللەتەکەیانن، کە ئەویش لە هەموو چین و توێژ و ئایینەکان پێکهاتووە ،

کە حکومەت و پەرلەمـان و حزبەکـانیش بەشـــێکن لەو میللەتە.

وڵاتێـک یـا نەتەوەیەک کە چوارچێوەیەکی جوگرافی دیـاریکراوی بۆ دانـدرا ئەگەر وەک ســـنوور بێ، یـان شـێوەیەکی سـیاسـی- مرۆڤایەتی ئەوا لەو چوارچێوەیەدا هەموو کـارەکـانی خۆی ئەنجـام دەدات، کە لە پڕۆژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی، پیشـــەســـازی، کشـــتوکاڵ، پەروەردە، هونەر و ڕۆشـــنبیری، گەشـــەپێدانی شـــار و لادێکـان و زۆر بواری دیکە پێکهـاتووە... فرەحزبی سیمایەکی دیموکراسییە و بوونی ئۆپۆزیسیۆنیش لە هەر وڵاتێک ئەوە دەگەیەنێ کە خەڵک بە سـەربەسـتی خۆیەوە حکومەت لە یەکێ لە حزبەکان هەڵدەبژێرێ و ئەوانی دیکە لەنێو ڕاوبۆچوونەکـانی جیـاواز دەمێننەوە، لە هەمـان کاتیشـدا هەموویان بەیەکەوە سـیسـتەمێک پێک دێنن کە زۆر جیایە لە دیکتاتۆری و تاک ڕەهەندی ســـیاســـی و فیکری. لە ئەنجـامـدا ڕووگەی هەموویـان بۆ بەرەو پێشـــبردنی کۆمەڵگایە و هەمووشـــیان بەرپرســـیاری ڕاســـتەوخۆن بەرانبەر بە میللەت، بەرپرســـیاری هەموو

کووچە و کۆڵانەکانی سـەرتاسـەری وڵاتن، بەرپرسـیاری دەرگا و پەنجەرەی هەموو ماڵەکانی وڵاتن، بەرپرسـیاری هەر بسـتێک لە خاک، ئاو و ئاسـمانی وڵاتن، بەڵام لێرەدا سیستەمی سیاسی و فرەحزبی و پەرلەمان و دەزگاکانی حکومەت و یاسـاکانی، کە وەک کوتلەیەکی سـیاسـی دیموکراسی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و ڕێکخستنەوەی و دابینکردنی خزمەتگوزاری و بەرگری کردن لێی، وەک شـێوەڕوخسـاری بەدیارکەوتن بەبێ بنەماکانی فیکری و هونەر و ڕۆشـنبیری ناتەواو و نادروسـتە، چونکە هەر سیستەمێکی حوکمڕانی بە هەموو بۆچوونەکانی فیکری و سیاسییەوە ئەگەر بیەوێت حەقیقەتی بوونی خۆی بە شێوە بنوێنێ دەبێ لە نێوان هونەر و ڕۆشـنبیریدا خۆی نمایش بکات، بە مەبەستی ئەوە دەبێ خاوەن ئەو بەهرەیە بێت کە بتوانێت پلەوپایەی هونەری و ڕۆشـنبیری بۆ خۆی دابین بکات تا ببێتە ڕوخسـارێکی پیرۆزی میللەت و هەمیشـە وەک شـارسـتانیەتێکی پێشـکەوتووی رۆحی لە جیهانی ئێستێتیکی ببیندرێت.

هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی سیستەمێکی دیاریکراو، بە پلان و پڕۆژەی ستراتیژی درێژخایەن، بەیەکەوە گەشە دەکەن و پێش دەکەون، ئەوەش کاری سەرەکی حکومەتە کە دەبێ ئەو فیکر و عەقڵە سیاسییەی کە هەیەتی بۆ ئەوە بەگەڕی بخات و هەموو توانا تایبەتییەکانی نێو کۆمەڵگا بۆ ئەو مەبەستە بەکاربێنێت. ئاشکرایە، پاش ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری و هاتنی قۆناغێکی تر و دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی، بارودۆخی وڵات بەتەواوی دەگۆڕێت، پێشەکی بۆشاییەکی گەورە دروست دەبێت کە دەبێ بە شێوازێکی نوێ و سەردەمیانە پڕبکرێتەوە، ئەوا جگە لە دارشتنی ژێرخانێکی کۆنکریتی ئابووری و بەڕێوەبردن، پێویستە سیستەمی فیکری هەبێت بۆ نوێکردنەوەی هونەر و ڕۆشنبیری، هەروەها پێویستە حکومەت ڕۆشنبیر بێت تاکو جۆری ڕۆشنبیری بناسێت و لە هی ڕابردوو جیای بکاتەوە، واتە هەر سیستەمێکی نوێ بێتە ئاراوە، ئەوا بنەمایەکی ڕۆشنبیری خۆی هەیە، یان خاوەن تیۆریایەکی نوێیە بۆ بەگەڕخستنەوەی ڕۆشنبیری بە جۆرێکی هەماهەنگی-هاوچەرخیی بارودۆخی نوێی وڵات. لە هەمان کاتیشدا

نوخبەی هونەری و ڕۆشـنبیری کاریگەری خۆیان بەسـەر ئەو بارودۆخە نوێیە دەبێ ، بەسـەر سیستەمی سیاسی و حکوومی، ڕەنگە لە هەندێ قۆناغدا ئەو کاریگەرییە زۆر زیـاتر بێ لەوەی بەرانبەرەکەی بەســـەر خۆیـدا، لێرەدا بەڕۆشــنبیریکردنی ســیســتەمێکی نوێی دیموکراســی، کە پێشـــتر لە نێو چوارچێوەی تاک ڕەهەندی و دیکتاتۆریدا، ڕۆشـنبیری و هونەر چەقبەسـتوو و وشـک، لە قەیرانێکی ساڵانێکی زۆردا خنکا بوو، کارێکی سـەرەکی هەموو لایەنە حکوومی و سـیاسـی و ڕۆشـنبیرییەکانی سـەردەمی وڵاتە. ئەم پرۆسێسە لەو وڵاتانە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست ئەنجـام دەدرێـت کە لە بنەڕەتـدا خـاوەن پـاشـــخـانێکی مێژوویی قووڵی هونەر و ڕۆشـــنبیرین، ئینجـا ئەو دیموکراسییەی کە بنیاد دەنێن لەسـەر بنەمای ئەو مێژووە دادەمەزرێنن، چونکە سـیسـتەمی سـیاسـی تاک ڕەهەندیی دیکتاتۆری لەســـەر بنەمای فیکرێکی ســیاســی دیاریکراو بنیاد دەندرێت، نەک لەســـەر بنەمـای مێژوویی فیکری و هونەر و ڕۆشنبیری میللەت.

بۆ نموونە، بـارودۆخی هونەر و ڕۆشـــنبیری لە عیراق بەگشـتی و لە کوردسـتان بەتایبەتی لەم قۆناغەدا (قۆناغی سـەرەتای دیموکراسـییەتێکی نەزۆک، پاش ڕووخانی ڕژێمی دیکتـاتۆری)، بەرەو هەڵـدێرێکی نـادیـار دەڕوات، ئەوەش بۆ قەیرانێکی قووڵی فیکری سـیـاسـی و هەرەسـهێنانی سـیاسـەتی بەڕێوەبردن و یەکنەگرتنەوەی زنجیرەی مرۆڤایەتی و تێکنەگەیشتن دەگەڕێتەوە، هەروەها خۆپەرسـتی نەتەوەیی و تـایەفەگەری وەک هۆکـارێکی کۆنەپەرسـتی تاکڕەهەندی، هەموو بوارە ڕۆشـنبیرییەکان وەلادەنێ و بەهیچ جۆرێـک گرنگی پێنـادرێـت، ئەمـانە هەمووی بەیەکەوە بوونەتە ئاسـتەنگێکی گەورە لە ڕێگای پەرەسەندن و گەشانەوەی ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیری. دەوڵەتـی عـیـراق ئەمـڕۆ بە نـاو وڵاتـێـکـی (فـیـدراڵـی دیموکراسـییە)، بەڵام سـیسـتەمەکەی لە حکومەتێکی تەوافوقیی یەکیەتی نیشـتیمـانی پێکهـاتووە کە هەموو لایەنەکانی نەتەوەیی و عەشـایەری و تایەفە ئایینییەکان بەشـداری دەکەن، هەر لایەنێکیش خاوەن وتاری خۆیەتی و بە ئایینی ئیسلام دەیبەستێتەوە، بۆ ئەوەی بەرانبەرەکەی خۆی تێدا گوم بکات و وتـاری تـایبەت بەخۆیان نەبێت.

ئەم حاڵەتە تەوافوقییە ڕێگری هەرە گەورەی دیموکراسییە و میللەتیش لەو مەسەلەیە تێناگات. ئەوەتا دەبینین لە ساڵی ٢٠٠٣ تاکو ئەمڕۆ حکومەت وەک سیستەمێکی نوێ، هیچ بنەمایەکی فیکریی سیاسی نییە بۆ بەرهەمهێنانی شێوازێکی نوێی ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیری، تەنانەت لە دەستووری عیراقیشدا لە هیچ خاڵێکدا بایەخ بەم لایەنە نەدراوە. سیاسەتمەدارانی عیراق بەهەموو لایەنەکانیانەوە سەرەڕای بێ بەهرەیی لە سیاسەت و یاسادا، دیماگۆگی لە وتاری حزبایەتی و بێ پڕۆژەیی و بی ٙ بنەمای فیکری کۆمەڵایەتی و نیشتیمانی، دەستوورێکیان دارِشتووە، بەلای خۆیان وادەزانن لە مێژووی هیچ میللەتێک وەک لە عیراق، خاوەن یاسا و دیموکراسی نین، وەک لە دیباجەکەیدا هاتووە: (ئێمە ڕۆڵەی میزۆپۆتامیاین، کە نشینگەی پێغەمبەران و ئارامگای پێشەوایانی پاکیزە و پێشڕەوانی شارستانیەت و داهێنەرانی نووسین و لانکەی ژمارەدانان بووە و لەسەر خاکماندا مرۆڤ یەکەم یاسای داناوە و لە نیشتمانی ئێمەدا کۆنترین سەردەمی دادپەروەریی بۆ سیاسەتی وڵاتان تۆمار کراوە و یاوەران و ئەولیاکان لەسەر خاکەکەماندا نوێژیان دابەستووە و

پیتۆل و زانـایـانیش تیۆریـان دارِشـــتووه و ئەدیـب و شـــاعیرانمان داهێنانیان کردووه). لێرەدا ئەگەر دەســـتەی سیاسەتمەداران ئەوە تێڕوانینی سەدەی بیست و یەکەمیان بێـت و وڵاتیش نغرۆی تەپ و تۆزی گەنـدەڵی بێ، چۆن دەتوانن بیر لە هونەر و ئەدەب و فەلســـەفە و زانیـاری بکەنەوە و پرۆژە بۆ پەرەسەندن و بووژانەوەی ئەم لایەنە بهێننەدی. لە دیـدی من ئەوانە خـاوەن تێڕوانینی دۆن کیشـــۆتین و حەقیقەتی بەرچاو نابینن، ئەوەتا دەبینین لە نێو ئەو ژینگە پیسـە و ئەو بارودۆخە شـێواوەدا، هونەر و رۆشنبیری، ئەدەب و فەلسەفە، هەڵسەنگاندن و رەخنە، بێ پشـــتگیری و پاڵپشـــتی حکومی و کۆمەڵگا، بەتەنیا خۆی بنیاد دەنێ، بەڵام ئەویش بە شێواوی کە تا رادەیەک بەرەو هەمـان هەڵـدێـر دەڕوات و لە واقـیـعـی کـۆمەڵـگـا دووردەکەوێتەوە.

هونەرمەندان لەنێو ئەو واقیعەی ئێســـتای عیراقدا تەواو نامۆنە و لە پەراوێزی هەموو رووداوە سـیاسـییەکاندان و هیچ کاریگەرییەکی وایان بەســـەر ئەو بارودۆخەدا نییە، چونکە بەشێوەیەک پشت گوێ خراون کە خۆشیان نازانن

چۆن بێنەوە ڕیزی پێشـــــەوەی کۆمەڵگـا و خۆیـان پێ بناسـنەوە، هونەر و ڕۆشـنبیری لە سـەرتاسـەری عیراقدا لەنێو ئەو جیهـانە هونەرییە پێشـــکەوتووە و ئەو هەموو تیۆریا و فەلسەفە نوێیەی دنیادا، بەهۆی ئەو واقیعە شێواو و نـادروســـتەی ســـیاســـی و تـاکڕەهەنـدی بینین و بەرژەوەندیی خۆپەرسـتانەی سیاسـەتمەداران و حکومەت و تەشـــەنەکردنی دیاردەی گەندەڵی تا ســـەر ئێســقانیان، بـابەتێکی هـاوچەرخـانەی هونەری نـابینن کە شـــێوە و شێوازێکی هونەری پێ بێتەدی، واتە شێوازێک لە هونەر و ئەدەب دروســـت نابێت کە ڕەنگدانەوەی قۆناغێک بێت پێی بگوترێـت قۆنـاغی پـاش دیکتـاتۆری، یـان ســـــەردەمی دیموکراتی لە عیراق، بۆیە هونەر و ئەدەب و هەموو جۆرە تیـۆریـاکـان، لە بـازنەیەکی مێـژوویی ســـــنووردار دەســـــووڕێنەوە، جارێک وەک دیباجەکەی دەســـتوور بۆ شـارسـتانییەتی بابلی و ئاشـووری دەگەڕێنەوە، یاخود بۆ پانتایی مونەمنەماتی ئیسـلامی رۆمانتیکی، یا بۆ کەلەپوور و فۆلکلۆری نەتەوەیی، جـارێکیش بۆ لاســـاییکردنەوەی شـێوازەکانی ڕۆژئاوایی و ونبوون لەنێو پێناسـەکانی دیکە دەگەڕێنەوە، کە هەمووی بە گشـــتی بێ ئومێـدی و بێ

هوودەیی دەگەیەنێت، دەرچوونیش لەم بارودۆخە شـــێواو و تۆزاوییە لە توانای هونەر و ڕۆشـــنبیریدا نییە، بەڵکو دەبێ گۆڕانکارییەکی قووڵ لە ســـیاســـەتی حزبەکان و فیکری ســـیاســـی حکومەتدا دروســـت ببێت و بنەمایەکی ڕاســـت و زانســـتیانەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ســـەقامگیر، بهێننەکایەوە.

کاندینســـکی دەڵێت: (هەر کارێکی هونەری ڕۆڵەی زەمەنی خۆیەتی، زۆر جاریش دایکی هەســـتەکانمانە... هەوڵدان بۆ ژیانەوەی بنەماکانی هونەری ڕابردوو بەگشتی، بۆی هەیە کـــارێکی هونەری، وەک منـــداڵێکی مردوو پێش لەدایـــک بوون، بێنێتە ئەنجام).

ڕۆحی میللەت لە نێو هونەرەکاندایە، شـــێوەکاری، شـــیعر، ڕۆمان، مۆســـیقا، شـــانۆ و ســـینەما... هەموویان بنەمای چێژی ڕۆحی و ئێســـتێتیکی بۆ مرۆڤ دروســـت دەکەن و بەهایەکی مێژوویی بۆ کۆمەڵگا بەرهەم دێنن کە نەمری و پیرۆزیی خۆیان تێدا دەنوێنن. بووژانەوە و گەشـــەســـەندنی هونەر و ڕۆشـــنبیری پەیوەســـتە بە پێشـــکەوتنی هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ســـیاســـی، ئابووری و زانســـتی،

هەروەها بە هاتنەکایەی فیکر و دیاردە فەلسـەفییەکان، کە دەتواندرێت وەک پشـتبەسـتن پێیانەوە، زەمینەیەکی لەبار بێتە ئاراوە بۆ ئەو گەشـەسـەندنەی هونەر و ڕۆشـنبیری. بیرمەندی ئێرانی داریۆش شایغان دەڵێت: (ئایا دەتوانین لە بـارەی هونەرەوە بڵێین دیـاردەیەکی دابڕاوە و هیـچ پەیوەنـدییەکی بە دیـاردە فیکرییەکـانی دیکەوە نییە؟ بێ گومـان نەخێر، چونکە وەختی فیکر هەڵـدەکـا و چـالاک دەبێـت، ئەوا لە گشـــت بوارەکـانـدا دەجوولێـت، هیچ هونەرێکیش نـاتوانێ سـەرهەڵبـدا بەبێ ئەوەی بە نەشـونماکردنێکی لە شـێوەی خۆی بە کایەکانی دیکەی فیکر پشـتبەسـت کرابێت. ئەو گوتەیە بە پێویسـتی دانانێت کە هونەرمەند بەئاگا بێت لەو کارانەی ئەنجامی دەدات، بەڵام مەرجی کرانەوەی دەوروبەر و بارودۆخی گونجـاو بەپێویسـت دەزانێ تا گشـت دەرکەوتە سـوودبەخشـەکانی فیکر لە پرۆسـەی کرانەوەدا هاریکاری یەکتربن، ئینجا ئەو کاتە باس لە ڕۆحی سـەردەم دەکەین، گرنگ نییە داخوا ئەو رۆحی سـەردەمە (قەدەری بوون) بێت، یا مەرجە دیالێکتیکەکانی قۆنـاغێک لە قۆنـاغەکانی مێژوو بێت. بەو جۆرە دەبینین هونەری ئەوروپایی دیاردەیەکی دابڕاو نییە

لە کۆی ڕۆشـــنبیری هــاوچەرخ لە ڕۆژئــاوا، چونکە پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی لە نێوان شـۆڕشــە جیاوازەکاندا هەیە کە لە هەموو مەیدانەکانی مەعریفە بەڕێوە دەچێت.)

ئەوەی لەم چەنـد ســـــاڵەی دوایی لە عیراق ڕوودەدات شیزۆفرینیایەکی سیاسی- حزبییە، کێشە و ڕکابەرییەکان لە لۆژیکی عەقڵ، یاخود لە پێشـــکەوتنی مێژووی فیکری ســیاســییەوە ڕوونادەن، بەڵکو لەوەوە دێت کە گۆڕەپانی سـیاسـی عیراقی لە بەهرەداری ڕاسـت و دڵسـۆزی وڵات بەتاڵە، ئەوەی هەیە هەست بە بەرپرسیاری میللەت ناکات، خاوەن کەسایەتی دووانەییە، هەمیشە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان کەسایەتی ڕاستی خۆیان و وتارە سیاسییەکەیاندا هەیە، ئەوانە دەزانن میللەت هیچ هەڵبژاردەیەکی نییە، بۆیە بەناوی میللەت دەدوێن، وتارە دۆگماییەکانیان بەســـەردا دەفرۆشنەوە، حزبەکان هەوڵی بەحزبکردنی میللەت دەدەن، بەتــایبەتی حزبە گەورەکــان (عەرەبی و کوردی)، ئەو خەســـڵەتەش ســـیمـایەکی دیکتـاتۆریـانەی هەیە و بە پێچەوانەی سـیسـتەمی دیموکراسـییە. کەسـایەتی مرۆڤی عیراقی بەگشـتی لاواز و خەمگینە، بێ پشـتە، پاڵی بە هەوا

داوە و بێ سـەقامگیری دەروونییە، هەمیشـە ترسـێکی ئەبەدی هەڕەشـە لە بوون و باری گوزەرانی دەکات، وەک منـداڵێکی بێ دایـک و بـاوک بنەمـای خێزانگەری و کۆمەڵایەتی لەدەست داوە، کەسێکی نییە بەرگری لێ بکات، مرۆڤی عیراقی لەهەر شـوێنێک مافی پێشـێل کرابێت یان ئەزیەت درابێ، چ بە کوشتن بێت یا مردن، یا ونبوون، هیچ لایەنێکی حکوومیی یا حزبیی شک نابات بەرگری لێ بکات و لەسـەری بێتە وەڵام و بیپارێزێت، کەچی دەبینین کەسی وڵاتـانی تر، بۆ نموونە ئەڵمـانی یـا ئەمریکی، هەر وڵاتێکی ئەوروپی... ئەگەر لە دەرەوەی وڵاتی خۆشـیان ژیانیان لە ژێر مەترسی و هەڕەشـە دا بێت، یەک ڕۆژی پێ ناچێت لە سەری دێنە وەڵام و پشتی دەگرن و لێی دەپێچنەوە، بەڵام لە لای ئێمە بە پێچەوانەوەیە، بەسـەدان مرۆڤی عیراقی بە کـورد و عەرەب و نەتەوەکـانـی دی لەم قـۆنـاغەدا لە دەرەوەی سـنوور پەڕاگەندە و بێ سـەروشـوێن ژیان لەدەست دەدەن، بێ ئەوەی حکومەت و حزبەکان بایەخیان پێ بدەن.

لێرەدا مرۆڤی سەربەخۆ و بێ لایەن لە دەرەوەی حزبەکان، بەتایبەتی هونەرمەندان و ڕۆشـــنبیران، ئەوانەن کەســـی ڕاستگۆ و دڵسۆزی وڵات، هەمیشە ئەوە ڕەچاو دەکەن کە وڵات و میللەت لە نێوان کاری هونەری و ئەدەبیدا پیرۆز بکەن، ئەوانەن کە ناسنامەی رۆحی و ئێستێتیکی بۆ وڵات ئەنجام دەدەن و بنەمای مرۆڤایەتی و دیموکراســـی بۆ وڵات دروســـت دەکەن، بەڵام خۆی ئەوانەن کە لاچەپ و پەراوێزکراون، هیچ پشـــتگیرییەکی رۆحی و مادییان لە لایەن حکومەتەوە نییە، کە ئەمەش هۆکارێکی گەورەیە بۆ تێکشـــکانی پانتایی مرۆڤایەتی و شـــێواندنی ســـیســـتەمی دیموکراسی لە وڵات.

"شـــۆڕشـــەکان هەمیشـــە لە چاکســـازییەوە دێن، هەروەها بزاڤی پێشـــکەوتن هەمیشـــە لە حەزی گەڕانەوە بۆ دواوە، هەڵدەقووڵێت".

بارودۆخی هەرێمی کوردســـتان لە هەموو ســـەردەمێک جیاوازترە بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عیراق. ئەو گێروگرفتـــانەی لێرە ڕوویـــداوە و ڕوودەدەن بە پێی

حەتمییەتی مێژوویی، ئەنجامێکی تایبەتی بۆ چارەنووسی میللەتی کورد پێکهێناوە و وتارێکی سیاسی جیاوازی لە نێو حزبە کوردییەکان دروست کردووە، بەڵام جیاوازییەک تەنیا لە زمان و شێواز نەک لە ناوەڕۆک، واتە عەقڵی سیاسی کورد لە نێو وتارێکی سیاسیی دۆگمائامێزدا چەقی بەستووە و ئەنجامێکی دروست و پشتبەست بە بڕوای جەماوەریی بەدەست نەهێناوە. وتاری سیاسەتمەداری کورد لە نێوان دوو جەمسەری دژ بەیەکتر، نارێک و بێ بەرپرسیاریەتی، ئاراستەی میللەت دەکرێت، یەکێکیان ڕابردوویەکی تاڵ و پڕ لە مەینەت و نائومێدی، دەربەدەری و پەڕاگەندەبوون و برسییەتی، بەکۆمەڵکوشتن و ئەنفالکردنی ئینسانی کورد و داگیرکردنی خاک و شێواندنی ناسنامە و گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستانە، کە ئەمە وەک ئەزموونێکی زۆر گرنگی مێژووی شۆڕشی کورد و ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردستانی، سیاسەتمەداری کورد نەیتوانیوە جێگەی ئەو ئەزموونە لە وتاری سیاسیدا بکاتەوە و قورساییەکی نێونەتەوەیی پێ ببەخشێت و بیکا بە بنەمای کۆمەڵێک ئەنجامی سەردەمیی و سەرەتای ئەزموونێکی نوێ.

جەمسەرەکەی دیکە، ئەو ئەزموونەی ئێستایە، کە وابزانم کەسی سیاسی کورد هێشتا وەک حەقیقەتی خۆی تێینەگەشتووە و ناتوانێت هەڵیسەنگێنێت و بیگەڕێنێتەوە سەر سەرچاوەکانی خۆی، هەندێ جار وەک گەورەترین ئەزموونی دیموکراسی لە ناوچەکەدا باسی دەکەن و هەندێ جاریش تێکەڵاوی گەشەسەندنی (دوبەی) دەکەن، لێرەدا دەبینین هەرگیز هەردوو جەمسەرەکە یەک ناگرنەوە، ئەوەش وەک دیباجەکەی دەستووری عیراق دۆنکیشۆتانە بەرەو ڕووداوەکان هەنگاو دەنێن. ئەو پەشێوی و ناکۆکییە لە وتاری سیاسی کورد کە لە کایە ڕۆشنبیری و فیکرییەکانی ئەم سەردەمە دابڕاوە، لەگەڵ بارودۆخی ڕۆشنبیری و فیکری نەتەوە پێشکەوتووەکانی جیهان لاسەنگە و ناتوانێ هەلومەرجە بابەتییەکان تێبگات، بۆیە دەبینین ئەو گەشەسەندنەی لە کوردستاندا هەیە دیاردەیەکی ڕووکەشییە، هیچ بنەمایەکی زانستی نییە، ئەمەش بۆ بارودۆخێکی سیاسی- ئابووری دەگەڕێتەوە نەک مێژوویی پەیوەست بە بەردەوامیی ڕابردووی شۆڕشی گەلی کورد و ئەو مافانەی کە لە پێناویدا هەزاران مرۆڤ ژیانی لەسەر دانا. چاکسازی و پێشکەوتن بۆ

زەمەنی ئێســـتامان شــۆڕشــێکی ترە کە لە ســـەرچاوە ســـــەرەکییەکەوە هەڵدەقوولێت، بونیادنـانی ژێرخـانێکی کۆنکریتی نەتەوەیی و نیشـــتیمانییە بۆ هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگا، ڕۆشنبیری و هونەر، زانست و ئەدەب، کشتوکاڵ و پیشـــەســـازی، هەروەها پەروەردەیی و تەندروســـتی و هەموو خزمەتگوزارییەکان، تاکو میللەت کەســـــایەتییەکی ســـــەربەخۆ و خاوەن پێناســـــەیەکی خۆی لە ناوچەکەدا هەبێت و بناسرێتەوە.

زانســـت و هونەر و ڕۆشـــنبیری ژێرخانی عەقڵیی نەتەوە پێکدێنن، کەســـایەتی مێژوویی و ناســـنامەی مرۆڤایەتی پێ دەبەخشێت، ئاستی عەقڵی سیاسی لە نێو نوخبەدا دروست دەکات و تیۆریای ســیاســی تازە دێتەکایەوە، بەڵام ئەوەی ئێمە هەمـانە گرنگی نەدانە و لاچەپکردنی ئەم بوارانەیە، بۆیە دەبینین ســــیاســــەتمەداری کورد لە نێو وتـارێکی ســــیاســــی پەککەوتە و خنکاودا خۆی نمایش دەکات کە نـاتوانێ هۆشـــی خەڵـک تێر بکـات و بـاس لە قووڵایی چارەنووســـیان بکات، تەنانەت لە پڕۆژەی دەســـتووری کوردســـتانیش زۆر بە دەگمەن و بە شـــەرمەوە باس لەو

لایەنە کراوە، ئەوەتا لە بەشـــی دووەم، مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشـنبیرییەکان، مادەی ٥٤ هاتووە: "یەکەم: حکومەتی هەرێم چاودێریکردنی زانست و ئەدەب و هونەر و هاندانی توێژینەوەی زانستیانە لە ئەستۆ دەگرێت".

لێرەدا حکومەتی هەرێم ئەو توانا و ئاستەی نییە زانست و ئەدەب و هونەر و ڕۆشـــنبیری ببووژێنێتەوە و هاریکاری توێژی ڕۆشـنبیران بکات و پاڵپشـتی ماددی و مەعنەویان بە شـــێوەیەکی دروســـــت و ڕێک بکـات، بەڵکو تەنیـا چاودێریکردنی و هاندان لە ئەسـتۆ دەگرێت، کە ئەویش لە بنچینەدا کـاری حکومەت نییە، کـاری حکومەت ئەوەیە کە ژینگەیەکی پاک و گەشەسەندنێکی ڕۆشنبیری و ئابووری، خزمەتگوزارییەکی یەکســان و ڕاسـتگۆ بۆ کۆی گشـتی خەڵک بهێنێتەدی و هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگا بەیەکەوە بۆ پلەی ســەروو بەرز بکاتەوە و گرنگی بە توێژی فیکری و هونەری بدات. ئەم گەشـــەســـەندنەی کوردســـتان کە بەشـــێوەیەکی زۆر نـاڕێک و نـا یەکســـان هـاتووە، بێ بەشداریکردنێکی تەواوی توێژی ڕۆشنبیر و هونەرمەندان هـاتووە، بۆیە دەبینین ســـیاســـەتی حکومەت و هەموو

حزبەکان بارودۆخێکی ئابووری سەرشێتانەیان دروست کردووە کە میللەت بە شێوەیەکی ڕاست و دروست سوودی لێ نابینێت، خاک و بەروبوومی وڵات لە لایەن هەندێ دەسەڵاتدار و حزبەکان مۆنۆپۆڵ کراوە، خەڵک بۆتە وەسیلەیەکی بەکاربردنی بەرهەمە هاوردەکان و دەوڵەمەندبوونی نوخبە سیاسییە دەسەڵاتدارەکە، کە زۆر دوورن لە هونەر و ڕۆشنبیری و لایەنە زانستییەکانی دی، هەروەها بەهرە و بەرهەمی داهێنانی توێژی ڕۆشنبیر و ئەدیب و هونەرمەندان نەبۆتە مایەی ژیان و گوزەرانییەکی شایستە، سەرەڕای ئەو سەرمایە و دەوڵەمەندییەی لە وڵات هەیە، ئەوەش بۆ حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە کە پێویستە و لە ئەستۆی ئەو دایە پڕۆژە و پلانی گەشەسەندن و بووژانەوەی ئەم لایەنە گرنگەی هەبێت. (دووەم: هەموو کەسێک مافی خۆیەتی بەشداری لە ژیانی ڕۆشنبیریدا بکات و سوود لە پێشکەوتنە زانستییەکان و پیادەکردنیان ببینێ و سوود لە پارێزگاریی یاسایی لەو بەرژەوەندییە ماددی و مەعنەویانەی بەدیهاتوون لە هەر کارێکی زانستی، یان هونەری یان ئەدەبی خۆی، وەربگرێت.)

ئەو یاساناس و پارێزەر و سیاسیانەی ئەم دەستوورەیان دارِشتووە، خۆیان لە چ پێگەیەکی کۆمەڵگادا دەبینن! چونکە مافی بەشـــداریکردن لە ژیانی ڕۆشـــنبیری و ســـوود وەرگرتن لە پێشـــکەوتنە زانســـتییەکان لە هەموو دنیا، دەســـتوور یا حکومەت بڕیاری لەســـەر نادات، بەڵکو لە بنچینەدا ئەوە مافێکی سرووشتییە، لەناخی هەر کەسێکدا هەیە بگرە لە منداڵەوە تاوەکو پیرێکی سەد ساڵان. ئەوەی لە دەستووردا جێگەی نییە، هەروەک لە وتاری سیاسی کورد (بە هەموو حزبەکانەوە)، پلەوپایەی زانست و ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیرییە کە کاریگەری گەورەی خۆی هەیە بەسەر واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەسەر عەقڵی دارِشتنی یاسا و ئاکاری سیاسی و بەسەر چەمکی مافی مرۆڤ و جوانی و جوانکاری وڵات و لێهاتوویی ئینسانی ئەم وڵاتە.

سیاسەتی فەرمانڕەوایانی کوردستانی بەگشتی و فیکری ســـیاســـی حکومەت بەتایبەتی، نەبۆتە ڕێڕەوێک بۆ بەرەوپێشـــچوونی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، ئەوەی پەیڕەو دەکرێت ئەنجامێکی دیاریکراوی

نییە، ئەزموونی مێژوویی لەســـەر بنیاد نانرێت، چونکە لایەنی زانســت و هونەر و ڕۆشــنبیری نییە و تاکو ئەمڕۆ حیسابی بۆ نەکراوە، هەر بۆیەش سیاسەتی کوردی لە نێو گۆڕەپــانی نێونەتەوەیی هیچ پێگەیەکی دیــاری نییە و کاریگەری خۆی بەســەر ســیاســەتی جیهانی نەنواندووە، بەڵکو بە عەقڵێکی سیاسی زۆر لاواز و سستەوە، هەمیشە وەک نەخۆشــێک کە بەزەییان پێ بێتەوە، خۆی نمایش دەکــات. ئەم دۆخەش بە شــێوەیەک کــارێکی نێگەتیڤی کردۆتە ســەر بواری هونەر و ئەدەب و ڕۆشــنبیری، کە ئەویش تاکو ئێستا کەسایەتی خۆی پێکنەهێناوە و ئەدیب و هونەرمەندان نەک لە جیهان و ناوچەکانی دەوروبەری وڵات، تەنانەت لەنێو کوردســتانیش لە لایەن حکومەت و سیاسەتمەدارانەوە، نەناسراون. بەم شێوەیە مێژووی هیچ لایەنێکی هونەری و ڕۆشــنبیری، یاخود شــارســتانی و ســیاســی دروســت نابێت، چونکە زنجیرەی بەردەوامیی داهێنان و پەرەســەندنی بوارە گرنگەکانی پێناســەی میللەت پچڕاوە و بۆشایی زەمەنی و فەوتانی قۆناغی تێکەوتووە.

٢٠١٣

## ئێستێتیکا دژ بە ئێستێتیکا

وەک لێکۆڵینەوەیەک لەم بوارە دەبێ باس لە شێوەی بینین و تێڕامان بکەین لە دەوروبەری سروشت و ئاکتی ئینسان بە هەموو لایەنەکانییەوە، ڕوخسار و هەڵسوکەوت، بیرکردنەوە، داهێنان و وەبەرهێنان، ئەنجامەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ. لە ئەنجامدا بەدیمەنکردنی بیر و هەستی ناوەوەی مرۆڤ بۆ نمایشکردنی لە دەرەوەی خۆی.

جیهان و ژیانی مرۆڤ هەردەم لە جوولەدایە، بە هیچ شێوەیەک وەستانی نییە و هیچ شتێکیش بەپێی زەمەن وەک خۆی نامێنێتەوە. چون سەردەمێکی پڕ و تیژڕۆیە وا لە مرۆڤ دەکات زۆر زوو ئەوەی دەیەوێت بەئەنجامی

بگەیەنێت، یاخود بەدەســـتی بهێنێت، هەروەها هەوڵدان بۆ ناســـینی ئەو شـــتانەی کە لە دەســـتی مرۆڤ ڕادەکەن، هەمیشـــە هێزێک لە ناخیدا هەڵدەچێت و دەیوروژێنێت و پـــاڵی پێوەدەنێ بۆ گەڕان، بەجوولەی دێنێ، ئەویش پێویســـتی بە ئەســـتێرەیەکی ڕێنیشـــاندەرە تاوەکو بۆی بڕوات.

لەبەر ئەوە ئینسان هەوڵی ناسینی حەقیقەت دەدات تاوەکو پەیڕەوی بکات بۆ گەیشتن بە "جوانی"، ئەویش گەیشتنە بە ئەوپەڕی مەعریفە .

مرۆڤ بۆ ئەوە دەژیێ تـاوەکو ببینێـت، بینین گرنگترین کەرســـتەی ئەوە بۆ بەردەوامبوون لە ژیـان، هەمیشـــە بەخولیـای شـــتی نوێیە، بە هیوای گۆڕانکـاری و بینینی جیاوازییەکانی نێوان هەموو توخمەکانی ژیانە، هەردەم لە ناخیدا چاوەڕوانی شتێکە کە پێشتر نەیبینیوە یا نەیناسیوە یاخود نەیزانیوە، هەموو کاتێک چاوەڕوانی جوانییە. وەک پلاتۆن دەڵێت " ئەوەی کە شـــایەنی ئەوەیە بۆی بژیت و ئەوە بهێنێـت، ئەویش تەئەمولکردن و چێژ وەرگرتنە لە جوانی."

هەســـــتکردن و چێژوەرگرتن لە جوانی ئەوە دەگەیەنێ کە لە دەوروبەری مرۆڤدا ناشــیرینیش هەیە، بۆیە ئێســتێتیکا لێکۆڵینەوە لە جیاوازی نێوان ئەو دوو جەمســـەرە دەکات کە کۆمەڵێک بنەما لە خۆ دەگرێت بۆ زانیاری و ناســـینی یاساکانی جوانی و پێداویستییەکانی رۆحیی ژیانی مرۆڤ. زاراوەی ئێســـتێتیکا Aisthesis لە گریکەوە دێت، واتە هەستکردن، (ئەم وشەیەش لە لایەن فەیلەسووفی ئەڵمانی Alexander Gotleb Baumgartenلە کتێبەکەی بە نێوی (کاردانەوە فەلسەفییەکان لە شیعردا) لە ساڵی ١٧٣٥، لە دواییدا لە کتێبەکەی بە نێوی Aesthetica لە ســـاڵی ١٧٥٠ هاتووە .Wikipedia بەم جۆرە ڕاشکاوانە دەتوانین بڵێین مێژووی ئێستێتیکا لەگەڵ (باومگارتن) دەستپێدەکات .

لە ســـەردەمی مۆدێرنیزم، لە وڵاتانی ئەوروپی، ئێســتێتیکا کەوتە نێو قەیرانێکی زۆر گەورەی فەلسەفی و هونەرییەوە، بە حوکمی ئەوەی کە پێشــکەوتنێکی زۆر گرنگ و بەرچاو لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی (پیشەسازی، تەکنۆلۆژی، بیناسازی و هونەری) هاتە ئەنجام. شار شێوەی سەنتەری کولتووری و سیاسی، ئەدەبی هونەرییەکانی وەک شانۆ و

سینەما و شێوەکاری و چەندان جۆر هونەری تری وەرگرت. هەڵسوکەوت و ئەخلاقی ئینسانی مۆدێرن ڕووگەیەکی دیکەی گرتەبەر، دوور لە چەقبەستوویی نەریتی مەسیحییەت و بیروباوەڕەکانی کشتوکاڵیی جوتیارانەی کەم جووڵە، عەقڵی بۆرژوازی بۆ بەرەو بەدیموکراتی و لیبرالیزم لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی دامودەزگاکان پەرەی سەند ، کە وای کرد چین و توێژەکانی دیکە زیاتر خۆیان دەربخەن و ڕۆڵی گرنگی خۆیان لە هەموو بوارەکاندا ببینن. دەوڵەت لە دین جیابۆوە، هونەر لە دین و دەوڵەت جیابۆوە و بوو بە کارێکی داهێنەرانەی شەخسی و سەربەخۆ، هونەر لە سیمای خودایی و پیرۆزیی سەردەمە کۆنەکانی خۆی ترازا و یاسا و ڕێساکانی ئێستێتیکای شکاند و کەوتە نێو بواری ئابووری و بازاڕی تایبەت بە هونەر هاتە کایەوە، لەم حاڵەتە هونەر ئازادییەکی ڕەهای وەرگرت لە فۆرم و ستایلی جیاجیا و بابەتی زۆری کۆمەڵایەتی بۆ چێژێکی بەرفراوانی میللی و هەوڵدان بۆ ڕاهاتن و گونجان لەگەڵ ڕوخسار و شێوە نوێیەکانی سەردەمی نوێ .

فۆرمی جوان ئەوەیە کە مرۆڤ لەگەڵ پێداویسـتییە رۆحی و واقیعییەکانی ئێسـتای ڕابێنێ، بینینی تێر بکات و چێژی بورووژێنێ لە پێناو هەسـتکردن بە بوون و بەردەوامی ژیان، ئینسـان هەمیشـە لە ژیاندا هەوڵی تەکامولبوونی خۆی دەدات، هەموو جۆرە ڕێگایەک بەکاردێنێ بۆ گەیشتن بەو مەرامە، واتە بەدوای ئەو پارچەیەیدا دەگەڕێت کە لێی جیابۆتەوە، یاخود لێی ترازاوە. ئێسـتێتیکا لە نێو هونەردا بەدوای ئەم پارچەیەدا دەگەڕێ و لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە ئینسـان ونی کردووە، لایەنە هەرە گرنگەکەی تێرنەبوونیەتی لە چێژی جوانی، لە کۆنەوە تا ناوەڕاستەکانی سەدەی هەژدەم ئێستێتیکا لێکۆڵینەوەی لە شێوازێک لە جوانیدا دەکرد کە دەبێ بەشێک لەگەڵ هەموو بەشەکانی تر ڕێک و گونجاو بێت، وەک ماتماتیک شتەکان لە سـەر یەک یاسـا بڕۆن و هیچ هەڵەیەکی ئەنەتۆمی یا پرەسـپێکتیڤی لە مرۆڤەکان و سـروشـتدا نەبێت، لە هەمانکاتیشـدا (حەقیقی و باش و جوان) بێت، بەڵام لە سـەردەمی نوێدا ڕێژەکان بۆ دیارکردنی جوانی دەگۆڕێن. ئێستێتیکا لە ناشیرینەکانیش دەکۆڵێتەوە کە بەپێی سەردەم

ڕەنگە لە ڕوانگەی هونەری نوێوە جوانی لە (ساختە و خراپ و ناشیرین)یش بەدی بکرێت.

حەقیقەتی ئینسانی ئەمڕۆ وەک کائینێکی عاقڵ هەردوو سێگۆشەکەی تێدایە و پەیڕەوی دەکات، بەتایبەتی لە نێو واقیعێکی وەکو ئەم سەردەمەی نوێخوازی پڕ لە گۆڕانکارییەکانی ژیانی و ئابووری و سیاسی، بنەماکانی جوانی و ناشیرینی وەک سەرەتایەکی ئەخلاقی زۆر شێوازی تری وەرگرتووە، ئەویش بە پێی سەردەم چەمکی ئێستێتیکا دەگۆڕێ، ئێستێتیکا دژ بە ئێستێتیکا هاتۆتە مەیدان و بۆتە مایەی دروستبوون و پەروەردەبوونی چێژی نوێ و چەمکی فیکریی هونەری و شێوازی جیاجیای فۆرمی لیبرالی لە کۆنتراستی ژیانی مرۆڤ لەگەڵ مێژوو و واقیعی دەوروبەر. کۆنتراست بەمانای ئاوێتەبوونی هەردوو سێگۆشەکەی جوانی و ناشیرینی لە نێو ژیانی ئینسانی نوێ.

سپی و ڕەش، وەک دوو توخمی سەرەکی و دوو جەمسەری گرنکی هونەر و ژیانە و دژ بە یەکن، کۆنتراستن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەمیشە بەیەکەوەن،

لەیەکتر جیا نابنەوە. ڕووناکی و تاریکی، ڕۆژ و شـــەو، ژیان و مردن هەمووی لەگەڵ ژیانی ئینســـاندا هاتووە و تەواوکەری یەکن، لێرەدا ئێستێتیکا ئەمڕۆ وەک فەلسەفەی جوانی لێکۆڵینەوە لە هەردوو سێگۆشەکە دەکات لە هونەر و ژیانی مرۆڤ لە نێوان هەردوو جەمســەرەکەی سـپی و ڕەشدا، دەیبەستێتەوە بە دەوروبەری نوێ و سروشت و کۆسمۆ، هەروەها بە سروشتی ئینسان لە چێژوەرگرتن و ڕاهاتن لەگەڵ جیهانی نوێ و شـۆڕشـەکانی تەکنۆلۆژیایی و جەنجاڵی شارستانیی مۆدێرن.

هونەری نوێی ئەم سەردەمە، چ هونەری مۆدێرن و پۆست مۆدێرنی وڵاتانی شــارســتانی و پێشــکەوتوو بێت، چ ئەو هونەرە نوێیەی کە لە وڵاتانی دواکەوتوو پەیڕەو دەکرێت، ئەنجامی ئەو ســەربەخۆییە گەورەیە کە هونەر بەدەســتی هێناوە و لە ئێســتێتیکای کۆن دابڕاوە، لە فیکرەی پیرۆزی و ئەخلاقی بەرز و فەزیلە و جوانی تایبەت بە کۆمەڵگایەک پچڕاوە، بەڵکو وەک توخمێکی ئەبستراکت، شتێک ئەنجامی داهێنانێکە، بەتەنیا خۆی نمایش دەکات و پەیوەندی بە بینین یا گوێگرتن یاخود خوێندنەوەی شــیعردا هەیە. ئەو

جوانییەی کە پیشـانی دەدات مەرج نییە چاک و پڕ سـوود بێت، یاخود حەقیقی بێت، بەڵکو لە ڕێگەی هەسـتەکانی مرۆڤەوە چێژێکی سـەربەخۆ دەبەخشـێت کە پێشـتر نەیبینیوە، بە شـێوەیەکی تر هونەر هەڵگری هیچ ناوەرۆکێکی مانادار و فیکریی ئینسـانی نییە، پەیوەندی بە حەقیقەت و ئەخلاقیشـەوە نییە، بەڵکو خۆی لە خۆیدا کـائینێکی جوانی زینـدووی دەرەوەی مرۆڤە، وەک سروشت. لێرەدا ئێستێتیکا وەک فەلسەفە کە کۆمەڵێ یاسا و ڕێسای بۆ هونەر دانابوو ئێستا تووشی تێکشکان بووە، لە چوارچێوە پیرۆزییەکەی مۆزەخانە و کۆشـک و تەلارە سەرنجڕاکێشەکان دابڕاوە و کەوتۆتە نێو کۆمەڵگای سەر شەقام و لە چێژی هەموو چین و توێژەکان نزیک بۆتەوە.

لە وڵاتە پێشـکەوتووەکان زنجیرەی مێژووی هونەر بە پێویسـت، وەک دین ڕەوتی گرتبوو، هەمووی لە پێناو (حەقیقەت و جوان و بەکەڵک)دا بوو، ئەوەی دروسـت دەکرد کە لەگەڵ ڕۆحی ئینسـانی ڕێک و پڕاوپڕ لە جوانی سرووشتی و (خودایی)دا بوو، کەچی لە سەردەمی نوێدا، هەر لەسـەرەتای مۆدێرنیزمەوە تاوەکو ئەمڕۆ، جوان

سـنووری تەسـک بۆتەوە و ناشـیرین پانتایی فراوانی داگیرکردووە. زۆر شت لە سـەردەمە کۆنەکان هەبووە بە پێی چێژی کۆمەڵگا ناشـیرین بووە، ئەمڕۆ بە جوان سـەیر دەکرێت. لێرەدا ئێسـتێتیکایەک هەیە دژ بە ئێسـتێتیکا، کە لەنێو دەوروبەرێکی دژوار و جەنجـاڵ، پڕ لە کێشـەی ئینسـانی، زاڵبوونی واقیعێـک کە حەقیقەت تێیـدا تەواو بزربووە و هەڵخەڵەتـاندنی چـاو و هەسـتەکـان جێگەی پێوەرە ئێسـتێتیکییەکـانی گرتۆتەوە، ئەوانە هەمووی لەبەردەم مرۆڤدایە و بە جوان بۆی دانـدراوە و لەگەڵیدا ڕاهـاتووە. بۆ نموونە، تـابلۆیەکی ڕافـاییـل بە تـابلۆیەکی ئەبسـتراکتی کاندینسـکی بەراورد بکەین، یاخود تابلۆیەکی ڤێلاسـکیز بە کارێکی تاپێس بەراورد بکەین، ئەوەی یەکەم چ ڕافاییل چ ڤێلاسکیز بە میزانی ئێستێتیکی کلاسیکی زۆر ڕێک و پڕ دیقەت و بە هەسـت و هۆشـێکی بلیمەتانەی خودایی زۆر مەزن ئەنجـام دراوە، کەچی ئەوی دیکەیـان وەک کاندینسـکی و تاپێس بەبێ هیچ یاسـا و پێوەرێکی ئێستێتیکی و ڕەچاوکردنی چێژی جوانی ڕۆحی کلاسیکیی کۆمەڵایەتی ئەنجام نەدراوە.

لەڕووی نوخبەییەوە ئەوەی دوایی ڕەنگدانەوەی رۆحی ئینسانی سەردەمە کە ویستگەیەکە لەو زنجیرە مێژووە هەزاران ساڵەی ئەزموونی ئینسان و هەموو گۆڕانکارییەکانی فیکری و هونەری لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ، بۆیە ئەویش ڕەوایە و دانی پێدا دەنێن.

چەمکی چێژ لە وڵاتانی پێشکەوتوو و بەرهەمهێن ڕۆژ بە ڕۆژ لە گۆڕاندایە، دەیەوێت هەموو هونەرەکان، تەنانەت کەلوپەلی بەردەست و جلوبەرگەکانیشیان هەمیشە بە دیزاینی نوێ و شێوازێکی نوێتر لە هی دوێنێی بگاتە دەستیان. چێژی نوێی سەردەم چێژی مرۆڤی بێ ئۆقرەیە و جێگیر نییە، ئەمەش جوولەیەکی تازەگەریی و عەقڵێکی بەرهەمهێنی نوێ و دابینکردنی شێوە جیاوازەکان بۆ تێربوونی چێژی نوێی کۆمەڵگا و ئابوورییەکی نوێ دەهێنێتەکایەوە.

لە سەردەمی ڕێنسانس هونەر وەک ڕوخساری خودا هەژمار دەکرا، واتە هەموو جوانی نێو تابلۆ و پەیکەرەکان تەنیا داهێنانێکی مەزنی هونەرمەندەکە نییە، بەڵکو جوانی و گەورەیی و بێ پایانیی خودایە بەڕێگای ئەو توانا

ئینســـــانییە دەگاتە بەر چـاومـان، بۆیە پیرۆزە، بەڵام لە ســـــەردەمی مۆدێرنیزم، کۆمەڵگـای بەکـاربەر بە هەموو ســـــەرقـاڵی و تیژڕۆیی خۆی، هێـدی هێـدی ئەو رۆحە خوداییەی وەلانا و بەرەو واقیعێکی بەرچاو و بەردەســـــت ڕووگەی گرت، ئەویش گەیشـــــتە ئامانجێک کە لای مرۆڤی نوێ مردنی هونەرە، بەو مـانـایەی ڕێنســـــانس و چەمکی ئێســتێتیکای کلاسـیکی، تا قۆناغی ڕۆمانتیکی، لە پاش ئەوە بۆ بەرەو ئێســــتامان هیچ تایبەتمەندییەکی پیرۆز یا گرنگ لە بەهرەی هونەری و رەِنگدانەوەی سیما و مەزنی خودا نەهاتۆتە کایەوە .

واقیع بێ جوانی

ئێســتێتیکا، وەکو گوتمان فەلســەفەیەکە جوانییەکان لە نێو یاســـایەکی ئینســـانیدا تاووتوێ دەکات و لە هونەرەکاندا بەدیاری دەخات کە زیاتر پەیوەندی بە وجوودی ئینسانەوە هەیە، سرووشتیش سەنتەری بابەتەکەیەتی، قۆناغ هەیە لە هونەر و ئەدەبدا دەڵێت جوانی لە هەموو شـێوەیەکدا هەیە ئەگەر نـاشـــــیرینیش بێت. بۆ نموونە: مرۆڤێکی شـــــێوە ناشـــــیرین، بەڵام ئەخلاق و فیکرێکی زۆر جوانی هەیە، یا

تابلۆیەکی ناڕێک و ناشـیرین لەڕووی تەکنیک و شـێوەوە، بەڵام مـانـایەکی بەرزی هەیە... ئەوە ئەگەر لە ڕوانگەی ئێسـتێتیکییەوە تەماشـای شـتەکان بکەین، بەڵام پرسـیاری زۆرمـان دێتە پێش کە پەیوەنـدی بە بنەمـا و هۆیەکـانی جوانی و ناشـیرینی هەیە، وەک بڵێین ئایا لە جەنگدا جوانی هەیە؟ یـا لە بـارودۆخێکی کۆمەڵایەتی ژێردەسـتـەی دیکتاتۆری و کوشتن و بڕینی سەری خەڵک جوانی هەیە؟ یـا لە نێو ئـایینێکی دواکەوتوو، دژ بە ژیـانی مرۆڤ و هەموو جوانییەکانی، ئێسـتێتیکا لە چ کونجێکی سـیسـتەم دایە؟ یـا لە نێو کۆمەڵگـایەکی سـەرقـاڵ و هەژار کە سـیسـتەمێک بەڕێوەی دەبات هەمووی گەندەڵ و دز، بێ ڕەحمـانە بێ ئەوەی بەزەییـان بەهیچ کەسـێک بێتەوە سـەروەت و سـامانی سـرووشـتی و هێزی مرۆیی بۆ کەسـایەتی پووچی خۆیـان تەرخـان دەکەن، هونەرێکی جوان و ئێستێتیکایەکی ئینسانی دێتەکایەوە؟

ئێسـتێتیکا کە فەلسـەفەیەکە لە جوانی نێو هونەرەکان دەکۆڵێتەوە و بەرزی دەکاتەوە بۆ زیاتر چێژبەخشین، ئەوا لەو کۆمەڵگایەی کە مێژووی هونەر و فەلسـەفەی نییە، یا

زۆر کورت و بێ کەڵکە، چێژی کۆمەڵگا لە جوانی تووشـی سـەرلێشـێواوی و نەزانی و نەفامی دەبێت و جوانی و ناشـیرینی لێک ناکاتەوە، ئەوەش لە باری ڕاسـتەقینەی هونەر ڕەنگدەداتەوە. زۆر جار مرۆڤ بەپێی بەردەوامی ڕیتمی بابەتی ناشیرین و نالەبار، ناڕێک و نەشاز کە زیاد لە پێویست لە دۆخێکی ساختە و درۆ و بێ کەڵک، بەرەو ڕووی دێت، لەگەڵی ڕادێت و بە جوان دەبینێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەوپەڕی نغرۆبوونی ئێستێتیکایە و هەرەسـهێنانی هۆشـی مرۆڤە، بۆیە لەم ناوچە دواکەوتووانە، مرۆڤ هەموو زەحمەتییەکان وەلا دەنێت و لە ڕاستییەکان ڕادەکات، خۆی بەوە خەریک دەکات کە وەهمی هیوا و ئاواتییەتی نەوەک هەوڵدان بۆ گەیشـتن پێی .

٢٠١٥

## سەرچاوەکان:

1- Kandinsky, De lo Espiritual en el Arte, Barcelona 1983.

2- Antoni Tapies, La Realidad Como Arte, Murcia 1989.

3- Hans- Georg Gadamer, La Actualidad De Lo Bello, Barcelona 1991, Introduccion de Rafael Argullo.

4- Vincent Van Gogh, Cartas a Theo, Barcelona 1991.

5- Chantal Maillard, El crimen perfecto, Madrid 1993.

6- Jose Ortega y Gasset, La Deshumanizacion del Arte, Madrid 1996.

7- Jose Jimenez, Imagenes del hombre, Madrid 1986.

8- Historia de la estetica, De Wikipedia, la enciclopedia libre.

9- رشيدة التريكى، فلسفة الحداثة.

10- داريوش شايغان، ماالثورة الدينية، الحضارات التقليدية فى مواجهة الحداثة، دار الساقى بالاشتراك مع المؤسسة العربية للتحديث الفكرى، 2004.

11- دەستووری کۆماری عێراق، دیباجە، ئۆگۆستس 2005.

12- ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق، پڕۆژەی دةستووری هەرێمی کوردستان- عێراق 22/ 8/ 2006.

